قوڕینگە کۆچەرییەکان

قورینگە کۆچەرییەکان

نووسینی
چەنگیز ئایتماتۆف

وەرگێڕانی
گوشاد حەمە سەعید

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی
گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **قورینگە کۆچەرییەکان**
- **نووسینی:** چەنگیز ئایتماتۆف
- **وەرگێڕانی:** گوشاد حەمە سەعید
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** هۆگر سدیق
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم ٢٠١٢**
- **تیراژ:** ١٠٠٠دانە
- **چاپخانە:** وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٨٣٧)ی ساڵی (٢٠١٢) پێدراوە.**

زنجیرەی کتێب (٦٧٠)

ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی
رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێنەوە
www .Kurdchap.com

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

لەمەر ژیان و کارەکانی ئێیماتۆڤ بەکورتی

ئێتماتۆڤ ساڵی ١٩٢٨دا لە گوندی (شەکەر)ی سەر بە ناوچەی (تالاس - تال)ی گرگیزستان لەدایك بووە، نەنکی بۆ ئەو گەنجینەیەکی گەورەو دەوڵەمەندی ئەفسانە و گۆرانیی کۆن و شیعرو راستییەکان بووە.

زۆرجاران لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو (هەواران)ـەی بردووە، کە ئاژەڵدارییان تێدا کردووە. بنەماڵەی ئێیتماتۆڤ لە ساڵی ١٩٣٥دا بەرەو مۆسکۆ گوێزراویانەتەوە، ئەویش لەوێدا دەچێتە قوتابخانە. باوکی لە یەکەمین کۆمۆنیستەکانی گرگیزستان بووە، هەروەها دایکیشی ژنێکی رووناکبیر و بیرکراوە بووە.

چەنگیز لەناو بنەماڵەکەیدا دەرفەتی خوێندنەوەی رووسی و فێربوونی ئەو زمانەی بۆ رەخساوە. لە ساڵی ١٩٣٧دا خێزانەکەی رادەکەنەوە بۆ گیزستان، چونکە باوکی دەبێتە قوربانیی ئیسلاحاتەکانی ستالین و، لەوێدا لەژێر باری هەژارییەکی سەختدا ژیانیان بەسەر بردووە. لە ساڵی ١٩٤٢دا بەهۆی جەنگەوە دەبوو واز لە قوتابخانە بێنێ و زۆر کاروباری جیا جیا لە بەڕێوەبەرایەتیی گوندو دەوروبەرەکەیدا بگرێتە ئەستۆ، بەڵام لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگ بۆی لواوە، کە دووبارە بخوێنێتەوەو قوتابخانە تەواو بکات.

لەساڵی ١٩٤٦- ٤٨دا قوتابخانەی تایبەتیی قوتابیە veterinafachschule) بەتەمەنەکان)[1]ی لە دچەمبل دا خوێندوویەتی. لەسەروبەندی ئەو کاتەدا دەست بە نووسین دەکا. لەپاشان دەچێتە کۆلێژی کشتوکاڵی کرگیزستان و ماوەی پێنج ساڵ لەشاری (فرۆنس)دا دەخوێنی، لەساڵی ١٩٥١ ەوە کاری رۆژنامەوانیشی کردووە. دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی لە نێوان (١٩٥٣-١٩٥٦)دا لە کێڵگەی تاقیکردنەوەی ئاژەڵاندا کاری کردوە تاساڵی ١٩٥٦.، کە بەرەو پەیمانگای ـ ماکسیم گۆرگی ـ ئەدەبی بۆ مۆسکۆ دەگوازێتەوەو ئەم نووسەرە لاوە ماوەی دوو ساڵان لەوێدا دەخوێنێ، لەو سەردەمەشدا یەکەم چیرۆکی (چاو بەچاو دەکەوێتەوە) دەنووسێ.

لەساڵی ١٩٥٨دا جوانترین چیرۆکی خۆشەویستیی دنیای بەناوی (جەمیلە) نووسی و ئەمەش تێزی خوێندنەکەی بوو.

---

(١) دیارە بۆ ئەو قوتابیانە بووە کەلەبەر باری جەنگ لە قوتابخانە هاتونەتە دەرو دوای جەنگ خوێندویانەتەوە.

چاپبوونی ئەم دوو چیرۆکە لەبەر زۆر هۆی سیاسی مشتومڕێکی زۆری لەسەر کرا. چیرۆکی (چاوبەچاو دەکەوێتەوە) لەگەڵ بەیەکداهاتنی لەگەڵ پاڵەوانێکی لە خزمەتی سەربازی راکردودا.

(جەمیلە)ش وەك هێمای ئافرەتێکی verstender suall تێگەیشتوو، کە یاساو سنوورە قەدەغەکراوەکان دەبەزێنێ. لە ساڵی ١٩٥٩دا دەبێتە سەرنووسەری رۆژنامەی (لیتراتۆری کرگیزستان). لە ساڵی ١٩٦٠ەوە ئێتماتۆڤ وەك پەیامنێری تایبەتی رۆژنامەی (پراڤدا) لە ناوەراستی ئاسیاو کازاخستان کار دەکا. لە ساڵانی دواتردا تاقیکردنەوەی ئەو چەند ساڵ کارەی لەم بوارەدا، دەبێتە هەوێنی چیرۆکەکانی.

لە ساڵی ١٩٦٣دا ئێتماتۆڤ خەڵاتی (لینین)ی ئەدەبی و هونەری وەردەگرێ، لەساڵی ١٩٦٨، ١٩٧٧، ١٩٨٣ دا خەڵاتی دەوڵەتی یەکێتی سوڤێتی وەردەگرێ. لەساڵی ١٩٦٧ـەوە ئەو لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (نوێ میرـ میری نوێ)دا کاری کردووە، لەساڵی ١٩٧٤ەوەش ئەندامی ئەکادیمیای زانستەکانە لە کرگیزستان.

تا ساڵی ١٩٦٥ چەند چیرۆکێکی وەك (تۆ دار چنارەکەم Dumeine pappel) هەروەها (ماڵئاوایی لە گولساری) و، تا ساڵی ١٩٧٠ (کەشتی سپی) نووسیوە، کە ئەمەش ئەوسا مشتومڕێکی زۆری ناوە، ئێتماتۆڤ لەم رۆمانەدا لەشێوازی پێشووی نووسینی لادەداو شێوازێکی تێکەڵ بەئەفسانە دەهێنێتە ناو کارەکانییەوە.

بڵاوبوونەوەی رۆمانی (رۆژێك لە تەمەنێك درێژتر) مشتومڕێکی توندتر دەنێتەوە، چونکە لەم رۆمانەدا زۆر بابەتی (کۆنترۆ ڤێزە) دژبەیەك باس دەکا.

رۆمانی (Der Richtplatz) وەك یەکەم زەنگی ئەدەبی دادەنرێ، کە پێشبینێ پیرسترۆیکا دەکا.

لە ساڵی ١٩٨٨ تا ساڵی ١٩٩٠ ئێتماتۆڤ سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کرگیزستان بووە، لەساڵی ١٩٨٩دا ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای گەلی سۆڤیەت بووە، لەساڵی ١٩٩٠ەوە وەك باڵیۆزی وڵاتی سۆڤیەت دەچێتە لوکسومبۆرگ. لەهەمان ساڵدا رۆمانی (هەورە سپیەکەی چەنگیزخان Daisaku lkeda لەساڵی ١٩٩٤ەوە خەڵاتی دەوڵەتی نەمسایی بۆ ئەدەبی ئەورووپی وەردەگرێ. لەساڵی ١٩٩٥ەوە دەبێتە بالیۆزی کۆماری کرگیزستان لە (بروسل). ساڵی ١٩٩٨ یاداشتەکانی خۆی بە ناوی (سەردەمی منداڵ لە کرگیزستان)دا چاپ دەکا.

وەرگێڕانی: گوشاد حەمە سەعید

لەکتێبی Fruhe Ktaniche

چاپی Union velag 2006

دلێرەکانی دەشتی ئاکسای

لەسەردەمی جەنگی گەورەی جیهاندا... لەوپەڕی قوولاّیی هەرەدواوەی بەرەکانی جەنگدا کارو فرمانە ئەزەلیەکانی ئەو پیاوانەی بۆ بەرەکانی جەنگ چووبوون، کەوتە ئەستۆی ژنان و هەرزەکاران، تا دەگاتە منداڵانیش، منداڵە بەستەزمان و زەحمەتکێشەکان، منداڵی گوندی (ئائیل)ی گرگستانی دورەدەست، کە دەبوایە لە قوتابخانە بخوێنن و لەمەڕ وولاّتانی دوورو پڕ لە نهێنی و ئەفسانەیی بە ئارامی خەریکی خوێندن و وەدەستهێنانی زانست و زانیاری و وانەی دژواری ژیان و وێناکردن و بیرکردنەوە بن.

بەلاّم لەسەر داواکاریی ڕێبەری کۆڵخۆز، قوتابخانەیان بەجێهێشت و کەوتنە دوای (ئەسپان)ەوە و بەکاروباری جووت و کێڵ و شۆبڕین و وەرزێرییەوە خەریك بوون، چونکە وولاّتەکەیان پێویستی بەنان بوو. دابینکردنیشی ببووە ئەرکی سەرەکیی سەرشانی ئەوان.

چەنگیز ئیتماتۆڤ لەم ڕۆمانە بچووکەیدا باری زۆر دژواری ئەو ڕۆژانەو ژیان لە ناو (ئائیل)ێکی نەختێ گەورە و دوور لەبەرەکانی جەنگ زیندوو دەکاتەوە بە تەرزێکی دیارو هەستپێکراو باری ترسناکی کۆلخۆز و ژیانی خێزانیی پیاوێکی کۆلخۆزی، کە بۆ بەرەی جەنگ چووە و منداڵە بچووکەکانی، کە هێشتا هەر قوتابین: سوڵتان مراد و ئاجی مرادی بەجێهێلاوە، لەم ڕۆمانەدا ڕەنگ دەدەنەوە.

سوڵتان مراد کەسی بنەڕەتیی ڕۆمانەکەیەو، برای بەراستی منداڵانی کەمێ لە خۆی گەورەتر بوو، کە لەبەرەکانی جەنگدا دژی فاشیزم لە جەنگێکی هەلاکەتباردا بوون و بەشێکی زۆری ئەوانە لە جەنگ بۆ گوند و دێهاتە رووسی و ئائیلە گرگیزەکان گەڕانەوە و ئەگەر جەنگ ساڵێك دوانی دیکە درێژەی کێشابا نۆرەی سوڵتان مراد و برایەکەیشی دەهات بچنە بەرەکانی جەنگەوە. بەلاّم ئەوان ئێستاکە لە بەرەکانی دواوەی جەنگدا ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ دەکرد. لەوێدا ڕەنجیان دەداو زەحمەتیان دەکێشا.

عەشق و سووتانی خۆیان نیشان دەداو فیداکارانە و بەگوڕو توانای لەمرۆڤ بەدەر دا کاریان دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا بەر لە جەنگ ئەوان هیچ شتێکی بەرچاویان لەلایەنی خۆشی و خۆشبەختی ژیانەوە نەبوو بەلاّم لەبەر کاریگەری تفت و تاڵیەکانی، کە لە جەنگەوە

سەرچاوەیان دەگرت سەردەمی زوو لە یادەوەریەکانی سولّتان مراددا وەك سەردەمێکی خۆش و پرشنگدار دەیان نواند.

سولّتان مرادێك، کە دلّی هەر بەباوکی خۆش بوو، و ماوەیەك بوو یان هەر بۆ هەمیشە، لە ئائیلی مالوف[٢] دوور کەوتبۆوە.

سەفەرێکی زۆر پێشتریّ ئەو بۆشار، رێگای دوورو درێژی چۆل و بیابان لە هاویندا، یادەوەری و هەستەکانی، کە لەدیتنی شار و کڕینی کەلوپەل لە زیهنی مندالآنەی ئەودا وەك گیانلەبەرێکی زیندوو نەخشی کێشابوو. بەلاّم ئەوانە هەموویان پەیوەندیان بەڕابردووی ئەوەوە هەیە. ئێستا لەم سەردەمەدا سەرماو سۆڵەیەکی بێداد حوکم فەرمایە و زۆپا لەناو پۆلدا دووکەلّ دەکا و، خانمی مامۆستاش زۆر نیگەرانی کوڕەکەیەتی، کە دەمێکە بۆ بەرەکانی جەنگ چووە، بەلاّم ئەوەی، کە پەیوەندی بە ئایندەوە هەیە واقعێکی دژوارو چاوەدێری ئەسپان، بارینی بەفرێکی ئەستوور لەم چۆلّ و بیابانە و کارو زەحمەتێکی تواناپڕۆکێنی زەوی کێلان دەبێ. سەرئەنجام چیرۆکەکە بەم تراژیدیایانەو کۆتایی پێ دێ، کە سولّتان مرادی پالّەوانی سەرەکی رۆمانەکە لەسەر لاشەی ئەسپەکەی باوکی کە ناوی چاپدارە بە ورەو توانایەکی خۆڕاگرانە، تاك و تەنیایی لەگەلّ گورگاندا ئامادەی پێکهاتن دەبێ، نووسەر قوتابیانی چوست و چالاکی کۆلخۆزی بەر لەتەمەنی ئەم کارەیان کە بتوانن لە کێڵگەکانی ئاکسایدا کار بکەن بە سرووشتێکی حیماسیەوە ئامادەکردووە، مندالّە ناوبراوەکان لەحەساری گەوڕ و سەر ئاخوڕی ئەسپان ریزیان گرتووە بە بیستنی قسە گەرم و خێرخوایەکانی (تین عەلۆف)ی سەرۆکی کۆلخۆز، وەفادارانە و بە خۆشحالّیەوە چاویان لە نیگای ئەو دەبڕی، ئامادەی جێبەجێکردنی هەموو فرمانێکی ئەو بوون. سەرۆکی کۆلخۆز وەبگرە وەك خودی ماناس بەیالّ و گورزە خۆلّەمیشی و بەژن و بالاّ و سەروسەکوتە ترسناکەکەی و زرێپۆشی وەستا بوو و مندالّەکانیش بەرانبەری ئەو (کە سەرۆکی کۆلخۆزە) وەك پالّەوانە وەفادارەکانی ماناس قەلّغان لە دەست و شمشێر لەبەر پشتی دەهاتنە بەرچاوان. ئەو پالّەوان و کوڕە دلێرە پڕشانازیانەی، کە جێی ئومێدی ماناس بوون، کارەکانی خۆی بەوان سپارد بوو کێ بوون؟ بەر لەهەمووان پالّەوانی بەنێوبانگ سولّتان مراد بوو. هەرچەندە لەوانی دیکە بە تەمەنتر نەبوو و تەمەنی تەنیا (١٥)سالّ بوو، لەگەلّ ئەوە ئەم سولّتان مرادە کوڕی بەگ بای لەبەر عاقلّی و

(٢) ئائیل: رەنگە شارەدێ (ناحیە)بێ.

پڕهۆشی و دڵ گەورەیی و بوێرییەکەی، بەسەرۆك دانرا. پاڵەوانی دووەم ئاناتای پاڵەوانی جێی شانازی هی سێیەم لاوێکی سەرنجڕاکێشی بەنێوی ئارکین بەگ و هی چوارەم ئارگش بوو پاڵەوانی پێنجەم ناوی قوباد قول بوو.

یەك پۆلە پاڵەوانی ئەوها بەرانبەری تین عەلیێف وەستابوون! لەپشت ئەوانەوە لەو دیو شان و شەپیلکە لاوازەکانیان لە پشت سەری ئەوانەوە، کە لەسەر ملێکی لەڕو لاوازەوە گیربوو بە درێژایی ئاخوڕە دوورو درێژەکەی پێنج دەستەی چواری هێستری وەستابوون، کە دەکاتە بیست هێستر، کە دەبوایە بە هەوجاڕی دووگاسنەوە ببەسترێن و بەرەو ئاکسای بچێن.

هێشتا ئەوان ماویانە زۆر گەنجن وبگرە منداڵیشن بەلاّم هەموو ئومێدێك بەوانەوەیە چونکە لە کۆڵخۆز دا جگە لەوان کەسێکی دیکە نییە، کە پشتی پێ ببەسترێ و هەروەکو تین عەلیێف دەڵێ: (جووتیار هەمیشە هەست بەترس دەکا و قۆڵیشی لێ هەڵدەماڵێ و هەمیشەش هەر ئۆمێدەوارە). هەرچەندە ئەوان زۆر گەنجن بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا بەهێز و توانان، لەبەر ئەمە، کە هەر لەسەر ڕێچکەو پیشەی باوکەکانیانن و ئەسپەکانی باوکیان پێ سپێردراوەو زەویە بەهاریەکان بۆ شۆبڕین چاوەڕێیان دەکا ئەوکەسانە لاپەڕەیەکی زۆری ئەم چیرۆکەیان پڕکردۆتەوەو باشترینیشیان ئەو هەستانەی سوڵتان مراد و میرزا گولی هاوپۆلیەتی ئەو هەستانەی تازە لە کنیان سەری هەڵداوە و بێدار بۆتەوەو هێشتا هەر منداڵانەن و بە ئاڵۆزی و دژواری پەیوەندیە منداڵانەییەکان پەیوەندیی بە ئاناتاوە هەیە. ئاناتای لەهەموو منداڵەکان بەتەمەنتر بوو، کەمێ توند خووەو بەلاّم بەگشتی کەسێکی خراپ نییە. پرسەی باوکی ئاناتای، کە لەجەنگدا کوژراوە دەبێتە بۆنەیەك ئاشتبونەوەی سوڵتان مراد و ئاناتای لێدەکەوێتەوە، کە زۆر کاریگەرە، بەلاّم ڕەنگە باشترین و جوانترین لاپەڕەکانی ئەو داستانە ئەو لاپەڕانە بن، کە کوڕەکان خەریکی شۆبڕین و کێلانی زەوین لە چۆڵ و بیابانی ئاکسای سەرد و سڕدا. لەو شوێنەدا لە پێشی هەرە پێشەوە سوڵتان مراد و بەدوای ئەوەوە لە ماوەی دووسەد هەنگاوێك دا ئاناتای و، ئینجا ئارکین بەگ هەرسێکیان لەیەك ڕیزدا بۆ ماوەی نیو کیلۆمەتر زەویان دەکێلاّ ئەو ڕۆژە ئەوان بەتەنیا لەم زەوی و وەردانەداکاریان دەکرد. سێ جووتێرو کێوی گەورەگەورە لەبەر سێ جووتێر چۆڵ و هۆلاّییەکی زۆر لەپشتیانەوە لەم بیابانەدا کار دژوار و سەخت بوو، تاقیکردنەوەی گیروگرفتان چاوەڕێی ئەو کوڕیژگانەی دەکرد. سوڵتان مراد ڕووبەڕووی بارێکی سەخت ببۆوە، کاتێك کەمنداڵەکان خەریکی جووت و کێڵ بوون لەو دەوروبەرانەدا کەسانێك کەهەر دەڵێی دڕندەن و بۆنی نێچیریان کردووە، دەکەونە هات و چۆو

هاتوچۆکانیان ئاسایی نییە. ئەوان چاوەڕێی دەرفەتن. هەر کە لەئاسمانی ئەو دەشت و دەرەدا یەکەمین دەستەی قولێنگان لە ئاسماندا دەکەونە زریق و باق، کوڕەکان گاسن و هەوجاڕەکانیان بەجێدەهێڵن و بەرەو ئەو جێ و شوێنە ڕادەکەن کە قولێنگەکانی لێدەنیشنەوە. لەو نزیکانە لە کەندەڵانێکدا چاوێکی قایم و بێ بەزە بەبێ ترووکان چاوی لەسەر سێرە هەڵناگرێ و یەك لەدوای یەکدا سێرە لەسەر سێ قولنگان دادەگرێ. هەر ئەو چاوە بەو پەڕی بێزاری و نەفرەتەوە لەسەری سێرەی تفەنگەکەوە دەڕوانێتە کوڕێژگەکان، کە بەرانبەری لوولەی تفەنگەکە بەرەو قولێنگەکان رادەکەن. ئەم میوانە ناوەختانەی ئەم ئاقارو چۆڵاییە منداڵەکان ناکوژن. ددانی خۆیان بۆ ئەسپە خڕو پڕەکانیان دەسوونەوەو شەو چواردانەیان لێدەدزن. سوڵتان مراد ئەم پاڵەوانە بێ باکە بە سواری چاپدارەوە سەرادوویان دەنێ و لەم کاتەدا گوللەی دزو جەردان ئەسپەکەی ئەو دەپێکێ... .

بەڵێ ئەم رووداوە دوور لەبەرەکانی جەنگ، لە هێڵەکانی دواوە لە چۆل و هۆڵاییەکانی ئاکسای روو دەدا، چونکە لەو شوێنەشدا وەك بەرەکانی جەنگ دەستی بەکار خاراو و دڵی پڕ مەردایەتی پێویست بوون، لەبەر ئەوەی لەم شوێنەشدا خەبات و تێکۆشان و ژیان، پڕ لە نامرادی و تەنگ و چەلەمە و کارەسات بوو. ئەم بارە بێ هۆ نەبوو، جەنگێکی گەورە رووی دابوو. جەنگێك کە ئامادەگیی قوربانیدان و دلێری لە دڵی خەڵکیدا پەروەردە دەکرد و باشترین منداڵانی (ئائیل) ئەمەیان سەلماند.

ئێستا لەبارەی پەلەکردنی پێگەیینی جەوانانەوە، کە رەنگە بەتەواوی لەگەڵ واقیعدا هەماهەنگ بێ خواستی خۆیان دەڵێن و دەنووسن. لەهەمان کاتدا گومان لەوەدا نییە، کە لە پێگەیشتنی کۆمەڵانی لاواندا، لایەنی دواکەوتووش هەیە، کە هەمیشەش بە شێوەی قەناعەت پێکردن رێنمایی دەکرێ. لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە بەسە، کە سەرنجێك بدرێتە رێڕەوی سالانی جەنگ تاکو زۆر لایەنی لێ رۆشن ببێتەوە.

هەر ئەو سوڵتان مرادە پانزە ساڵە، وازی لە قوتابخانەی هێناوە و ئەو پۆلەی بەجێهێشتووە، کە کیژۆڵە ژیکەڵەکەی تێدا دەدیترێ، شانی داوەتە بەرکاری زۆر دژوار بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵەو کۆکردنەوەی خەلەو خەرمان، بەم کارە ئاشنابوو و بەگژ رێگرانیشدا هاتەوە. ئەو لە کارو چاودێری و سەرپەرشتیەکانیدا ئەرکەکانی خۆی نەك وەك لاوان بەڵکو وەك پیاوان بەدەر خست، پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی پێشوەختی ئەو لەچاو تەمەنیدا زۆر پێشکەوتووە.

نووسەر لەم داستانە بچووکەیدا لەوەدا سەرکەوتووە، خواستێکی زۆر و زەبەنگ ئاشکرا بکاو نەك تەنیا لە دەوروبەری دژواری ئەو رۆژانەدا رەنگی پێ بداتەوە، بەڵکو لەنێو ئەوساکە و ئێمرۆدا پردێك دروست بکا، پردێك، کە پێویست دەکا و دوو رۆژگار و سەردەم بە بیرو ئایدیای باش پێکەوە ببەستێتەوە.

واسیل بێگۆڤ:

خاتوونی ماموستامان ئینسکەمان ئاپای لەسەرمانا خۆی لەناو شاڵێکی خوریی درشتچنراو پێچابوو، لەوانەی جوگرافیا و لەبارەی سەیلانەوە ئەو دوورگە ئەفساناویانەی، کە کەوتبووە ناو ئۆقیانووس لە نزیك کەنارەکانی وولاتی هیندوستاندا قسەی دەکرد.

ئەم سەیلانە لەسەر نەخشە لەژێر وولاتی هیندوستاندا لەوێنەی دلۆپێك ئاو دەچوو بەسەری گۆی مەمکێکدا شۆڕ بووبێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا بەپێی قسەکانی خانمی مامۆستا، چی هەیە لەم دنیایەدا لە هیندوستاندا نەبێ: لە مەیمونت دەوێ، فیل، مۆز(کە جۆرە میوەیەکە)، باشترین جۆری چای دنیا، هەموو جۆرە میوەیەکی سەیر و سەمەرە و گژوگیاییکی بێوێنە و هەموو چشتێکی، کە تۆ دەتەوێ لەوێدا هەیە. بەڵام ئەوەی پیاوی دەکوژرێ گەرماکەی ئەوێیە. ئەوێ هێندە گەرمە کەساڵ دوانزە مانگ مرۆڤ نارەحەت نابێ و، نە چەکمەوپێڵاو، نە کڵاو سەرپۆش، نە گۆرەوی و پۆزەوانەی خورو[3]، نە پاڵتۆی کەوڵ و پێستەکە ئاگر و چیلکە و چەوێڵ، هەرباس مەکە، هەرگیز وا رووناد لە ئاقاران بۆی بگەڕێ و بە کۆڵەپشتە، گیشەو دەستەی گران و سەنگینی دار و چیلکە و بنچك و دڕیان بە نقەنق بکێشنە ماڵەوە. ئەگەر یەکێك لەوێ بژی چۆنی دڵت دەیەوێ، دەتوانی کاتی خۆت ئەوها بەسەر ببەی ئەگەر بتەوێ لەبەر هەتاودا خۆت هەڵقرچێنی، نەتەوێ دەچیە بەر سێبەر و خۆت فێنك دەکەیەوە. لە سەیلان رۆژ و شەو هەر گەرمە، چ نیعمەتێکە، هاوین لەدوای هاوین دێ. هەرچەندەی حەزت لێبێ، حەزدەکەی لە سەحەرەوە تا شەو دادێ دەتوانی مەلە بکەی. کە لەمە بێزار دەبێت دەتوانی بچیت راوی ووشتر مریشکان بنێی، ووشتر و مریشك لەوێ هەن، حەتمەن هەنە ئەم پەلەوەرە زەبەلاح و گێژو و ڕانە ئەگەر لەوێ نەبن ئەدی لەکوێ هەن؟ مەلی ژیر و زیرەکێش لە سەیلان هەنە! بە دڵنیاییەوە بەتووتیشەوە حەز بکەی تووتی دەگری و فێری گۆرانی و

(٣) خورو: خوری

پێکەنینی دەکەی، فێری سەمای دەکەی، بۆچی نا، تووتی هەموو شتێك فێر دەبێ و دەتوانێ هەموو کارێك بکا.

تەنانەت دەبێ جۆرێکی خوێندەواریشی هەبێ و بتوانی بخوێنێتەوە یەکێك لە خەڵکی گوندەکەمان تووتیەکی خوێندەواری وای بەچاوی خۆی لەبازاڕی جمبۆلدا دیتوە. رۆژنامەیان بۆ رادەگرت وەك ئاو و دۆ دەیخوێندەوە.

وەی بابە... . ئینجا چی لە سەیلان نییە، هەر سەیر و سەمەرەیەکی بیری لێبکەیەوە لەوێ هەیە. لەوێ مرۆڤ بە ئاسانی و بێ سەر ئێشە دەژی. تەنیا دەبێ لەبەر چاوی خاوەن موڵك نەبێ، چونکە ئەو هەمیشە قامچی بەدەستەوەیە و بەسەرو گوێلاکی سەیلانیاندا دەکێشی، وەك بڵێ نۆکەری ئاڵقە لەگوێی ئەون. سەگبابی زۆردار! دەبێ وای لەبنا گوێیان بسرەوێندرێ. ئاگری لە چاوان بەرزکەیەوە و ئینجا قامچییەکی لەدەست بستێنی و بەزەبری قامچیان ملکەچی بکەی، کە خۆی کار بۆ خۆی بکا. ئەسڵەن نابێ لە بەرانبەری وەبەرهێنن و سەرمایەدارەکانی دیکەش هیچ تێبێنییەك بکەی، لەگەڵ ئەواندا بەهیچ جۆرێك قسە ناکرێ، لێگەڕێ بابڕۆن بۆ خۆیان کارێك بکەن و، هەر ئەوەندەو بەس. دیارە، کە فاشیست و خوێنڕێژان لە نێوان ئەواندا پەیدا دەبن و جەنگیش هەر لەوانەوە سەرچاوە دەگرێ... . چەندان لە خەڵکی (ئائیل) لە بەرەکانی شەڕدا کوژران. دایکم هەموو رۆژێك سەری لە گریانە، هیچ قسەیەك ناکا تەنیا دەگریە، دەترسێ باوکم بکوژرێ ئەو بەژنەکەی هاوسامانی گوتووە ئەگەر باوکی منداڵەکانم بکوژرێ بەخۆم و چوار منداڵی سەلکە وینکەوە قوڕی کوێ بەسەری خۆمدا بکەم... .

مامۆستا خاتو ئینسکەمال ئاپای لە پۆلەساردەکەدا لەسەرمان خۆی کووڕ کردبۆوە و هەرکە منداڵەکان کۆخەیان دەهاتی، بە حەوسەڵەوە چاوەڕێی تەواوبوونی کۆخەکۆخەکەیان دەبوو، ئینجا لەمەڕ سەیلان و دەریاو وڵاتە گەرمە سێرەکانەوە درێژەی بە قسەکانی دەدا. سوڵتان مراد، کە بەقسەو وەسپەکانی مامۆستاکەی باوەڕی دەکردو نە دەکرد، (ئاخر وادەهاتە بەرچاوان، کە لەو وڵاتانەدا بارەکە لەڕادەبەدەر باش و خۆش بێ) لەو ساتەدا لەکرۆکی دڵییەوە داخ و حەسرەتی ئەوەی بوو، کە بۆچی لە سەیلان ناژیێ و هەر لەهەمان کاتدا، کە بەتی چاوی تەماشای ئەو دیوی پەنجەرەی دەکرد لەبەر خۆیەوە بیری لەوە کردەوە (ئەوێ بۆ ژیان زۆر بێ وێنەیە).

ئەو دەیتوانی بەروالّەت چاو لەمامۆستاکە ببڕێ و لە راستیشدا تەماشای دەرەوەی پەنجەرە بکا، بەلاّم لەو دیوی پەنجەرە شتێکی گرنگ روی نەدەدا و کەش و هەواش خراپ بوو. هوردە هوردە دایکردبووە نیگرە(٤) و بەفر بارین و بەر شووشەی پەنجەرەکان توێژێك شەختەی گرت و پەنجەرەکە لێڵ بوو.

ماجومی لێوارەکانی شوشەکانی پەنجەرەکە لەسەرما هەڵیان دابوو و لەهەندێ جێگادا دەرپەڕیبوون لە هەندێ شوێنی دیکە کەوتبوونە ناو تاقی مەرەکەباوی پەنجەرەکەوە. ئەو بیری کردەوە (کە لە سەیلان نابێ ماجوومی پەنجەران پێویست بێ، بەکەڵکی چی دێ؟) لەوێ پەنجەرە بۆچییە و لە راستیدا ماڵیش پێویست نییە. ئەوە بەسەکە مرۆڤ تەنیا ژوورێکی لە حەسیر بۆخۆی دروست بکا و سەرەکەی بە گەلاّو قامیشان بگرێ.

بەردەوام با لەپەنجەرەکەوە دەهات و تا گوێت لێدەبوو، کە چۆن با لە درزەکانی چوارچێوە دارینەکە دزەی دەکرد و فیکەی دەکێشا. لاتەنیشتی راستی سوڵتان مراد، کە کەوتبووە لای پەنجەرەکەوە لەسەرمان رەقی کردبوو. ئەو دەبووایە تەحەمولی ئەوە بکا، مامۆستا خاتو ئینکەمال ئاپای خۆی ئەوی لێرە لە نزیکی پەنجەرە داناوەو پێی گوتبوو (سوڵتان مراد، لە پۆلەکەدا تۆ لەهەموان بەهێز و با خۆشتری و دان بە خۆتدا دەگری) پێشتر بەر لەوەی سەرما دابێ لە جێی ئەودا ئەو کچۆڵە واتە میرزا گوڵ دانیشتبوو، ئەو سوڵتان مرادیان جێگۆرکێ پێکرد جێگاکەی پێشووی سوڵتان مراد ئەوەندەی بای لێوە نەدەهات، بەلاّم چیتر بوو و میرزا گوڵیان لەوێ لەلای چەپدا دانایا بەم شێوەیەش سوڵتان مراد بە لەشی خۆی پەنای لە کچۆڵەکە دەکرد و نەیدەهێشت با بیگرێتەوە، ئێستا ئەوان لە کەناری یەکدیدا دادەنیشتن و سوڵتان مراد حەوجەی ئەوە نەبوو، کە تەنیا لە کاتی زەنگلێدان و پشوودا بچێتە کن ئەو و ئەویش لەشەرمان سوور هەڵگەڕێ، عەجیبە ئەو شەرم لە هیچ کەسێك ناکا بەلاّم هەرکە سوڵتان مراد بەلایدا رەت دەبێ، سوور دادەگەڕێ و رادەکا. ناکرێ بەدوای ئەودا ڕاکا بە خەڵکی پێدەکەنن ئەم کیژانە هەمیشە دەتوانن جۆرێك بیر لە مرۆڤ بکەنەوەو لەسەر دەروو دیواراندا بنووسن (سوڵتان مراد+ میرزا گوڵ= یەك عاشقن (دوو عاشق) ئەگەر لە تەنیشتی یەك دانیشین کەس قسەو قسە لۆکمان بە دوواوە ناکا... .

---

(٤) نیگرە: ئەو دەنکە لوس و بچوکانەی بەفرە، کە سەرەتا دەبارێ و زەوی دادەپۆشی و دەبێتە هۆی نەتوانەوەی کۆ بەفرەکانی، کە لەدواییدا دەبارن.

لەو دیوی پەنجەرەوە با گڤەی دەهات و بەفریش هەر دەباری ئەو رۆژانەی، کە ئاسمان سامالّ بێ لە پەنجەرەی پۆلەوە چیاکان بەدیار دەکەوتن.

قوتابخانەکە بەسەر گردێکەوەیە و بە باشی دەنۆڕێتە سەر دێیەکە، دێیەکە لە ژێرەوە و قوتابخانەکەش لە سەرەوەیە هەر لەبەر ئەمەیە، کە لێرە لە قوتابخانەوە بەر مەیدانی دیتن فراوانترەو چیایە دوور دەستە بە بەفر داپۆشراوەکان وەك تابلۆیەکی نەخشێنراو دەبینرێن ئێستاکە ئیدی لەناو ئەو هەوای کرێوە و بەفر بارینە پەیکەری گرژو مۆنیان دەبیندرێ.

دەست و پێ و پشتی مرۆڤ لەسەرمان دەیبەستێ. پۆلەکە چەند ساردە ئەو وەختانەی بەر لە جەنگ قوتابخانەیان بە تەپالآن[٥] گەرم دەکردەوە. تەپالّە وەك رەژوو باش دەسووتێ ئێستاکە دەهێنن و دەیسووتێنن. ئەم کایە لەناو سۆپان تەنیا قرچە قرچیان لێوە دێ و بەکەلّك نایە. هەر دوو رۆژی دیکەیە ئەم کایەش تەواو دەبێ.

کە ئەویش هەر خاك و خۆلّ و زبلّ و زار بوو و بەس، چەند حەیفە، کە ئاو هەوای ناوچیاکانی تالاس وەك وولآتە گەرمەسێرەکان نییە. ئەگەر ئاو و هەوا بەجۆرێکی دیکە دەبوو، ژیانیش جۆرێکی دیکە دەبوو و ئێمەیش فیلمان دەبوو و سواریان دەبووین وەك چۆن سواری گاجووتان دەبین ترسی نییە. بەر لە هەمووان من سواری فیل دەبووم و رێك لەسەر سەری لە نێوان هەردوو گوێ دا دادەنیشتم هەر بەو تەرزەی لەناو کتێبی دەرزەکاندا هەیەو لە (ئائیل)ەوە بۆی دەردەچووم. ئەو وەختە خەلّکی لەهەموو لایەکەوە بەرەو لای من دەهاتن و دەیان گوت (ڕاکەن، باش تەماشاکەن، سولّتان مراد کوڕی بەك بای سواری فیل بووە).

ئەو کاتە میرزا گولّ تەماشای دەکرد و داخی دەخوارد... ئەو وا دەزانێ شابانوێیکی جوانە و نابێ بەلای ئەودا بچێ. هەروەها، مەیموون و توتیی رۆژنامەخوێنیشم لە دواوەدا لەسەر پشتی فیلەکە دادەنا، و جێگای دەبۆوە. دەکرا جێگای هەموو پۆلەکەش لەسەر گردەی ملی فیلەکە بکرێتەوە. ئەمە روون و ئاشکرایە، ئەمەی لەکەس نەبیستووە، خۆیشی ئەمە دەزانێ.

ئەو فیلی زیندووی بە چاوی خۆی دیتووە. هەموو ئەمە دەزانن ئەو مەیمونی زیندوو و ئاژەلّی دیکەیشی دیتوە لە گوندەکە (ئائیل) هەموو کەسێك ئەمە دەزانن خۆیشی زۆرجاران ئەمەی باس کردووە ئەوساکە ئەو بەخت رووی تێکردبوو... . .

---

(٥) لە ئەلّمانیەکەیدا دەلّێ: بە پشقلان (schafsmist).

پێشی جەنگ، یەکسالّی ڕێك پێشی جەنگ ئەم ڕووداوە خۆشە لە ژیانی ئەودا رووی داوە. هاوین بوو دروێنەیان دەکرد ئەو ساڵە باوکی بەکبای سووتەمەنیی لە جەمبۆلەوە بۆ ویستگەی نەوتی پارکی مەکینەو تەراکتۆرەکان دەگواستەوە. هەر کۆلخۆزێك دەبوایە بۆ گواستنەوەی بار شتێك بۆ گواستنەوە دابین بکا. باوکی بە سوعبەت و گاڵتەوە خۆی هەڵدەکێشا[٦] و دەیگوت: من شوفێرێکی سادەی عارەبانان نیم. کۆلخۆز بەرانبەر من و ئەسپ و عارەبانەکەم پارەو کرێ لە خەزێنەی دەوڵەت وەردەگرێ. من ئەم پارەیە دەرێژمە ناو بەریەی کۆلخۆز. لە خۆڕا نییە، کە ژمێریاری کۆلخۆز هەر چاوی بەمن دەکەوێ لە ئەسپەکەی دادەبەزێ و سەلامم لێدەکا... .

عارەبانەکەی باوکم بەڕادایی بۆ بارکردنی نەوت دروست کرابوو. جێگای باری نەبوو لە چوار چەرخە و دوو بەرمیلی ئاسنین و لە پێشی پێشەوەش جێگای دانیشتن و کوشنی عەرەبانەچی پێك هاتبوو. هەر ئەوەندەش بوو و بەس لە شوێنی دانیشتنی عەرەبانەچییەکە دەکرا دووکەس دانیشێ و جێگای سێ کەس نەدەبۆوە بۆ ئەمەش دوو ئەسپی باش و بەهێزیان دابووە باوکی.

ئەسپێکی یەختەی شین، کە ناوی چاپدارو ئەسپێکی یەختەی دیکە، کە ناوی چونتور بوو. زین و قایش و قروشیان دڵگیر و تێرو پڕ بوو. کۆپان و قایش و قروشی لە چەرمی دەوڵەتی قەتران لێدراو دروست کرابوون، کە هەرگیز لە باریەك نەدەچوون و نەدەپچڕان ئەو بارکێشانە بەردەوام و دوورودرێژانە بەبێ‌ی ئەمجۆرە کەلوپەلە چاکانە نەدەکرا. باوکم لە کارکردندا حەزی لە توندوتۆلی و ڕێکوپێکی بوو و هەمیشە ئیسراحەتی ئەسپەکانی لەبەرچاو دەگرت. کاتێ چابدار و چونتور بەیەك هەنگاوی هاوئاهەنگ و هاوتەریب غاریان دەدا و باڵەکانیان بەبای غارێ دەجووڵانەوە، هەر لە دوو ماسی دەچوون، کە لە تەنیشتی یەکەوە مەلە بکەن. تەماشاکردنیان تام و چێژی دەبەخشی. خەڵکی بەبیستنی دەنگی چەرخەکانی عارەبانەکە لە دوورەوە ئەویان دەناسیەوە و دەیانگوت: (بەکبای بەرەو جەمبول دەڕوا).

چوون و هاتنەوە بۆ جەمبول دوو رۆژی دەویست. هەر کە بەکبای دەگەڕاوە ئەوەندە سەرحاڵ و بەکەیف بوو دەتگوت هەرگیز سەدو ئەوەندە کیلۆمەترەی نەبڕیوە خەڵکی سەرسام دەبوون و دەیانگوت: (عارەبانەی بەکبای وەك شەمەندەفەر دەڕوا). سەرسامیەکەیان لە خۆڕا نەبوو. دەکرا ماندووبوون و بێ پەروایی ئەسپەکان لە دەنگی ووشك لێکخشانی چەرخەکانی

(٦) ئەم ووشە لە ئەلمانیەکەی ئەوهایە و لە فارسیەکەم پێ جوانتر بوو. ل ١٣

عەرەبانەوە بزانرێ تا عەرەبانە بەم تەقە تەقە بە کەنارتدا رەت دەبێ. مرۆڤ چین چین گۆشت بەردەدا. ئەسپەکانی بەکبای هەمیشە زیرەك و چاپوك رێیان دەکرد. رەنگە هەر لەبەر ئەمە بوو گواستنەوەی بەرپرسیارترین باریان بەو دەسپارد.

بەڵێ پێرار هەر، کە قوتابخانە تەواو بوو پشوو دەستی پێکرد باوکم گوتی:

ـ ئەگەر بتەوێ دەتبەمە شار.

سوڵتان مراد لە خۆشحاڵیان خەریك بوو هەناسەی بیگرێ ئایا باوکی چۆن زانی، کە ئەو ماوەیەکی دووروو درێژە دڵی بۆ دیتنی شار لێ دەدا ئاخر خۆ ئەو لەژیانیدا جارێکیش نەچوو بووە شار، ئای کە خۆشە، باوکی بە گەفێکی پڕ لەگاڵتەوە گوتی: (بەڵام نابێ دەنگت لێوە بێ. کەس نەزانێ دەنا بچووکەکان دەیکەن بە بەزم و ژاوەژاو ئەوساکە تۆش نابەم).

باوکم راستی دەکرد ئەم حاجی مرادە، کە سێ ساڵ لەمن بچووکترە هیچ کاتێك و لەسەر هیچ شتێك نەیدەبڕیەوە، وەك کەری دێزە بەرعەکسی دەکا، کاتێ باوکم لە ماڵەوە بوو، حاجی مراد نەیدەهێشت و ماوەی نەدەدا بچینە لای. دایم و دەرهەم هەر لە دەورو قوونی ئەودا دەخولاوە، وەك بلێی هەر ئەو بەتەنێ هەیەو ئەوانی دیکە بە مرۆڤ دانانرێن.

تاوەکو دوو خوشکی بچوکتریش، کە ئەوکاتە زۆر بچوك بوون، بەگریان و زاری ئینجا دەیانتوانی نەوازشێکی باوکە بەدەست بێنن. هاوسێکانیشمان سەریان لەوە دەرنەدەکرد، کە بۆچی کوڕە بچکۆلەترمان ئەوەندە هۆگری باوکیەتی. دایە گەورە ئارواوکان، کە ژنێکی سەرسەخت و وەك تەختەدار ووشك بوو دەنگێکی قرەقڕی هەبوو ئێمە هەموومان لێی دەترساین! چەند جاران بە ئەنگوستە زورەکانی[٧] لەبنا گوێ حاجی مرادی رەبادا بوو[٨] و پێی گوتبوو:

ـ ئاخر، هەی بێ مێشك. ئەوەندە خۆت لە بابت هەڵمەسوو. باش نییە! ئەمە چ وەزعێکە ها! مەگەر دەبێ، کە کوڕە چکۆلانە ئەوەندە بۆ باوکی زیندووی، خۆی دڵتەنگ بکا؟ بزانە ئاخر و ئۆخری رەفتاری ئەم منداڵە بەڵایەکمان بەسەر دەهێنێ.

دایکە بۆ لەبۆڵێك دەکاو هەندێ جوێن دەداو شەپە زللەیەکیش بە بناگوێی حاجی مرادا دەکێشی.

---

(٧) زورز: زبر.

(٨) رەبادان: بنا گوێ راکێشان. هەڵقورینجاندن. لێ بادان. گرتنی گۆشتی لەش و بادانی بەدوو پەنجە.

بەڵام   ناوێری هەڵگەڕێتەوە هەموو حساب بۆ دایە گەورە دەکەن.

دایە گەورە ناحەقی نەبوو و بێ ئەسەل نەیدەگوت هەرواش بوو. مرۆڤ دڵی بە حاجی مـراد دەسووتێ. ئەو ئێستا گەورە بووەو پۆلی سێیەمە. هەوڵ دەدا بەرووی خۆیـدا نـەهێنێ. لەبـەر چاوی دایکمان بەسەر خۆی ناهێنێ، بەڵام   لەکرۆکی دڵەوە چـاوەڕێ دەبـوو (باوکمـان ئێمـرو سبەیێك لەبەرەی جەنگ بگەڕێتەوە).، کە دەچێتە نـاو جێگـاو دەیـەوێ بنـوێ وەك مرۆڤـی گەورەو بەساڵاچوان، کە شەو دوعا دەخوێنن لەژێر لێـوەوە دەڵـێ: (خوایـە تـوبی و کـارێکی وابکەی بابەم سبەینێ بێتەوە). هەموو شەوێك ئەمە پیشـەیەتی. منـداڵێکی سـەیرە وا بـیر دەکاتەوە هەرکە لەخـەو بێـدار بـۆوە موعجیزەیـەك روودەدا و بارەکـە بـە لایێکـی دیکـەدا دەگۆڕێ، تەنیا گرنگ ئەمەیە بابمان بەزیندوویی لە جەنگ بگەڕێتەوە با ئەوکاتە هەموو کات هەر لەگەڵ حاجی مراد بێ و یاری لەگەڵ دا بکاو لەقەڵان دۆشکێی کاو لـە باوەشـی بگـرێ. تەنیا بێتەوە بۆ ئەو، ئەوە بەسە ئەو باوکی بە زیندوویی ببینێتەوە ئـەم خۆشـی و شـادیە بـۆ سوڵتان مراد بەس بوو. ئای، کە خۆش دەبوو ئەگەر باوکی دەهاتەوە.

ئێستا حەزی دەکرد هەمان شت رووب داتەوە کاتێ، کە باوکی لە کەناڵی (چو)دا بـۆ نـاو خێزانەکەی گەڕابۆوە، ئەو پێرار هاوین بۆ بەشداریکردن لەکاری بیناسازیدا بۆ پێـنج مانگـان چووبووە ئەوێی و، سەرا تاسەری هاوین و پـاییز لـەوێ مـاوە و خـاك و خـۆڵی کێشـاوە وای کارکرد، کە بووە کرێکاری ئێستاخانو[9].

سەر لە ئێوارەیەك بەرە بەری رۆژ ئاوابوونێ سەرسەکوتی پەیدا بـۆوە. لـەپڕ تەقـە تـەقی چەرخەکانی عارەبانەی باوکم لەناو حەوشەدا دەهاتە گوێ و ئەسپەکان فڕەفـڕی کونـە لوتیـان دەهات منالان لـە جێگـای خۆیانـدا ڕاپـەرین و هەڵزۆقینـەوەو دایانـە هـاوار هـاوار: (بابـە هاتۆتەوە. بابە هاتۆتەوە) باوکە چنکێك پێست و ئێسقانی لێمـابۆوە، زۆر لـەر و لاواز ببـوو، لەبەر هەتاو هەڵقرچـابوو وەك قـەرەجان سـەرو ریشـی هـاتبۆوە، بـە دەردی دایکـم گۆتـەنی جلوبەرگی وەك سواڵکەران بوو، تەنیا چەکمەکانی نوێ بوون و لە چەرمی کرۆم بوون.

---

(٩) ئیستاخانو ئەلکسی گریگۆریویچ ـ مەعدەن کار لە ساڵی ١٩٣٥ لە ماوەی ٤٥ دەقە سەدو دوو تۆن خەڵوزی کێشاوە، لە کاتی ئاساییدا تەنیا (٧) تۆن بوو، دوای ئەم داهێنانە لەسەرانسەری سۆڤیەتدا راپەرین و پێشکەوتنێکی بەرفراوانی ئستاخانوی دەستپێکرد

ئا لەو کاتەدا حاجی مراد بەر لەهەموان خۆی گەیاندێ و خۆی هاویشتە باوەشیێ و پێوەی نووساو بەری نەدا بە هەنیسك دانەوە دەمی لە گریان نابوو نەیدەبڕیەوە

ـ بابە، بابە گیان، بابە... . هۆ بابە گیان.

باوکیشم ئەوی توند لە ئامێزگرت و فرمێسك لە چاوەکانیدا سەریان کرد، لەم وەختەدا هاوسێکان بەسەر ئەم دیمەنە راگەیشتن و بە دیتنی ئەم دیمەنە ئەوانیش دەستیان بەگریان کرد، بەلاّم دایکم بە دەست و پێ تێك ئالاوی و خۆش خولقیەوە وەك لە رەفتاری حاجی مراد شەرمەزاری دایگرتبێ رایکرد تا حاجی مراد لە باوکم دوور خاتەوە و گوتی:

ـ واز لە بابت بێنە، بەسە ببڕێنەوە، مەگەر تەنیا تۆ لەم ماڵەی، وازبێنە ئەوانی دیکەش دەیانەوێ بچنە کنی، عەجەب بێ مێشك و بێ شعوری، مەگەر نابینی خەڵك هاتون سەلام و ئەحواڵ پرسی لێبکەن... .

بەلاّم ئەم قسانە بەدادی حاجی مراد رانەگەیشت!

سوڵتان مراد هەستی کرد شتێك لە دەروونی ئەو کەوتە جوولە و وەك ئەمە بوو گرێیەکی لە قورگی هاتبێ و گەرووی بگرێ لە ناکاو تام سووراوکێکی لەناو دەمیدا هەستپێکرد. حاجی مراد هەر ئەو پیاوە بوو دەیگوت: قەت لەم دنیایەدا بۆ هیچ شتێك ناگریەم، بەلاّم یەکسەر ژیر بۆوەو سەرحاڵ بۆوە و هاتەوە سەرخۆ.

دەرس بەردەوام بوو. ئینسکەماڵ ئاپای ئێستاکە لە بارەی (جاوە)وە لە بارەی بۆرنۆ و ئوسترالیاوە قسەی دەکرد. دیسانەوەش قسەی لە سەر زەمینە خۆشەکانی هەمیشە هاوین و گیانلەبەری وەك تیمساح، مەیمونەکان، درەختی خورماو شتی جیاجیای نەدیتراو نەبیستراوی ئەفساناویەوە بوو. تۆ باسی کەنغەر بکە لە هەمووان سەیر ترە، بێچوەکەی خۆی لەناو کیسەیەکدا هەڵدەگرێ کەبە سکیەزە نووساوە و بە بەچکەوە حەمبازان دەهاوێ و بێچوەکەیشی لەگەڵ خۆی دەبا، کەنغەر یان راستترە بڵێین سرووشت ئەم بیرۆکەی چۆن بۆ هاتووە... .

ئەو کەنغەری نەدیوە دەبێ دان بەوە دا بنێ، کە نەیدیوە، سەد حەیفە! بەلاّم فیل، مەیمون و گیانداری دیکەی زۆر لە نزیکەوە دیوە، لە مەودایەکی، کە ئەگەر دەستی درێژ دەکرد دەستی پێیان دەکەوت.

ئەو رۆژەی، کە بابی پێی گوت لەگەڵ خۆیدا دەیباتە شار لە خەنی و خۆشیان نەیدەزانی چیبکا لەبێ ئۆقرەیی و خەنی و خۆشیان لەناو پێستی خۆیدا نەدەحەواوە، بەلاّم خراپییەکەی

ئەوە بوو، کە نەیدەوێرا لەمبارەوە قسە لەگەڵ کەس بکا. ئەگەر حاجی مراد پێی بزانیبا چ فەرتەنەو بەزمێکی دەناوە و هات و هاواری لێ بڵند دەبوو، کە بۆچی باوکم سولتان مراد لەگەڵ خۆیدا دەباو من نایا؟ ئەو ساکە وەرە ئەو بەزمە خۆشکەوە[10] لەبەر ئەوەی لەکن ئەو خوشحاڵی و چاوەڕوانی لەرادەبەدەری سەفەری بەیانی هەستی بەگوناحێکی لەبەرانبەر برایەکەی دەکرد، لەبەر ئەمە دڵی لێی دەدا، کە مەسەلەی سەفەرەکەی بەیانی بە براو خوشکە بچوکەکانی بڵێ، زۆری حەز دەکرد ئەوی ژێر بەرێ بێنێتە سەر بەرێ، بەڵام باوکی و بەتایبەتیش دایکی پێیان گوتبوو نەکا لەم بارەوە فزەت لێوە بێ.

ئەوان وایان دانا بوو با کاتێك منداڵە بچوکەکان بەم باسە بزانن، کە ئەو بەرێ کەوتبێ ئەوها باشترە، سولتان مراد زۆر بەسەختی زۆری لە خۆی کرد تا توانی دەمی خۆی بگرێ و ئەم نهێنییە نەدرکێنێ، بەڵام لەم نهێنی پاراستنە هێندەی نەمابوو بتەرگێ بەڵام ئەو ئەو رۆژە زێدە لە رۆژان ئەوەندە گوێڕایەڵ بوو، ئەوەندە میهرەبان و ئەوەندە بەهەست و پارێز بوو، کە قەت شتی وای بە خۆوە نەدیتبوو.

هەموو کارێکی ئەنجام دەداو بەسەر هەموو ئیش و کارێك ڕادەگەیشت کندڕی گوێرەکەی کردەوەو بۆ لەوەڕ بردیە شوێنێکی دیکە بە ستییەوە، هەم خاکی پەتاتە جارەکەی نەرم کردەوە، هەم بۆ شوشتنی جل و جۆڕ دەستەبەری دایکیشی کردو، ئالماتای، بچوکترین خوشکی، کە کەوتبوە ناو قوڕەوە شوشت و پاکی کردەوە و زۆر زۆر کاری دیکەیشی کرد سەرتان نەهێشێنم ئەو رۆژە ئەوەندەی خۆرەتاند و کاریکرد کەتا دایکیشی خۆی پێنەگیرا و لە پێکەنینی داو سەری باداو لە حالێکدا، کە پێکەنینەکەی خۆی دەشاردەوە گوتی:

ـ ئەوە چی بووەو مانگای کێ لە گاران نەهاتۆتەوە، دەڵێی کراوی بە کەسێکی دیکە چەند باش دەبوو ئەگەر هەمیشە ئەوها دەبووی لە چاوی پیس بە دوور بێ چۆنە نەهێڵێن بچیە شار، ها؟ بوویت بە بەردەستیکەرێکی زۆرباش.

ئەم قسەی دوایی هەروا کرد و لەدەمی هاتەدەر، بەڵام خۆی بە برژاندنی نان بۆ رێگاو ئامادەکردنی تۆیشە بەرەی دیکەوە خەریك کرد هەندێ کەرەی تواندەوەو بە شلی بە مەییوی لەناو بوتلێکی کرد.

---

(١٠) لە فارسیەوە دەڵێ: ئەوساکەر بێنەو شەرو دەعوای لێبارکە.

سەر لە ئێوارە هەموو خێزانەکە لە دەوری سەماوەردا نانی مادەیان بەسە رشیرو چایەوە خوارد ئەوان لە حەشەدا لەدەم جۆگەلە لە ژێر دار سێوێك دانیشتبوون منداڵەکان دەوریان لە باوکیان دابوو، لایەکی حاجی مراد و لایەکەی دیکەی دیکەی کچۆڵەکان لێی دانیشتبوون دایکی چایی تێدەکرد و سوڵتان مرادیش پیاڵە چایەکانی دەدا دەست ئەوانی دیکەو خەڵوزی لە لولەی سەماوەر دەکرد، ئەو هەموو ئەو کارانەی بەرەزای خۆی ئەنجام دەدا و هەموو دەم هەر لەسەر خەیاڵی سەفەرەکەی بەیانی دا بوو، کە بەیانی لەناو شار دەخولێتەوەو سیاحەت دەکا باوکی یەك دووجاران چاوی لێداگرت جگە لەمەش بە سوعبەت و گاڵتە لە حالێکدا، کە چای فڕ دەکرد بە کوریژگە بچووکەکەی گوت:

ـ حاجیلەکەم یاڵ رەشت رامکرد یان نا؟

حاجی مراد بە گلەیی و نارازییەوە گوتی:

ـ نا بابەگیان، یاڵ رەش زۆر ناجسنە وەك تولەسەگ بەدوامدا غار دەدا.

من ئاوی دەدەم و ئالیکی دەدەمێ جارێکیان بە دوامدا هاتە قوتابخانە و لەبەر پەنجەرە وەستاو چاوەڕێیکرد تا من لەکاتی زەنگ لێدان و پشودا دێمە دەرەوە، هەموو پۆلەکە دیتیان بەڵام ناهێلێ سواریبم یەکسەر هەڵم دەدا و ئێستا جووتانیش دەهاوێ.

ـ کەسیش نییە، کە یارمەتیت بدا تا فێرە سواری بکەی.

لەم سەرو بەندانەدا سوڵتان مراد ئامادەیی خۆی پیشانداو گوتی:

ـ حاجیلەکە من ئەم کارە دەکەم و من خۆم بۆ سواری رایدەهێنم و حاجی مراد لە جێگای خۆی رەپێ بوو و هاواری کرد:

ـ دەیاڵلا دەی، بابرۆین.

دایکی گوتی! ئارام بگرە، لەجێی خۆت دانیشەوە نەجولێیەوە.

یەکەم جار وەك پیاوان چایەکەتان بخۆنەوە لە دواییدا بڕۆن. کەرە رەش لە دەستان هەڵنایە[11] قسەکردن لەسەر جاشولکە دووساڵیەکە بۆ حاجی مراد باسێکی زۆر خۆشبوو، بەهاری ئەوساڵە بوو نورگزی خالۆیان، ئەو جاشولکەی دابووە منداڵەکان، جاشولکەکە سەر لە هاوێنی چاك سوورا بوو و گەورە ببوو کاتی ئەو هاتبوو کورتانی لێبنرێ و سواری بن و کاری پێبکەن چونکە لەهەموو مالێکی گوندەکە (ئائیلەکە) وولاغ پێویست دەبێ و بۆ باراش بردنە

---

(١١) ئەمە لە ئەلمانیەکە هەبوو لە فارسیەکەدا نەبوو.

ئاش و هێنانی دار و چیلکە و وردەواڵە شتێکی باشە هەر لەبەر ئەمەش بوو نورگزی خاڵی منداڵەکان ئەو جاشولکەی دابوونێ سەرەنجام واهات کەهەر لە رۆژی یەکەمەوە حاجی مراد بوو بە خاوەنی ئەم کوریژگە بەرعەکس و پر سەروسەداو هات و باتە ئەوەندە ئاگای لەو گوێدرێژە دەبوو، کە کەس نەیدەوێرا لێی نزیك بێتەوە، کە کەسێك، کە لێی نزیك دەبۆوە یەکسەر حاجی مراد لێی دەقیراند و تێرا دەخوڕی (دەست بۆ جاشولکەکە نەبەن). من خۆم ئاو و ئالیکی دەدەم تا جارێکیان لەسەر ئەمە، تێکیان هەڵداو دایکیان چاوی لە کوڕە گەورەکەی سوورکردەوە، هەر لەبەر ئەوەی لە برا بچوکەکەی دابوو لەو کاتەوە سوڵتان مراد لالووت بوو. ئەوکاتەی، کە وەختی هێنانە بەرباری جاشولکەکە بۆ سوارکردن و بارلێنانی داهات خۆی لەم کارە لە گێلی داو گوتی ئێستاکە جاشولکەکە لە هی تۆیە خۆشت رامی بکە لەبەر من مە پارێوە و ئەسڵەن ئەمە کاری من نییە هەرچەندەی، کە سوڵتان مراد لەم کارە لێهاتوو بوو ئەو لەمنداڵیەوە خوی بەم کارەوە گرتبوو کارەکەی ئاسان بەدەستەوە دەهات و وردەی کارەکەی بەدەستەوە بوو چێژی لێدەبینی و حەزی دەکرد ئاژەڵی کێوی کەوی بکا ئەم کارە وەك زۆرانبازیەکی ئەوتۆ وابوو تاکێهەلایان بەسەر ئەویدیاندا سەرکەوێ.

ئەو هەمیشە هەموو جوانو، جوانەگاو جاشە لەرەکانی رام دەکرد، لە راستیدا کوریژگە چوستو چاپوکەکان ئاژەڵە تازە منداڵەکان بەکار دەستە مۆدەکەن، لەبەر ئەوەی سەنگی مرۆڤی بەتەمەن رێگای ئەم کارە نادا ئەمە بوو، کە خەڵکی بەریزەوە دەهاتنە لای سوڵتان مراد و دەیانگوت: (سوڵتان مراد، کوڕی خۆم، هەرکە دەرفەتێکت لێهەڵکەوت گوێرەکەکەمان رام بکە)، یان (سوڵتانکە[12]: قوربانی دەستت بم، ئەم جاشولکە بە زەڕەزەڕەی ئێمە عاقل بکە ناهێڵێ مێشو مەگەزیش بەسەر شانییەوە بنیشێ، قەپاڵ دەگرێ، جووتە دەهاوێ، تۆ نەبی کەس دەروەستی نایە... .).

سوڵتان مراد، کە بەم ناوبانگ و شانازیەوە بەهرەمەند بوو، بەڵام گوێی بە تکای براکەی نەدا و تاکو ئەو کاتەش، کە حاجی مراد یەك دووجاران لەسەر پشتی جاشولکە ئەزیزەکەی بەر بۆوە و ناوچەوانی شین و مۆر بۆوە و هەڵتۆقی بەتیز و گاڵتەجارییەو پێی گوت:

ـ تۆ هێشتا دەبێ ئازاری پێوەبکێشی.

---

(١٢) سوڵتانکە وەك عومەرکە، حەمەدکە، عەبەکە، نەوەکە: بچووك کردنەوەیە بۆ خۆشەویستی.

ئێستا روون دەبێتەوە، کە زۆر خراپ رەفتار لەگەڵ حاجی مراد داکردووە سوڵتان مراد تەنیا کاتێ لەم هەڵەیەی بە ئاگاهاتەوە، کە باوکی بە کینایەتەوە پێی گوت لە راستیشدا عەجەب ئەحمەقێك بووە، کە بەو جۆرە نایابە حسێبی لەگەڵ باوکیدا پاك دەکردەوەو ئێستاکە دەیەوێ بۆ شار سەفەر بکا، سەفەرێکی وا، کە براکەی هیچ ئاگادارییەکی لەبارەوە نییە، بەجۆرێکی وا ویژدانی نارەحەت بووە و پەشیمانی دایگرتووە، کە ئامادەیە داوای لێبوردنی لێبکا، دوای چایی خواردنەوە لەگەڵ باوکیدا چوونە مێرگەکەی ئەوبەری باغچەو یەکەمجار هەموو بەردەکانی ئەو دەورو بەرەیان کۆکردەوەو لە دواییدا دووریان خستنەوە لەدواییدا کاکۆل و یاڵ و رەش، یەعنی جاشولکەکەی (حاجی مراد جاشولکەکەی بەم ناوەوە بانگ دەکرد). یاڵ رەشیان لغاوکرد.

باوکیان گۆیەکانی کاکۆڵ رەشی بە هەردوو دەستان گرت و رایگرت و سوڵتان مراد بەزرینگیەوە لغاو قەراسەی لەمل کرد، ئینجا کەمەر بەندەی پانتۆلەکەی نەختێ توندترکرد چونکە کارێکی هێندە ئاسانی لەبەر نەبوو ئینجا ئێستا نمایشی سێرك و دەستیپێکرد، یاڵ رەشی کەماوەیەك بەسەرپەرشتی حاجی مراد ژیانێکی نایاب و خۆشی بەسەر دەبرد چەمووش ببوو، هەر لەبەر ئەم هۆیەش یەکسەر و یەکڕاست دەستی بەسەر کێشی و جووتە هاویشتن و بەم لاو بەولادا ڕاکردن کرد، گوێدرێژەکە دەیزانی چۆن سوار لەسەرپشتی خۆی هەڵبراو بە ناوەندی عاردی دابدا بەڵام ئەم سوارەیان ئەو سوارەی پێشوو (حاجی مراد) نەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا حاجی مرادی هەڵدەداو دەیخست، بەڵام هەموو جارێك دەرلەحاز گورج قیت دەبۆوە و خۆی هەڵدەداوە سەرپشتی جاشولکەکە هەرچەندە هەڵی دەتلیزاند بەڵام لەبای غارێدا لەسەر سك خۆی بە پشتی کەرەکەوە نووساندو قاچی لەسەر کەفەڵی ئاوادەکرد و دادەنیشت و دیسان کەرە هاروهاجی دەکرد، دیسان دەکەوتەوەو ئەو جارێکی دیکەش هەوڵی خۆی دەداوە...

ئەم کارانە لەلایەن سوڵتان مرادەوە بە چاپوکی و بەشێوەیەکی زەوقانییەوە ئەنجام دەدرا، هەموو مەسەلەکەش لەوەدایە کەدەبێ لە چۆنییەتی کەوتنەکەدا شارەزابێ لەبەرچی دەڵێن مرۆڤ لەکاتی پەڕینی لەسەر وولاغدا زێتر لە بەرزەو ئەسپ و ووشتر زەدە دەبێ؟ لە کاتێکدا وادێتە بەرچاوان دەبێ بەپێچەوانەوە بێ نهێنی مەسەلەکە لەمەدایە، کە کاتی کەوتن دەبێ بەسەر چوار پەلاندا بکەوی بلندی ئەسپ و بەتایبەتی هی ووشتر دەرفەتی ئەم کارە بۆ مرۆڤ

دەرەخسێنێ سواری بێ ئەزموون لەسەر وولاغ وەك جلۆكە دەكەوێ و پێڕاناگا ئەم شێوە كەوتنە بەكاربێنێ.

سوڵتان مراد هەر بە ئەزموونی خۆی ئەمەی دەزانی و نەدەبوو لەم لایەنەوە لێی نیگەران بی قاو قیژو شادی و پێكەنین و هاوارهاوار دەستیپێكرد، باوكە لە پێكەنینان زگی خۆی گرتبوو ئەوەندەی لە قاقای پێكەنین دا تا چاوەكانی پڕ ئاو بوون كوڕو كاڵەكە، كە گوێیان لە قاوقیژ بوو هورژمیان بۆ ئەوێ هێنا، یەكێكیان سەگێكی هەبوو ئەم سەگە عەقلی وابڕی كەلەم بێنەو بەرەیە بەشداری بكا.

ئەمە بوو، كە بە وەڕەوەڕ بەدوای جاشولكەكە كەوت جاشولكەكەیش لە ترسی خۆی بە جریتە بازییەوە خێراتر غاری دا، بەڵام سوڵتان مراد سوارچاكی خۆی نیشان دەدا و لەبای غارێدا خۆی لەسەر كاكۆڵ رەش هەڵدەدا خوارێ بە فرتكەیەك خۆی هەڵدەداوە سەرپشتی ئەمەش خۆشیەكی پڕ لە تاسەی خستبووە دڵی منداڵەكانەوە.

بەر لە جەنگ سوارەكانی ئەندامی ئەنجوومەنی هاوكاری و بەرگریكردن، لە چیمەن شینكاییەكەی تەنیشت تەلاری ئەنجومەنی گوندەكەیاندا بە هەمان تەرز ئەسپ سواریان دەكرد، ئەمانە سوارەی (ئائیل)بوون و دوای تەواوبوونی كاری رۆژانەیان ئەسپ سواریان دەكرد. لە كاتی چوارناڵەدا بە شمشێرەكانیان نەمامیان دەپەڕاند و لەسەر زینەكەوە فرتكێكیان بۆ خوارەوە لێدەدا و خۆیان دەهاویشتەوە سەر ئەسپەكانیان. هەندێكیان نیشانەی سوارچاكیان وەرگرتبوو. نیشانەی زریزەدار، كە بە سنجاق و دەرزیلان بە بەرۆكەوە دەكرا، زۆر جوان بوون، منداڵەكان حەسرەتیان هەڵدەكێشا و هەرا هەرایان دەكرد تا تەماشای سوارەكانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوكاری و بەرگریكردن بكەن.

ئێستا ئەوانە لە كوێن؟ بەسواری ئەسپەوەن یان لەناو سەنگەرانن؟ دەڵێن ئێستا لەجەنگدا چیدی ئەسكەری سوارە بەكار ناهێنن...

سوڵتان مراد تەماشای ئەودیوی پەنجەرەی كرد و بیری كردەوە هەرچەندە بەسواری ئەسپەوە رەق دەبنەوە بەڵام سەرما كار لە تانگ ناكا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر ئەسپ باشترە!

ئەو حەلە چەندەی بەكەیف دەبوو! بە یال رەش خێرا كەوی و گوێڕایەڵ بوو و تێگەیشت، داوای چی لێدەكرێ: بە ئاسایی بڕوا، خێرا بڕوا، بگەڕێتەوە یان بەلای راستدا بڕوا... .

سوڵتان مراد بانگی براكەی كردو گوتی:

ـ ئێستا وەرە سواربەو هەموو شتێك بە دڵی تۆیە و تەواوە.

حاجی مراد لە باغری و بەخۆنازینان سوور هەڵگەڕاو بە پاژنەکانی لە لاتەنیشەکانی یاڵ ڕەشی سرەواند و بەم لاو بەولادا کەمێکی لێخوڕی ئێستا هەموویان بە چاوی خۆیان دیتبوویان، کە ئەو چ کاکێکی لێهاتووی هەیە، چۆن دەبێ شانازی بەم حاڵەوە نەکەی! ؟ .

هێندەی نەبردبوو هەوا تاریك داهاتبوو، هەموویان ماندو و شەکەت و ڕازی بۆ ماڵ گەڕانەوە. حاجی مراد بە سواری گوێدرێژەکەوە چۆوە ناو حەوشەی ماڵێ تا خۆی پێشانی دایکی بدا.

ئەو یەکسەر بەلا داهات و خەو بردیەوەو هەستی بە مەسەلەکە نەکرد بەڵام ، سوڵتان مراد خەو نەیدەبردەوەو بیری دەکردەوە، کە بەیانی چۆن چۆنی بۆ شار دەچێ و لەوێ چ دەبینێ و چ شتانێك چاوەڕێی ئەون. کە تازە خەو دەیبردەوە گوێی لێبوو، کە داك و بابی لەسەرەخۆ پێکەوە دەکەن.

باوکە گوتی: من دەمویست ئەوەی دیکەش لەگەڵ خۆمدا ببەم پێکەوە بۆیان خۆشترە... . جێی داخە، کە لە ناو عەرەبانەکە جێگا نییە دەبێ لەسەر عارەبانە لەو پێشی پێشەوە لەژێر بەرمیلەکە دانیشێ ڕێگاش دوورو درێژەو منداڵەکە خەو دەیباتەوەو دەکەوێتە بن تایەکانەوە.

دایکە ترساو لەژێر لێوەوە گوتی:

ـ ئەم قسانە مەکە، خوا نەکا، بەهیچ جۆرێ بیر لە بردنی ئەو مەکەوە پێویست ناکا جارێکی دیکە ئەو ببە، لێگەڕێ با کەمێك هەراشتر بێ. تۆ چاوێکت بکە دوو و ئاگاداری ئەمەیان بە. وا مەزانە گەورەیە، هێشتا ماویەتی گەورەبێ.

سوڵتان مراد بە دڵێکی خۆشەوە دەنووست. بیستنی قسە لەسەرەخۆکانی دایك و بابی و ئەو دالغەی، کە بەیانی سەحەران لەگەڵ باوکی دەکەونە ڕێگا، زۆر سازگار و خۆش بوو. لەناو نوێندا بەدڵێکی، کە لە خۆشیان خەریك بوو بوەستێ، هەستی بە توانایەکی لە وەسف نەهاتووی فڕین کرد سەیر بوو لە کوێ فێری فڕین ببوو مرۆڤ دەتوانێ بڕوا، ڕابکا، مەلە بکا، بەڵام ئەو دەفڕی، بەڵام نەك کت و مت وەك مەلان مەل لەشەقەی باڵ دەدەن ئەو تەنیا باڵەکانی لێك کردنەوەو سەری پەنجەی دەستەکانی جووڵاندەوەو بە ئازادی کەوتە فڕین. نەیدەزانی لەدنیای بێدەنگ و پێکەنیناوی و پان و بەریندا لە کوێوە بۆ کوێ دەفڕێ؟ ئەمە فڕینی ڕۆحی بوو لەخەودا گەورە دەبوو.

ئەو حەلەی باوکی دەستێکی لە لاشانیداو لەسەرخۆ لەبنا گوێی گوتی:

ـ سوڵتان مراد هەڵسە دەبێ بڕۆین، لەخەو هەڵساو بەرلـەوەی لـەناو جێگـا بێتـەدەر بـۆ چرکەیەك هەستی کرد، کە شەپۆلێك لە میهرەبانی و ئەمەکداری لەمەڕ باوکیەوە بەسـەراپای لەشیدا هات، میهرەبانی و ئەمەکداریەکی ئەوتۆ، کە بـە خشـانی سمێڵـە زوورەکـانی بـاوکی بەلاجانگیداو هەروەها بە بیستنی قسەکانی لە مێشکدا بووژایـەوە، هێشـتا نەیـدەزانی، کـە رۆژگارێ، بەخەم و دەرد، لەمەڕ ئەم سمێڵ بەرکەوتنەو قسەکانی بەبیر خۆی دەهێنێتـەوە، کـە گوتی: (سوڵتان مراد هەڵسە دەبێ بڕۆین).

دایکە دەمێك بوو هەڵسابوو ئەو کراسـی خـاوێن و کـڵاوی سـەوزو فـەراحی وەك کـڵاوی سەرۆکان، کە باوکی سوڵتان مراد پارەکە لـە (کـەناڵی چـو)وەوە هێنـابووی و هـەروەها ئـەو پۆتینانەی شاردبوونیەوە و ئەویش هەر باوکی لە کەناڵەوە هێنابووی دایە دەستی کوڕەکـەی و گوتی:

ـ پۆتینەکانت لەپێ بکە، بزانە تەسك نین؟

سوڵتان مراد گوتی:

ـ نا، تەنگ نین.

هەرچەندەی کەمێك تەسك بوون بەڵام هەروا دەبوو بەپێم دەکەن و دادەکەنرێن.

ئەو کاتەی ئەوان خواحافیزیان لە دایکی کرد بە سواری عارەبانەوە لە حەوشە وەدەرکەوتن و وەختێ عارەبانە نەوت کێشەکە بەتەق و هۆڕ بەرووبارە چەوەڵانە گەورەکەدا تێپـەڕی، دڵـی حاجی مراد داخورپاو تەکانێکی داو لە خۆشحاڵی و پریشکە پریشکی ساردی، کە لەژێر پێـی ئەسپەکان بەو داپڕژان خۆی نوشتاندەوەو تێگەیشت، کە ئەو خـەون نییـە بـەڵکو بەخەبـەرە و بەراستی بەرەو شار دەچێ.

سپێدە دەمێکی هاوینی وەك هەنگوین روونـاك دادەهـات. خـۆر هێشـتا لـە جێگایـەکی دووری پشت کێوە پڕ بەفرەکانەوە خـۆی مـەڵاس دابـوو، بـەڵام بەرەبـەرە بڵنـد دەبـوو وەك جوجەڵەیەکی، کە سەری لە قەپێلك بجووقێنێ و دەنـووك لـە دیـوای قەپێکەکـەی دا ئامـادە دەبوو، کە لە هێکرا بێتە دەرو لە پشت کێوانەوە تیشکان پەخشان بکا.

لەو کاتەدا جادەکە هێمن بوو. ساردو تەڕو تازە دەهاتە بەر چاوان. سەد مخابن کـە هـیچ یەکێکی لە منداڵەکان نەدیت تا ببینن کە ئەو چۆن لەگەڵ باوکی لـە (ئائیل)دەرچـوو، تـەنیا سەگە خەواڵوەکان لە گۆشەو کەناران پەیدا دەبوون بەبیسـتنی دەنگـی چـەرخەکانی عارەبانـە کەوتنە وەڕین و حەپە حەپ... .

جاده زورگاویەکە بەرەو دەشت و چۆلی و زنجیرە چیایەکی کورت و بنەوشەیی و تاریك درێژ دەبۆوە، ئەوێ کەوتبووە پشت ئەو چیا دوورە دەستانەی جمبۆلەوە، کە رێگای ئەوان بەرەو لای ئەوێ بوو.

ئەسپە تێرەکان ئازایانەو بە چوار ناڵەی کورت و هەماهەنگ دەبەزین و وادەهاتە بەرچاو، کە ئاگایان لە زین و نیری عارەبانە نەبوو، بۆ خۆیان رادەکەن و وەك عادەتی هەموو ئەسپێك دەیانپڕماند و کاکۆڵیان بەسەر چاوەکانیاندا دەهات و دەچوو. رێگاکە بۆ ئەوان زۆر ئاشنا بوو و چەندەمین جاریان بوو بەم رێگایەدا هاتوچۆیان دەکرد. خاوەن عارەبانە لە جێگای خۆیدا دانیشتبوو و رێشمەکەی لەدەستدا بوو. ئەو کوڕێژگەیەشی، کە لە کەناری ئەو دانیشتبوو لەبەر چاوی ئەسپەکاندا خۆیی بوو و رێگای لەراکێشانی عارەبانەکە نەدەگرت... . .

ئەوان بەهەوایەکی خۆش لە جوڵەدا بوون و عارەبانەکەش وەك هەموو عارەبانەکانی دنیا لە لێکخشانی وشك و هۆی دیکەوە تەق و هۆڕیان لەم ناوەدا نابۆوە. لەم سەروبەندانەدا خۆریش لە لاپاڵێکی چیاکان گزنگی دا. تیشك و گەرما هێمن و نەرم لەگەڵ شەپۆلی شنەی بادا بەسەر ئەستۆی ئارەق کردوی ئەسپەکاندا هەڵیدەکرد.

ئێستا (چاپدار)شین خۆی دەنواند و چونتور رەنگی پتر شێ یەکی سپات و روونكتر دەبوو، رووناکی و گەرما بە کولمە دەرپەڕیوە برۆنزییەکانی باوکیەوە نووسا بوون. لۆچە رەقەکانی دەوروبەر چاوەکانی ئەویان زیاتر بە قوڵدا بردبوو. دەستەکانی، کە لغاوەکەیان گرتبوو، گەورەتر و پڕ رەگ و پیر تر دەهاتنە بەرچاوان. رووناکی و گەرما رێگاکەیان پڕ کردبوو. وەك بریسکەی کارەبا لەژێر سمی ئەسپەکاندا دەردەپەڕین[١٣].

تیشك و گەرما دزەیان دەکردە دوو توێی لەش و کونی چاوەکانەوە. رووناکی و گەرما گیانیان دەهێنایەوە بەر هەرشتێکی، کە لەسەر زەمیندا هەیە. ئەو رۆژە سەر لەبەیانی بەدەم رێگاوە ورەی سوڵتان مراد شاد و ئازاد بوو.

باوکی بە گاڵتەوە گوتی:

ـ ئەرێ، لەخەو هەڵسای؟

کوڕەکە وەڵامی داوە گوتی:

ـ زۆر دەمێکە.

(١٣) ئەمەم لە ئەلمانیەکەوە وەرگرتووە.

ـ ئێستاکە بێدار بوویتەوە کەواتە بگرە. باوکە لغاوی ئەسپەکانی بەو سپارد. سولّتان مراد لەرووی ئەمەگدارانە پێکەنی ئەو بەبێ سەبرو ئارامی چاوەڕێی ئەوەی دەکرد. دەکرا خۆیشی ئەم داخوازیە بکا بەڵام باشتر بوو باوکی ئەمە بە پێویست بزانێ. لێرە لەسەفەری دوور نەك لە جێگایەکی دیکە پشتی پێبەستێ و باوەڕی پێبکاو لغاوی بداتە دەست، ئەسپەکان هەستیان کرد، کە لێخوڕینیان دراوەتە دەستێکی دیکەو لەبەر ئەوە بە نارەزاییەوە گوێیەکانیان شۆڕ کردەوە و لەکاتی غاردانەدا گازیان لە یەکدی گرت. ڕێك وەك ئەوەی بڕیاریاندا بێ لە لاوازی رابەرەکەیان بغەزرن، بەڵام یەکسەر سولّتان مراد دەست و قامی خۆی نیشان داو بە تەکانێکی لغاوەکە تێی ڕا خوڕین و هاواری کرد:

ـ ئاهای، ئارامبن، ئەگەر نا!

ئەگەر مرۆڤ تەنیا لەو ئان و ساتەی تێیدابە خۆشبەخت بێ، نە لەرابردوو و نە لەداهاتوودا پێویستی نییە. دە ئەوەتا سولّتان مراد لەم سەفەرەدا دەیچێژێ و پڕ بەدڵ هەستی پێدەکا تا دەقەیەکێش نەبوو، کە مگێزی لە شتێك تێکچێ. ئەو لە تەنیشت باوکی هەستی بە لێوەشاوەیی تەواو دەکرد و بە درێژایی رێگاکە ئەم هەستەی بەری نەدا تەقە تەقی ئەم عارەبانەی نەوتە رەنگ بوو کەسێکی دیکەی شێت دەکرد، بەڵام بۆ ئەو ئەم تەق و هۆڕە ئاوازێکی شادی بەخش بوو، تۆز و خۆڵێکی، کە لەژێر عارەبانە لەدواوە بڵند دەبوو، رێگایەکی چەرخی عارەبانەکە بەسەریدا دەخولانەوە. ئەسپەکان کەبە سمەکانیان و هاوزەمان و هاوئاهەنگ شونیان لە جادەدا بەجێدەهێشت، ئەسباب و ئالاتە زەریفەکانیان، کە بۆنی ئارەقەو شەمێیان[١٤] دەدا، گەواڵە هەوری سپی و سووك، کە بەسەر سەریانەو لەو پەڕەگەی ئاسماندا کۆچیان دەکرد، گیاو لەوەڕی هەڵساوی دەوروبەر، کە هێشتا وشك نەببۆوەو بە رەنگی زەرد سوورێکی تۆخ و بنەوشەیی بوون، رووبار و جۆگەلەکان، کە ئاویان بەسەر رێگایانەوە وەرکردبوو، سوارو عارەبانەکانی، کە بەرەو روویان دەهاتن، پەرەسێلکەکانی دەوروبەری رێگا بەخێرایی لە دواوەو لەپێشەوە دەفڕین و جاری وا دەبوو هێندەیان نەدەما بەر قەپۆزی ئەسپەکان بکەون، ئەوانە هەموویان خۆشبەختی و ئەوپەڕی جوانیان بۆ سولّتان مراد دەستەبەر دەکرد، بەڵام ئەو لەم بارەوە بیرێکی نەدەکردەوە، چونکە خۆشبەختی لەئارادایە، بیری

(١٤) شەمێ: مۆم.

لێناکەنەوە. ئەو هەستی دەکرد، کە جیهان وا دروست بوە، کە لێی جوانتر نابێ و باوکیشی هەر بەو جۆرەیە، کە لێی باشتر نابێ هەبێ.

تا بەوە دەگا، کە مەل و باڵندە زەرد و سەر رەشەکانی دەشت و دەری سەرانسەری رێگا لەناو پنجك و دڕیان بیهۆدە بەو شێوەی، کە فێر بوون وەك یەك نەخوێنن، ئەوان دەزانن بۆچ کەسێك دەخوێنن و دەزانن، کە سوڵتان مراد ئەوانی چەند خۆشدەوێ. ئەم مەلانە ناویان سارایگیرە (ساری- رەنگ زەرد، ئیگیر: ئەسپ) وە لەبەر ئەوە ئەوها ناودەنرێن، کە لە سەرانسەری ژیاندا بەفیکەو خوێندنیان ئەسپی زەرد تاو دەدەن: (نوچ، نوچ سارایگیرا. نوچ، نوچ، سارایگیرا.) سارایگیرا پەلەوەری زۆر باشن، بەڵام دیارە، کە ئەوان بۆ هەر زمانەی بەجۆرێکی تایبەتی دەخوێنن. رۆژیکیان کرێکارێکی (ئاپارانجی) سینەما کە گەنجێکی قۆزی روس بوو، هاتە ئائیل. سوڵتان مراد بەدەوروبەری ئەودا دەخولاوە و لە هەڵگرتنی قوتوی فیلمان هاریکاری دەکرد. لەباتیان کە شەو داهات یەکەم کەس، کە سووڕاندنی، دینەمۆی درایە دەست سوڵتان مراد بوو، لە دینەمۆدا کارەبا بەرهەم دەهێنرا بە کارەبا گلۆپەکان دادەگیرسان. لە گلۆپەکانەوە رووناکی بەر دیواری شاشەی سپی سینەما دەکەوت و لەوێشدا وێنەی زیندوو پەیدا دەبوون.

جارێکیان کرێکارەکە کەمێك گوێی بۆ خوێندنی سارایگیر هەڵخست و پرسی:

ـ ئەمە چ مەلێکە لەپشت دیوارەوە دەخوێنێ؟

ـ سوڵتان مراد وەڵامی داوە:

ـ ئەمە سارایگیرە.

ـ چ دەخوێنێ؟

ـ نوچ ـ نوچ ـ سارایگیر.

ـ مانای چیە؟

ـ نازانم، دەبێ بە روسی مانای (هین هین ئەسپی رەنگ زەرد.)بدا.

ـ یەکەم ئەسپی زەردرەنگ نییە. باوا دابنێن هەبێ بۆچی دەخوێنن (نوچ، نوچ، سارایگیر!)؟

ـ چونکە وادێتە بەرچاوی ئەم مەلە، کە سوارەی سارایگیر دەچێتە زەماوەند و هەرچەندەی دەڕوا و ناگاتە مراز، لەبەر ئەمەیە، کە ئەو بەردەوام هەر تاو دەدا و دەڵێ(نوچ، نوچ، سارایگیر.)

ـ بەڵام   من وام بیستوە، کە گوایە سارایگیر لە بازاڕ یـاریی کاغـەزی کـردوەو هێنـدەی نەمابوو سێ ڕۆبل بباتەوە بەڵام   نەیبردۆتەوە لەبەر ئەمەیـە، کـە ئـەوها دەخوێنـێ: (هـیچ، هیچ، سێ ڕۆبل ببەمەوە!) و تا ئەوکاتەی ئەم سێ ڕۆبلە نەباتەوە هەر ئەو ئاوازە دەخوێنێ.

ـ باشەکەی سێ ڕۆبل دەباتەوە؟

ـ هیچ کاتێ نایباتەوە، هەر بەمجۆرە، کە هیچ کاتێك ناگاتە شوێنی زەماوەندەکە.

ـ سەیرە.

لەراستیشدا سارایگیر لە ڕواڵەتـدا مـەلێکی هێنـدە بەرچـاو نییـە کەچـی ئـەو هـەموو ناوبانگەی هەیە.

سارایگیرەکان لەسەرانسەر و بەدرێژایی ڕێگادا دەخوێنن و سوڵتان مراد پێیان پێدەکەنێ:

ـ با پێکەوە بچینە بازاڕ و سێ ڕۆبل ببەینەوە!

سارایگیرەکان بەهەمان شێوە فیك و هۆڕ دەخوێنن (نوچ، نوچ، سارایگیر) و جارێکیش بەم شێوە (هیچ، هیچ، سێ ڕۆبل ببەینەوە!)

سوڵتان مراد پەلەی بوو تا زووتر بگاتە شار. خۆر دووگەز بەسـەر کێوانـەوە بڵنـد ببـوو، سوڵتان مراد دیسانەوە ئەسپەکانی تاو دا.

ـ نوچ، نوچ، سارایگیرـ ئەو ئەمەی لەگەڵ چاپدار بوو.

نوچ، نوچ، تورایگیر! ـ ئەمەشی لەگەڵ چونتور بوو.

باوکی قڕەقڕێکی بەسەردا کرد و گوتی:

ـ تۆ زۆر تاویان مەدە، ئەسپەکان خۆیان دەزانـن ئـەوان خۆیـان دەزانـن و ئاگایشـیان لـە خۆیانە.

ـ بابە گیان کامەیان ڕەسەنترو چاکترە، چاپدار یا چونتور؟

ـ هەردووکیان باشن. هەم لە ڕۆیشتن و هەم لەلایەنی هێـزەوە، وەك ماشـێن کـار دەکـەن تەنیا پێویستە لە کاتی خۆیاندا ئالیك بدرێن و چاکیش ئالیك بدرێن و زین و قایش و قروشـی ئەسبابیان بەردەوام چاودێری بکرێ، بەم شێوەیە دەکرێ لـە سـەلامەتیان دڵنیـا بیـت. ئـەوان ئەسپی ئەوتۆن جێگای دڵنیایی و پشت پێبەستنن. پارەکە لە کـەناڵی (چـو) لـە ناوچـەیەکی زەلکاو کارمان دەکرد. عەرەبانەکان بـەبارەوە تـا ناوەڕاسـتی چـەرخەکانی لـە قـوڕو لیتـەدا دەچوونە خـوارێ و دەچـەقین. ئەوکاتـە عارەبانچـیەکان دەهـاتن و داوای یارمـەتیان دەکـرد نـەدەکرا. ڕوویـان لێـوەرگێڕی و جێیـان بهێڵـی. چـاپدارو چـونتورم دەبـردو و لەعارەبانـە

چەقیوەکەمان دەبەستەوە ـ ئێمە ئەوان بە گیانلەبەر دادەنێن و لە کاتێکدا عاقڵن و تێدەگەن، کە ئێمە لە خۆڕا نییە ئەوان لەعارەبانەی دیکەوە نابەستین و دەبێ هاریکاریمان بکەن. من هێندەم قامچی بەکار نەدەهێنا و تەنیا دەنگم دەدان و هەرئەوەندە، تەنیا ئەسبابی عارەبانە نەبچڕابان ئەگینا ئەوان بە خزینی سەر چۆکانیش با عارەبانەکەیان لە چاڵەکە دەردەهێنا. لەوێ لە کەناڵی (چو) هەموو ئاگایان لە ئەسپەکانی من هەیە و ئێرەییان پێدەبردم و دەیانگوت: (بەگبای: تۆ بەختت هەڵساوە) رەنگە بەختیشم بووبێ بەڵام دەبێ زۆر چاودێری ئەسپەکان بکرێ، ئەوکاتە بەختیش یار دەبێ.

چاپدار و چونتور و چاپووك و زرنگ بەهەمان شێوە چوارناڵە بەرەو پێش دەچون، بە جۆرێکی وا وەك بڵێی ئەسڵەن گوێیان لەو قسانە نەبوو، کە لەبارەی ئەوانەوە دەیانکرد. ئەوان بەگیانی شەلاڵی ئارەقەوە بۆ خۆیان لەبای غارێدا بوون و بە تەکاندانی سەرو کەللەیان مێشو مەگەزی رێگایان لەخۆیان دەردەکرد.

سوڵتان مراد لەباوکی پرسی!

ـ بابە، کامەیان بەتەمەنترە، چاپدار یا چونتور؟

ـ چونتور و سێ ساڵ بەتەمەنترە من دەزانم، کە خەریکە کەمێك پیر دەبێ و توانای کەمتر دەبێتەوە، بەڵام چاپدار لە هەرەتی توانا و بڕشتیدایەو تۆکمەو گورج و بەغارە، لەگەڵ ئەودا دەتوانێ پێش لە زۆر ئەسپان ببڕیەوە، پێشینان ئەم جۆرە ئەسپانەیان بە ئەسپی سواری ناو دەبرد.

سوڵتان مراد لە خەسڵەتەکانی چاپدار چێژی بینی، جارانیش هەر زێتر کەیفی پێدەهات جسنەکەی نائاسایی یەعنی شتێکی جنجر بوو، جگە لەمە ئەم ئەسپە یاختەو بەدخو نەبوو جوان و بەهێز بوو.

سوڵتان مراد بەباوکی گوت:

ـ من چاپدار پەسند دەکەم، چونتور تووڕەو تۆسنە هەر بەتی چاوانەوە سەیری مرۆڤ دەکا.

باوکە پێکەنی و گوتی:

ـ شەڕەنگێزنییە، بەهۆشەو حەزناکا بێهودە نارحەتی بکەن، دوای کەمێك بێدەنگی گوتی: هەردووکیان باشن.

سوڵتان مراد لەگەڵ قسەکانی بابی کۆك بوو و بەدەم ئەسپ لێخوڕینەوە دووبارە گوتیەوە:

ـ هەردووکیان باشن.

باوکه دوای کەمێك گوتی:

ـ باشه، ڕێشمەکە کەمێك توندکە و عەرەبانەکە ڕاگرە و هێمن و بەپارێزەوە فیکەو شاوری کێشا، ئەسپەکان دەیانەوێ بمیزن و بەڵام ناتوانن بیلێن دەبێ ئاگادار بی.

لەراستیشدا هەردوو ئەسپ لەناو جادەکە شوڕە سوڕی میزیان دەست پێکردو میزێکی کەفاوی لەناو جادەکە جۆگەلەی بەست و تۆزو خۆڵی ژێر چوارپەلیان لە پروشکی میزەکە پەپکەی دەکرد و تەڕ دەبوو، دووبارە ئەوان کەوتنەوە ڕێ، ڕێگاکە هەر بەرەو پێشەوە دەکشا و چیاکانیش لەدواوە بەجێ دەمان و پتروپتر دوورتر دەکەوتنەوە. بەخێرایی باغەکانی دەوروبەری شار بەدەرکەوتن و ڕێگاش بە هاتوباتر بوو، لێرەوە باوکە سەرلەنوێ ڕێشمەکەی گرتەوە دەست و کارێکی باشیشی کرد. لەم کاتەدا سوڵتان مرادیش وەختی نەبوو حەواسی لەلای ڕێشمەو ئەسپەکان بێ شار دەست پێدەکرد و سوڵتان مراد نوقمی ناو غەڵبە غەڵب، ڕەنگ و بۆنان بوو وەك ئەوەبوو، کە تەوژمێکی خێرا ئەوی داوەتە بەرخۆی و شەپۆلەکانی ئەویان بەتەقڵەو ڕاپێچەکدان پێش خۆیان داوە.

هەمان کات، هەر لەو ڕۆژە پڕ لەخۆشیەدا بەختێکی وای هەبوو، کە کەس نەیبێ: لە ئاتچابار، لەناو بازاڕی گەورەی مالات فروشتندا لە جەمبول بەرێکەوت ئاژەڵی باغی ئاژەلانیان هێنابوو. ئای کە ڕێکەوتێکی سەیرە! مرۆڤ یەکەم جاری بێ بێتە شارو لەوێدا چەندان ئاژەڵی جۆراوجۆر ببینێ. سەرەڕای ئەمەش چەرخ و فەلەك و ئاوێنەی، کە قەدو باڵا بچووك دەکاتەوەو دەشکێنێتەوە لەوێ بێ.

٢- سوڵتان مراد سێ جاران چووە ژووری پێکەنین و ژووری ئەو ئاوێنانەی، کە قەدو باڵا کورت دەکەنەوەو خواروخێچ دەکەن، هەرجارێکی دەچوە ژووری تێر پێدەکەنی و دەهاتەوە دەرێ و هێمن دەبۆوەو دووبارە دەچۆوە بەر ئاوێنە سەیروسەمەرەکانەوە.

مرۆڤ بەژن و سەروسەکوتی عەجیب و غەریب دەبوو، چ شتانێك!

کە جنۆکەش فکری بۆی ناچێ ئەم کەل و پەلانە دروست بکا.

باوکە، عارەبانەکەی لەپێش قاوەخانەیەکدا ڕاگرت، کە قاوەچیەکەی دەناسی بۆ ئەوەی چاوێکی لەعارەبانەکەوە بێ، ڕۆیشت و سوڵتان مرادی بۆ بازار برد یەکەم جار سەری لە دۆست و ناسیاوانی ئەو ناوە داو کەوتە سلاو و ئەحواڵ پرسینیان هەروەها کوڕەکەیشی پێناساندن: (ئەمە کوڕە گەورەمە!).

برادەرەکانی باوکی لەجێی خۆیان کەمێك بڵند دەبـوون، دەسـت بەسـنگەوە سـڵاویان لـە سوڵتان مراد دەکرد باوکە بە رازیبونێکەوە دەیگوت: (مرۆڤـی بەئـەدەبن، تەماشـای تەمـەن ناکەن ئایا گەورەی یان بچوکتری ئەوان هەمیشە حورمەتی بەرانبەرەکەیان دەگرن...)

پاشان بەبەردەمی ڕیزە فرۆشیارو دووکانانـدا رەت بـوون و سـەریان لـە موغـازان داو لـە هەمووش گرنگتر ئەمەیە، کە سەریان لە باخچەی ئاژەڵانی سەیار دا. ئـەوان بـەنێو ئـاپۆرەی خەڵکی بە پاڵەپەستێوان دەرۆیشـتن و لەهـەموو قەفـەز و دووکانـەکانی دیکـەی گیانـەوەران سەریان خواردەکردەوە، فیل، ورچ، مەیمون، عەنتەر[١٥] و زۆر گیانداری دیکەیشی لێبـوو... . بە تایبەتی ئەو فیلەی لەوێ بوو رێك لەمێشکیدا چەسپیبوو. فیلێکی لەنـدەهۆر و زەبـەلاح، رەنگ خۆڵەمێشی وەك گردێك بوو، کە پووشەکەی سووتابێ. فیلێك بوو بەردەوام لەسـەر ئـەم پێ بۆسەر ئەوپێ دەوەستا و خەرتومەکەی بەملاو ئەولادا دەبرد و جۆلانەی پێدەکرد. بەراستی ئەمەیان دیمەنێکی حیسابی و خـۆش بـوو. خـەڵك لەبـەردەمی راوەسـتابوون و شـتی سـەیرو ئەفساناویان لەبارەوە باس دەکرد، کە گوایا فیل لە مشك دەترسێ، نابێ گاڵتەی پـێ بکـرێ، ئەگینا خۆی رادەپچکرێنێ و زنجیر دەپپسێنێ و هەموو شارەکە پان و فلـیچ دەکاتـەوە، بـەڵام سوڵتان مراد بەر لەهەموان زۆر دڵی بەوەسفی پیرەمێردێکی ئۆزبەکی خۆش بوو، کـە گـوتی: (فیل زیرەکترین گیانلەبەری دنیایە لەکاتی کارکردندا لەناو جەنگەڵـدا داری زۆر سـەنگین و گران بەرز دەکاتەوە، جگە لەمە ئەگەر مار یان زیندەوەرێکی ترسناك هەڕەشـە لـە منـداڵێك بکاو مرۆڤی بەتەمەن و گەورەی لێوە نزیك نەبن بەخەرتومەکەی منداڵەکە بەرز دەکاتەوە).

باوکیشی ئەم جۆرە وەسپ و پێداگوتنانەی بەدڵ بوو و لە حاڵێکدا وەستابوو لەسەرسامیان سەری بادەداو چوکەچوکی بوو هەر جارەی بەکوڕەکەی دەگوت (گوێـت لێبـوو؟ شـتی چـەندە سەیر لە دنیادا هەیە!) هەڵبەتە ژووری پێکەنینەکەیشـی هـەر لـەیاد مـابوو، لـەوێ مـرۆڤ چەندەی بیەوێ ئەوەندە پێدەکەنێ تا دەبوورێتەوە... .

سوڵتان مراد بەگۆشەی چاو تەماشایەکی میرزا گوڵی کرد، کە چەند تەختەیەك لەو لاتردا دانیشتبوو و بەشەیتانێکەوە بـیری کـردەوە: (شـازادەی جـوانی! ئەگـەر تـۆ دەچـویتە ژووری پێکەنینەوە یەکسەر لەرەی دەنگت دەگۆڕا هەر، کە خۆت بەسەروسەکوتێکی عەجایبەوە لـەو

(١٥) عەنتەر: جۆرە مەیمونێکی کلك دارە.

ئاوێنانەدا دەدیت چیدیکە فیزو هەواو لووت بەرزیت نەدەما). بەڵام سوڵتان مراد یەکسەر لە بیرکردنەوەکەی شەرمی لەخۆی کردەوە.

کە بۆچی لەوکچەی هەڵپێچاوە؟ مەگەر ئەو خراپەکی دەرحەق کردوە؟ کچێکە وەك هەموو کچەکان ئەو نەشمیل و جوانە، لەهەموو کچەکانی پۆلەکە جوانترە، دەباشە کەچی بووە! مەگەر بەجوانییەکەی گوناهکارە هەندێ جارانیش نومرەی خراپ وەردەگرێ.

جارێکیان خانمی مامۆستا لەناو دەرزدا ئاوێنەی لێگرتوو پێی گوت:

ـ جارێ زووە بۆت کە لەئاوێنەدا سەیری خۆت بکەی.

ـ میرزا گوڵ لەشەرمان سوور سوورهەڵگەڕاو هێندەی نەمابوو لە پڕمەی گریان بدا.

لەو وەختەدا سوڵتان مراد زۆر دڵی پێی سوتاو لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئێستا چی رووی داوە، رەنگە ئاوێنەکە بەرێکەوت بێتە ناودەستی).

سوڵتان مراد جارێکی دیکە تەماشایەکی ئەولای کرد و دڵی پێی سووتا چونکە دیتی میرزا گوڵ لەشەرمان چۆتەوە قاوغی خۆی و رەنگی شین و مۆر هەڵگەڕاوەو چاوە تەڕەکانی وەك بەردی تەڕ دەبریقانەوە، ئاخر رەنگە بگرێی، هەم باوکی و هەم برای لەبەرەکانی جەنگن... . بۆ ئەوە ناڵێ، ئای کە خراپ بیر لە کچۆلەیێکی وا دەکاتەوە، ئای عەجەب ئەحمەقێکە، بەراستی ئەحمەقە.

زۆر لە قوتابیەکان لە ناو پۆلدا کۆخەکۆخیانە، چۆنە ئەویش کۆخەیەك بکات؟ ! بەئانقەس خۆی هێنایە سەرشێوەو حاڵی کۆخەکردن، مەگەر چی بووە؟ هەموو هەر دەکۆخن ئەو لە کەس کەمترە؟ خانمی مامۆستا ئینکەمال ئاپای بەچپەنیگاێیکی پڕماناوە سەیرێکی ئەوی کرد و درێژەی بەدەرسەکەی خۆیدا.

٣- ئەوان دوای تەماشاکردنی گیانلەبەران و ژووری پێکەنینەکە چونە بازاڕی کۆنە فرۆشان و لەوێ کەوتنەکڕینی چەند دیاریەك بۆ حاجی مراد هەفت تیریکی نوێ و جوان و بەباق و بریقیان کڕی و کەهەر لە دەمانچەی بەراستی دەچوو بۆ کچۆڵەکانیش تۆپی رەنگاوڕەنگی و نەرمۆڵەیان کڕی(١٦) بۆ دایکی سەرپۆشێك و ئینجا زۆر جۆرە شیرینیان کڕێ...

بەسەرانسەری بازاڕەکەدا خولانەوەو هەموو شتێکیان دیت ئەو تەنیا سواری چەرخ و فەلەك نەبوو، باوکەکەی داوای ئەمەی لێنەکرد و گوتی ئەمە بۆ مندالانە تۆ ئیتر گەورەی و پاشدان

---

(١٦) نووسەر باسی تۆپێك دەکا، کە بەلاستیکێکەوە بەستراوە کەدەیهاوێ دووبارە بۆت دەگەرێتەوەو... هتد.

بە گاڵتەوە گوتی هەریەك دوو ساڵی دیکەیە ژنت بۆ دەهێنم لە نزیك چەرخ و فەلەکەوە وەستان و تەماشایان کرد دوایی باوکی پەلەی کردو گوتی: دەبێ خۆمان بگەیەنینە کۆگای نەوت و بۆشکەکان پڕ لەنەوت بکەین و بکەوینەوە ڕێگا. کاتەکەمان تەنگە لەراستیشدا کاتێك، کە گەیشتینە کۆگای نەوت خۆر لەوبەری شار بەرەو خوار لار دەبۆوە. لەوێوە چونە دەرەوەی شار و لە قاوەخانەی سەر ڕێگادا پلاویان خواردو بەرەو ماڵ ملی ڕێگایان گرتەوەبەرێ.

خۆرنشینان باغەکانی دەرەوەی شاریان لەدواوە بەجێ هێشتبوو، سەر لەنوێ ملی ئەو ڕێگایەیان گرتەوە بەر، کە بەیانی لێیەوە هاتبوونە شار. سەر لەئێوارە گەرم و پڕ لەبۆن و بەرامەی جیاجیای هاوینی بوو بۆق لە جۆگەلەکانی کەنار ڕێگادا قیرەقیریان بوو ئەسپەکان بە هەنگاوی یەکسان و سەنگین ڕێیان دەکرد بە بەرمیلی پڕەوە ناکرێ زۆر بڕەتێنرین و ڕابکەن. سوڵتان مراد بەرەبەرە خەریك بوو خەو دەیبردەوە، ماندو بوو، چۆن ماندو نەبێ، ئەمڕۆ ڕۆژێك لەڕۆژە خۆشەکانی ژیانی بوو زۆری خەو دەهات سوڵتان مراد خۆی خزاندە پاڵ باوکی و بەسەری ڕەحەت خەو بردیەوە.

ناوناوێك، کە عارەبانەکە لە چاڵ و قوڵتاییانی دەدا بەخەبەر دەهات، دووبارە خەو بەسەریدا زاڵ دەبۆوە و هەرجارێك بەر لە خەولێکەوتنی بەبیری دەهاتەوە: چەند باشەکە لە دنیادا باوك هەیە لە شانەکانی باوکی هەستی بە ئارامی و دڵنیایی دەکرد و عارەبانەشی بە تەق و هۆڕ دەڕۆیشت و سمی ئەسپەکانیش بەزەویدا دەکوتران.

دوای قەدەرێك، کە سوڵتان مراد هێشتا هەر نوستبوو نەیدەزانی چەند وەختە بە ڕێگاوەن، عارەبانەکە وەستا. دەنگە دەنگ و تەق و هوڕی چەرخەکان ئارام بۆوە. هەموو شتێك کپ بۆوە. باوکی ئەوی بە باوەشی خۆی هەڵگرت و بردیە جێگایەك لە حاڵێکدا بە سینگی خۆیەوەی دەچەسپاند، لەژێر لێوەوە گوتی:

ـ چەند گەورە بووە، هەر هەڵناگیرێ! چەندە گران بووە!

پاشدان لەسەر گیشە پووشێکی داناو بەچاکەتەکەی داپۆشی و گوتی:

ـ تۆ بنوو، من ئەسپەکان دەکەمەوە کەمێك بلەوەڕێن.

سوڵتان مراد چاوەکانیشی نەکردەوە و لەو خەو و بێداریەیدا چێژی وەردەگرت.

تەنانەت دیسان بیری کردەوە: (چەند شتێکی باشە، کە لەدنیادا باوك هەیە).

لەپاشدان جارێکی دیکەش کاتێ، کە باوکی قەیتانی پۆتینەکانی پێی کردەوە بە ئاگاهاتەوە دیار بوو پۆتینەکان بە درێژایی رۆژ پێیەکانی دەگرت، چۆن باوکی هەستی بەوەکرد، کە پۆتینەکان پێیەکانی ئەویان دەگوشی؟

سولتان مراد لە حالێکدا لە لەش و گیانیدا هەستی بە ئازادیەکی تەواو دەکرد وەك ئەوەی مەلە بکا و خۆی دابێتە دەست تەوژمێکی بێ گرێ و گۆل و وەستان، وای هاتە بەر چاوان، کە شەپۆلێکی شنە با پووش و پەلاشی جۆراوجۆری خستۆتە کەروێشکەوە، ئەویش بەسەر پووش و پەلاشدا رای دەکرد، مەلەی تێدا دەکردن و ئەستێرەکان لە ئاسمانی بێدەنگدا دەکەوتنە سەر ئەو پووش و پەلاشە جارێك لە لێرەو جارێکی دیکە لە وێ بە کپی سەرەو خوار ئەستێرە دەرژان، بەلام تائەو بەراکردن خۆی بەوێ دەگەیاند ئەستێرە خامۆش دەبوونەوە ئەو زانی خەودەبێنێ کاتێ، کە بەئاگا دەهات گوێی لێدەبوو کەوا چۆن ئەسپە پێوەندکراوەکان قەپاڵ لە گیاوگۆڵی وردیلەی تازە دەگرن و خرم و هۆریان چۆن لەدەوری خەرمانی کا دابن دێ و لەحالێك دەنگی زەنگی هەوسارە رەهاکانیان دەهاتە گوێ و هەنگاویان هەلدێنا ئەو دەیزانی، کە باوکی لەرۆخ ئەودا نووستووە و ئەوان لەم دەشتە چۆلەدا سەر خەوێك دەشکێنن و هەر ئەوەندە بەسە چاوەکانی بکاتەوەو لەئاسمان ئەستێرەی رژاو و کشاو ببێنێ، بەلام نەیدەویست دوای ئەو خەوە خۆشە چاوەکانی بکاتەوە دوای نیوەشەو هەوا فێنکی کرد، هەر خۆی بەرەو لای بابی خزاند تاخۆی نایە پاڵ باوکی ئەوساکە باوکی بەخەوالوویی ئەوی لەباوەش خۆی ناو باشتر بەخۆیەوەی نووساند، ئەوان لە رێگادا لە کێلگەیەکی پاك لە ژێر ئاسماندا نووستبوون ئێرە لەکوێ و سەنیری[17] نەرم و مالەوە لە کوێ!

لەپاشان زۆر جاران ئەو ئەستێرانەی دەهاتنەوە یاد.

قەتێیەك لەو نزیکانەوە، کە هەردوو هەنگاویان لێ دور دەبوو بەدەنگێکی خۆش وەك زەنگولە تابەری بەیانی خوێندی... . دەبێ هەموو قەتێیێکی دنیا خۆشبەخت بن.

٤- ئینکەمال ئاپای هاتە تەنیشت کورسیەکەی ئەو وگوتی:

ـ سولتان مراد چیتە؟

تەنیا لەم کاتەدا بوو مراد ئاگای لە مامۆستاکەی بوو. سولتان مراد لەجێی خۆیدا بلند بوو و وەك بلێی پاکانە بۆخۆی دەهێنێتەوەو گوتی:

---

(١٧) سەنیر: سەربن، بالیف، پشتی سەرین.

ـ هیچ، هیچم نییه.
پۆلەکە هەمان شێوە ساردو کپ بوو پێکەنین و کۆخەی ئاسایی منداڵان دەبیسترا.
ئینکەمان ئاپای لە حاڵێکدا لەسەرمان شانەکانی دەجولانەوە بە ناڕازیبوونێکەوە گوتی:
ـ کاتێك لەخۆڕاو بەبێ هۆ دەکۆخی و گوێت لە پرسیار نابێ واباشترە بچی پووش و پەڵاش بێنی و زۆپاکەمان بۆ گەرم کەی.
سوڵتان مراد بەئامادەییەوە لە جێگای خۆی راپەڕی و تا فرمانی مامۆستا جێبەجێ بکا. هەڵبەتە لە ناوەراستی دەرسدا رێکەوتی وا نایەتە پێشەوە. چاودێرەکانی پۆل تەنیا لەکاتی زەنگی پشوودا کاو کۆت دەهێننە پۆل و زۆپاکە گەرم دەکەن، لەکاتی دەرسدا کەم شتی وا روو دەدات، ئەو بە پەلە هاتە بەردەرگای قوتابخانە بەفرو بارانی بەسەردا باری ئاه، ئێرە، کە سەیلان نییە! هەر، کە لە حەوشەوە بەرەو کادین ڕایدەکرد، دیتی تین عەلیۆف سەرۆکی کۆلخۆز، کە لەبەرەکانی شەڕدا بریندار ببوو لە ئەسپەکەی دابەزی ئەو لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر لاو بوو، بەڵام لاو و نیو دەڕۆیشت چەند دەندەی پەراسوێکی کەم بوون روون و ئاشکرا بوو کە لە پەڕەشووت خۆی هەڵداوە ئەو چەنز باز بوو دەڵێن بەر لە جەنگ ئەندازیاری کشتوکاڵی بووە، بەڵام سوڵتان مراد ئەمەی لەیاد نەماوە هەموو شتەکانی پێش جەنگ، وەك دنیایەکی دیکە وایە و باوەڕ ناکرێ، کە ئەوساکە بەر لەجەنگ دنیا وابووبێ.
سوڵتان مراد باوەشێکی گەورەی پووش و پەڵاشی وشك هەڵگرت و گەڕاوە و بەپێیەکانی دەرگای کردەوە هاتە ژوورەوە، منداڵەکان پسکەپسکیان کرد و کەوتنە جووڵەجووڵ.
ئینکەمال ئاپای گوتی:
ـ بێدەنگ، فکر و حەواستان پەرت مەکەن، سوڵتان مراد! تۆش بەبێ دەنگە دەنگ و چرپە چرپ کاری خۆت بکە.
لەناو زۆپاکەدا، ئاگرێك دەبریسکاوە، کە لەناوەڕاستیدا لەکزی و کەم و گڕوگەرمی هەر لە هەناسەی منداڵ دەچوو. سوڵتان مراد چەپکێك پووشی لەسەر داناو فووی لێکرد. ئینجا دەستەیەکی دیکەو دەستەیەکی دیکەیشی لەناو زۆپاکە ئاخنی زۆپاکە لە حاڵێکدا پووش و پەڵاشە ووشکەکەی هەڵدەلووشی کەوتە نێڵە نێڵ و گڵپە، ئەو پێڕانە دەگەیشت وشەکانی بهاوێتێ، پۆلەکە گیانێکی هاتەوە بەر، حەزی دەکرد، سەری بەلای منداڵەکان وەرسووڕێنێ و خۆی بەهەندێ شێوەو شەکلی سەیر دەربهێنێ لاسایی هەندێ بکاتەوەو پێبکەنێ و هەندێکیان بەتایبەتی ئاناتای کەلەسەر کورسی تەختە لە دواوە دانیشتبوون بەپارێزەوە بە مست

هەرەشەی لێبکا سولْتان مراد بیری کردەوە مستی بە عەلامەتی پەنجەی گەورەی[18] نیشانی ئاناتای بداو پێی بڵێ وەرە بەرێ! ئەو لەهەموان بەتەمەنتر بوو پانزە ساڵ و نیو بوو، شەڕانی بوو، هەندێ جار دەوروخولی میرزا گوڵی دەدا، بەڵام نەدەکرا خانمی مامۆستا جیدی و بوو، پێویستی بەوە نەدەکرد مگێڕی مامۆستا تاڵ بکا ئاشکرا نەبوو کە بۆچی لەم دواییی دواییانەدا نامەی کوڕە تاقانەکەی پێناگا ئەو فەرماندەی یەکەی تۆپخانە بوو، خانمی مامۆستا زۆر شانازی پێوە دەکا دیار نییە، کە پیاوەکەی لەکوێ ون بووە، لە زەمانی بەر لە جەنگ دا بەڵاییکی بەسەر هاتووە تا خەڵکیش ناڵێن کەچی بەسەر هاتووە لەبەر ئەمە بووە ئینکەمان ئاپای هاتۆتە (ئائیل) و لێرە بۆتە مامۆستا کوڕەکەی لە فێرگەی پێدا گۆگی[19] شاری جەمبول دەیخوێند و هەر لەوشەوە چووە بەرەی جەنگ. ئینکەمال ئاپای هەر کە لە پەنجەرەوە چاوی بە پۆستەچی سوارە دەکەوێ، لەم کاتی دەرس خوێندنەوەدا یەکێك دەنێرێ تا سەروسۆراغی نامەی لێوەرگرێ، کەسێکی کە دەچێتە کن پۆستەچی، ئەگەر نامەی بۆ مامۆستا پێبێ وەك گوللە بە ڕاکردن دەگەڕێتەوە.

تا نۆبەتیش گێراوە، کە جاری دواتر کێ بۆ سووراغی نامە دەچێتە کن پۆستە چیەکە.

ئەو وەختەی نامە دەگا جەژنێکی تەواوە ئینکەمال ئاپای هەمان کات بەکورتی نامەکەی دەخوێندەوەو کاتێك سەری لە سەرنامەکە هەڵدەگرێ، وەك ئەوەیە مامۆستایەکی دیکە هاتبێتە پۆلەکەوە بەدیتنی ئەوەی خانمی مامۆستا، بەو بسکە سپیانەوەی کەبە تەرزێکی ڕێك و بەسەلیقەوە لەژێر سەرپۆشەکەی قەراریان گرتبوو دڵی چەندە خۆش دەبێ ئارام و بێباك دەبێ، دە ئەوجا وەرە بە دیتنی فرمێسکی چاوەکانی ئەو دڵی مرۆڤ تەنگ نەبێ و نەگوشرێ.

ئەو هەوڵدەدا، کە بەری لەرزینی دەنگی بگرێ و دەڵێ:

ـ براکەی ئێوە، زیندوو و سپ و ساغە و دەجەنگێ و سڵاو لە هەمووتان دەکا.

ـ پۆلەکە دڵخۆشیی خۆیان ناشارنەوە هەموویان پێدەکەنن، وەك ئەوەی لەگەڵ ئەودا ببنە یەك و لەخۆشی ئەودا بەشداری دەکەن، بەڵام ئەو دەقەیەك دواتر بەبیری دێتەوە و دەڵێ:

---

(١٨) ئەم شێوەیە: دەبێ چوارپەنجەت بۆ ناو لەپت ببەیتەوەو پەنجەی گەورەی دەستت قیت ڕاگری، مانای خواستی سەرکەوتن و چاکە دەگەیەنێ.

(١٩) پێداگۆگ: پەروەردەکەری منداڵان.

ـ منالآن ئێستا دەست بەدەرسەکەمان دەکەینەوە لەو وەختانەدا، کە باشترین بە پێزترین دەرس گوتنەوە دەستی پێدەکرد، وشەکانی ئەو زۆر پڕ کاریگەری بوون هەر بیرکردنەوەیەکی بیرێکی دیکەی رادەکێشا و هەموو ئەو چشتانەی ئەو باسیان دەکاو روونیان دەکاتەوەو دەیسەلمێنێ دەچێتە ناو گیان و زەینی قوتابیانەوە و کاریان لێدەکا و دەچێتە دڵیانەوە، ئەمە ئەو وەختەو ساتەی بوو، کە پۆلەکە شەیدای دەبوون.

لەم دواییەدا شتێك خانمی مامۆستا نیگەران دەکا... . و رەنگە هەر ئەمەیە، کە کاتێ تین عەلیۆف سەرۆکی کۆلخۆز بەهاورێیەتی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەناو دەرگای پۆلەکە پەیدابوو، ئینسکەمان ئاپای لەسەرەخۆ لەسەرەخۆ بەرەو تەختە رەشەکە کشاوەو هێزی دابەر خۆی تابلێ:

ـ مندالآن هەلسن سوڵتان مراد تۆش لە شوێنی خۆت دانیشەوە.

سوڵتان مراد دەرگەی زۆپاکە دەبەستێ و بەخێرایی دەچێتەوە سەر کورسیەکەی خۆی سەرۆکی کۆلخۆز و بەڕێوەبەری قوتابخانە دێنە ناو پۆلەکەوە و سلاو دەکەن و پۆلەکەش وەلام دەدەنەوە:

ـ سلاو.

بێدەنگیەك باڵی بەسەر پۆلەکەدا کێشا، تا کەسیش نەکۆخی ئینکەمان ئاپای بە دەنگێکی سەبر پرسیاری کرد.

ـ شتێك رویداوە؟

تین عەلیۆف بۆ هێمن کردنەوەی گوتی:

ـ ئینکەمال ئاپای هیچ شتێك رووی نەداوە. من بۆ کارێکی دیکە هاتوومەتە ئێرە من چەند قسەیەکم لەگەڵ مندالآن هەیە و داوای بوردن دەکەم کە لەکاتی وانە گوتنەوەدا هاتوومەتە ژوورەوەو سەری بۆ لای بەڕێوەبەری قوتابخانە وەرسووراند و درێژەی بەقسەکانی دا:

ـ مۆڵەتیان دامێ، کە لەکاتی وانە گوتنەوەدا بێمە ژوورێ.

بەرێوەبەر بۆ جەختکردنەوە لەسەر قسەکانی ئەو گوتی: ـ

ـ بەڵێ، قسەو باسێکی گرنگ هەیە، مندالآن دانیشن.

مندالەکان هەموویان دانیشتنەوە.

هەموویان سەرۆکی کۆڵخۆزیان دەناسی هەرچەندە ئەو هێندە نەبوو سەرۆکایەتی کۆڵخۆزی گرتبووە دەست، یەعنی لە پایزدا، دوای گەڕانەوە لەبەرەی جەنگ جگە لەمە ئەو لێرەدا و

بگره هەمووی دەناسین. ئەو بۆ ئاشنایەتی نەهاتبوو ئـەم ئاشـنایەتیە چ پێویسـتی نـەدەکرد. قوتابیانی پۆلی حەوتەم لە ئائیل بەرچاو بوون دەکرا لەگەڵ هەریەکێکیاندا لەهەر جێگایـەکی ئائیل: لە ماڵەوە، بەڕێوەبەرایەتی کۆڵخۆز، لەرێگاو هەرشـوێنێکی دیکـەدا دەکـرا قسـەیان لەگەڵ بکرێ، بەڵام هەرکە سەرۆکی کۆڵخۆز بیـەوێ قسـەو باسـێکی تایبـەتی، کـە لەگـەڵ قوتابیەکان بکا و بێتە قوتابخانەو لەکاتی دەرسدا بێتە ناو ژووری پۆلەوە، شـتێك بـوو پێشـتر رووی نەدابوو، دەبوو ئەمە چ قسەو باسێك بێ؟ هاوین قسەو باسێکی دیکەیە،

تین عەلیۆف لەحاڵێکدا بە وردی بەقیافەییێکی جیددی و چـاودێرانە سـەیری منداڵـەکانی دەکرد و هەوڵی دەدا، کە قیت و قنج بوەستێ تا خواری و لاریـی لاتەنیشـتی هێنـدە نەیەتـە بەرچاوان و دەستی بەقسان کرد:

ـ ئەو کارەی، کە بەئێوەمە ئەمەیە: قوتابخانەکەتان ساردە من جگە لەوەی پـووش و کـاو کۆتتـان بـدەمێ هیچـی دیکـەم لەدەسـت نایـە. دیـارە، کـە پووشـیش گـڕ دەگـرێ و زوو دادەمرکێتەوە، تەپاڵەییێکی کە جاران قوتابخانەیان پێ گەرم دەکرد، لە چیاکاندا لەناو گوش و گۆنیان کۆیان دەکردنەوەو بە عارەبانان دەیانهێنا، ساڵی پێشوو نەکەس هەبوو ئەم کارە بکـاو نە دەرفەتی ئەم کارەش هەبوو، هەموو بۆ بەرەکانی جەنگ چوون. مـن دوو تـۆن خـەڵوزم لـە ئەنبارێدا شاردەوە لە جەمبول لە مۆنۆپۆل[٢٠] چیانم کڕی.

ئەم خەڵوزە بۆ کارگەی ئاسنگەریە من ئاسنم بۆ کارگەی ئاسن کـڕی و ئەویشـم هـەر لـە مۆنۆپۆل چیان کڕی، ئێمە لەکاتی خۆیدا گەڵ ئەوان مەبەستم مۆنۆپۆلچیەکانە حسـابمان پـاك دەکەینەوە ئێستا بارەکەمان زۆر خراپە و دەرفەتی ئەم کارەمان نییە باروزروفی بەرەی شەڕیش زۆر دژوارە، پارەکە لە تواناماندا نەبوو پێڕانەگەیشتین، کە قەدەری دووسەد هێکتارێـك زەوی تۆ بکەین کەس لەمە کەمتەرخەم نییە، جەنگە کەس قسەی لەسەر ئەوە نییە، بەڵام ئەگـەر هەموو شوێنێك و کۆڵخۆزێك و سۆخۆزێك وەك کۆڵخۆزەکەی ئێمە کەم کار بکەن و حاسڵاتیان کەم بێ و کارەکانیان بە تەواوی ئەنجام نـەدەن. ئـەو کاتـە رەنگـە نـەتوانین بەسـەر دوژمنـدا سەرکەوین. بۆ ئەوەی بەسەر هێزێکی ئەوهادا سـەرکەوین دەبـێ نانیشـمان هـەبێ و چـەك و تفاقیشمان هەبێ، منداڵان ئەمەیە کە منی بۆ لای ئێوە هێناوە پێویستە هەنـدێکتان واز لـە قوتابخانە بێنن. کات زۆر کەمە. دەبێ وڵاغەکان بـۆ شـۆبڕینی بـەهارە ئامـادە بکـرێن. ئـەم

---

(٢٠) مۆنۆپولچی: احتکارچی.

ولاَغانه له بارێكی زۆر نالەبارو خـراپ دان. بـه زۆر لەسـەر چـوار پـەلیان وەسـتاون. دەبـێ ئەسپابی ئەسپەكان ئامادە بكرێن. هەموویان كـۆن و بـێ كـەڵك بـوون، نـیرو گاسـنەكانیش مەكینەكانی تۆكردنیش پێویستیان بە چاكردنەوە هەیە هەموویان لە ژێر بەفردان... . بۆچـی من هەموو ئەو قسانە دەكەم؟ لەبەر ئەوەی فرمانمان بەدەستە لەو زەویانەی، كـە بـەروبوومی پایزەیان لێ نەكراوە بەرووبوومی بەهارەیان لێ بچینین. ئێمە بە هەر جۆرێكی، كـە بـووە بـێ چەند و چۆن وەك بەرەی جەنگ دەبێ ئەو كارە جێبەجێ بكەین، ئەمەش مانای ئەمەیـە، كـە بە هێزو بازووی خۆمان و بەپێی نەخشەو پلان لە دووسە هێكتاردا بەرهەمی بـەهارە بچـێنین دووسەد هێكتار! ئاگادارن دەزانن چەندە؟ كێ دەبـێ ئـەم كـارە بكـات، دەبـێ پشـت بـەكێ ببەسترێ؟ ئەمەیە، كە ئێمە بڕیارمان داوە سەرەڕای هەموو شتێكی، كـە لەبەردەسـتماندایەو هەموو ئەو كارانەی، كە هەر ئێستا بۆ كشتوكاڵی بەهارە ئامادە دەكرێ، دەستەیەكی كێڵانی دیكە ئامادە بكەین بیرمان كردەوە سەیرمان كـرد نـاكرێ ژنـان بنێـرین، چـونكە دوورە، لـە (ئەكسای)ـە، كەسیش نییە، ئەمەبوو بڕیارماندا لە قوتابیانی قوتابخانە كۆمەك وەرگرین.

تین عـەلیێوف سەرۆكی كۆڵخۆز، ئەم مرۆڤە سەخت گیرو خۆگرە، كە هەمیشـە بەروانكـەی بێ قۆڵی خۆڵەمێشی سەربازیی لەبەر دەكردو هەڵبەتە سەرمای دەبوو، كـڵاوی گوێچـكەداری خۆڵەمێشیی لەسەر دەكرد و قیافەیەكی خەمخۆرانەو بڕیاردەرانەی هـەبوو و لەگـەڵ ئەمەشـدا كەهێشتا گەنج بوو، چەند دەندەیەكی پەراسووی لەدەستدا بوو لاكەلەكەی خواربێوە جانتـای كارو خزمەتگوزارییە سەربازییەكەی خۆی هەمیشە بە قەدەوە دەكردو ئەم قسانەی كرد...

تین علیێوف سەرۆكی كۆڵخۆز، كە لە پێش تەختە رەشی پۆل لە تەنیشت نەخشەی جوگرافی راوەستابوو ئەوهای گوت: نەخشەیەكی، كە لە ناویدا هـەموو گـوێی زەمـین و دەریایـەكان و لەگەڵ تێكڕای ولاَتانی وەك سەیلان، جاوا، سۆماتراو ئوستراڵیای تێدا جێكرابۆوە، كە گـەرم و وەك بەهەشت بوون و لەوێدا دەكرێ بەبێ كار بژی و لـە بێكاریـان مـێش و مەگـەز لـەخۆت دەكەی، تین عـەلیێوف سەرۆكی كۆڵخۆس لە قوتابخانە بەمجۆرە قسەی كـرد... لـە قوتابخانەیـەك كەلەناو سۆپاكانیدا پووشیان دەسووتاند، یەعنی ئاگرو دوێك، كە خۆڵەمێشـی لـە گـەرمایی زیاتر بوو كاتێك، كە ئەو گوتی لە ئەكسای دوورە دەست دووسەد هێكتار سـەرەڕای دانەوێلـە بۆ بەرەكانی جەنگ بكـرین، وەك ئـەوەی لـە حەوشـەدا وەسـتابێت ئـەوها هـەڵم لـە دەمـی هاتەدەر... .

تین عـەلیێوف سەرۆكی كۆڵخۆز ئەو قسانەی كرد.

لەو دیوی پەنجەرە لە دەرەوە، با هەڵی کردبوو، لە درزەکانی پەنجەرەوە دەهاتە ناو هۆڵەکەوە. سوڵتان موراد دەیدیت، کە ئەسپی سەرۆکی کۆڵخۆز لەبەر بەفر چۆن سەری خۆی لەبەر باو بۆران تەکاندەدا و سمی لەعەرزدا دەکوتێ. باکەش یاڵی ئەوی پەخش و پەرێشان دەکرد و کلکە شۆڕەکەی بەلادا دەخست. ئەسپەکە سەرمای بوو... ئاخر خۆ ئێرە سەیلان نییە.

تین عەلیۆف روونی کردەوە گوتی:

- من هەروا ئێوە لە ناو دەرسەکە جێ ناهێڵێم. ئەمە کارێکی ناچاری و بەزۆرییە، ئەمە بزانن. دوای جەنگ و رەنگە زووتریش، ئەگەر بمێنم، خۆم ئەم منداڵانە بۆ قوتابخانەو دەرس خوێندن دەهێنمەوەو داوا دەکەم، کە خوێندنەکەیان درێژە پێ بدەن، بەڵام ئێستا بارەکەمان بەمجۆرەیە.

پاشان بەڕێوەبەری قوتابخانە قسەی کرد، لە دوایدا دووبارە تین عەلیۆف کەوتەوە قسە. کاتێك، کە لەناو پۆلەکەدا جۆش و خرۆش دەستی پێکرد، منداڵەکان دەستیان کردەوە بە دەست بەرز کردنەوە، بەم مانایەی، کە من ئامادەم کار بکەم.

تین عەلیۆف یەکسەر کەوتە روونکردنەوە:

- ئەگەر کەسێك وابزانێ کەئێمە پێویستمان بەهەموو قوتابییەکە ئەوا خەیاڵی خاوە. هەر کەسێك دەرسەکانی خراپ بخوێنێ خراپیش کار دەکاو دوومیش قوتابی باش، لە دواییدا ئاسانتر دەتوانێ ئەو وەختەی لە کیسی چووە تێ هەڵێنێتەوە.

تۆ، سوڵتان موراد، وەك قوتابییەکی، کە لەپۆلەکەدا، کە لەهەموویان گەورەتری...

- منداڵەکان کردیانە دەنگە دەنگ

- ئاناتای لە هەموومان گەورەترە، بەم زوانە دەبێتە شانزەساڵ.

- من مەبەستم ساڵ و تەمەن نییە، بەژن و بالآیە ئەمەش باسێکی سەرەکی نییە، سەرۆکی کۆڵخۆز سەر لەنوێ رووی دەمی لە سوڵتان موراد کردەوە گوتی:

- تۆ پارەکە شوێنی تەڕەو سەوزەت کێلاّ، وانییە؟

سوڵتان موراد بەدەم هەڵسانەوە گوتی: بەڵێ لە خەیابانی ئارال بوو.

- بەی گاسنی دووەم و چوار ئەسپ؟

- بەڵێ بە گاسنی دوودەم و چوار ئەسپ، بەڵام من تەنیا یارمەتیمدا گاسن هی سارت بای بوو، ئەویان بۆ سەربازی بانگ کرد کاری تەڕەوسەزە چاندن وە درەنگ کەوتبوو، لەبەرئەوە بەرێز چەکیش داوای لێکردم هاریکاری بکەم.

سەرۆکی کۆڵخۆز گوتی:

- من ئەوە دەزانم هەر لەبەرئەمە لە تۆوە دەستم پێکرد. هەموویان روویان لە سوڵتان موراد کرد و لەگەڵ میرزا گوڵدا نیگایان کەوتە سەر یەکدی.

میرزا گوڵ بە جۆرێکی وەك بڵێی تایبەتی تەماشای ئەوی دەکرد نەك وەك ئەوانی دیکەو لە پڕ سوورهەڵگەرا، هەر وەك بڵێی باسی ئەو دەکەن، سوڵتان موراد لەم رووداوە ناڕەحەت نەبوو و دڵی لێی دا.

ئاناتای لە جێگای خۆیەوە هاواری لێهەڵسا:

- منیش زەوی باخچەی سەوزەو تەڕەم کیلاوە!

ئارکین بەگیش وتی:

- منیش.

لە دوای ئەودا دەنگی دیکە دەهاتن. بەڵام تین عەلیۆف گوتی:

- منداڵینە بێدەنگ بن، لێگەڕێن بە نۆرە، باسەکەمان بەڕاستی و جدیە. لە دەرسەوە دەست پێبکەین، دووبارە رووی دەمی لە سوڵتان موراد کردو گوتی:

- تۆ لەگەڵ دەرسەکانتدا چۆنی؟

سوڵتان مراد وەڵامی داوە:

- هێندە نا.

- هێندە نا چی؟

- زۆر خراپ نیم.

ئینکەمال ئاپای، کە بە درێژایی ئەو ماوە بێدەنگ بوو گوتی:

- نەهێندە باشە، من هەمیشە پێی دەڵێم: تۆ دەتوانی پلە بە پلە باشتر دەرس بخوێنی، سەدجار لەمە باشتر، ئەو زۆر تواناو ئامادەگی تێدایە بەدبەختییەکەی ئەوەیە کەمێك دڵی تەڕە، سەرۆکی کۆڵخۆز بەدەم بیرکردنەوە بە ئاوازێکی درێژکراوەوە گوتی:

- بەڵام ... . من چاوەڕێم نەدەکرد... زۆر باشە. باوکت لەبەرەی جەنگە و تۆ نانی بۆ ئامادە دەکەی، ئاناتای ئەدی تۆ چۆن؟

ئاناتای بەدەم ئەوەوە سەری لەبەر خۆی نابوو هەڵدەستا سەرپێ و گوتی:
- هەمان شێوە.
تین عەلیۆف زەردەخەنەیەکی گرت و گوتی:
- دیارە، کە ئێوە وەك یەکن ـ دوای کەمێك درێژەی بەقسەکەی داو کاتێك کە سەر لەنوێ دێنەوە قوتابخانە ئینجا نرخی خوێندن تێدەگەن. من ئەمە دەزانم، هەر لە ئەزموونی خۆمەوە دەزانم هەرکاتێك گرفتێك پەیدابوو هەمیشە دەڵێن، لێی گەڕێ، دەچم کار دەکەم. ئاخر مەگەر مرۆڤ تەنیاو تەنیا بۆ کارکردن دەژیە؟ وانییە ئاناتای؟
ئاناتای ویستی شتێك روون بکاتەوە بەڵام چاوپۆشی لێکرد و گوتی:
- نازانم.
تین عەلیۆف گوتی:
- منیش هەموو شتێك نازانم و ئەگەر جەنگ نەدەبوو، دەچووم دەمخوێند و خەریکی فێربوونی زانست و زانیاری دەبووم.
دەنگی پێکەنینێکی ئاشکراو روون لەناو پۆلەکە هات، پێکەنیناویە، سەرۆکی کۆڵخۆز، کە خۆیشی پیاوێکی بەتەمەنە حەز دەکا بخوێنێ و حاڵی ئەوانەیش ئەو، قوتابیانە، دەرس خوێندن و قوتابخانەیان لەبەر دڵ کەوتووە! .
تین عەلیۆف بەپێکەنینەوە پرسی؟ :
- مەگەر جێ پێکەنینە؟ بەڵێ، منداڵان زۆر حەز دەکەم بخوێنم. دواتر، ئێوە لەمە دەگەن.
لەم وەختەدا کەسێك سودی لەم دەرفەتە وەرگرت و هاتە ناو قسەکانی سەرۆکی کۆڵخۆزەوە:
- (سەرۆکی بەرێز)، راستە ئێوە خۆتان لە فڕۆکە فڕێ داوەتە خوارێ:
- تین عەلیۆف سەری وەك نیشانەی پەسندکردنی قسەکە داگرت.
کوڕێژگە ئارامی لەبەر بڕا بوو:
- عەجایبە! بەترس نییە؟ من جارێکیان لەپشت بانی چوارداغی تووتن خۆمم هەڵدایە سەر گیشەیەك پووش بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەژنۆکانم لەرزین.
تین عەلیۆف کەوتە روون کردنەوە:
- بەڵڵا خۆم هەڵدا، بەڵام بە پەڕەشووت. وەك بڵێ گونبەدەو وەك چادر لێك دەبێتەوە.

قوتابییەکان هەمویان بە یەکدەنگ پێکەوە ووتیان:

- دەزانین، دەزانین.

- ئێمە لەیەکەی چەتر بازان بووین و خۆفڕێدان بەچەتر و پەڕەشووت کارمان بوو.

دەنگێك بەرز بۆوە:

- یەکەی چەترباز کاری چییە؟

- یەکەی چەتر باز؟ ئەمە یەکەییێکی ناجێگیرو جەنگیە، کە لەجێگایەکدا فڕێ دەدرێنە خوارەوەو یا دەنێردرێ و تا فرمانێکی تایبەتی و گرنگ ئەنجام بدا، تێگەیشتن؟

بێدەنگیەك باڵی بەسەر پۆلەکەدا هێنا.

- تین عەلیۆف پتر روونی کردەوە و گوتی:

- یەکەی یان بەتالیۆنی چەتر باز رەنگە لەچەند کەسێك یان چەند هەزار کەسێك پێك بێ، گرنگ ئەوەیە، کە یەکەی چەتر بازان دەچنە دواوەی دوژمن و پشتیان لێدەگرن و کاری خۆیان دەکەن. ئەگەر دەشتانەوێ زێتر بۆتان روون بکەمەوە ئەوا جارێکی دیکە بۆتان باس دەکەم. با ئێستا خەریکی کاری خۆمان بین. ئاناتای دانیشە، بۆ وەستاوی؟ باوکی تۆش لە بەرەی جەنگدا دەجەنگێ.

- باوکی منیش.

- باوکی منیش دەجەنگێ.

- باوکی منیش

- باوکی منیش.

تین عەلیۆف دەستی وا بلند کرد وەك بڵێ، ببڕێتەوە، و گوتی:

- منداڵینە، من هەمووی دەزانم وابیر نەکەنەوە، کە من لە بەیانییەوە تاشەو تەنیا بەکاری کوڵخۆزەوە خەریکم من هەموان دەناسم. کێ لەناو لەشکر و سوپایە، کێ لە نەخۆشخانەی چۆلەوانی و بیاباندایە، من ئێوە هەموتان دەناسم هەر لەبەر ئەوەشە هاتوومەتە لاتان. کەواتە ئاناتای تۆش دەچی بژێوی بۆ باوکت ئامادە بکەی، تۆش دەبێ ساڵێك یان لە ساڵێك زیاتر لەقوتابخانە بگەڕێتەوە.

- منیش! منیش، منیش هەروەها.

چەند کەسێك لە قوتابیان وایان گوت، وەهەر یەکێکیشیان لەم کات و سەرو بەندانەدا، خۆی بەکەسێکی قارەمان دادەنا. هیچ دەرفەتێك لەمە باشتر نییە؟

ناچێته قوتابخانەو کار بە ئەسپان دەکەی، ئەدی چیت دەوێ، لەمە باشتر هەیە؟
سەرۆکی کۆڵخۆز گوتی:

- نا، نا ئارامتان بێ: ئەوها نابێ. تەنیا ئەوانەی، کە سەروکاریان لەگەڵ گاسندا هەیە. تۆ ئارکین بەگ، تۆش دێبەرەی سەوزەو تەڕەت کێڵاوە؟ باوکت لەنزیك مۆسکۆ کوژراوە، من ئەمە دەزانم، باوك و برایەکی زۆر کوژراون. ئارکین بەگ، من تکا لەتۆش دەکەم هاریکاریمان بکەی. تۆش پێویستە لە جیاتی خوێندن بە جووت و کێلانەوە خەریك بی. چارەیەك نییە و من خۆم ئەمە بۆ دایکت روون دەکەمەوە.

سەرۆکی کۆڵخۆز دوایی ناوی دووکەسی دیکەی هێنا، ئارگیش و قوباد قول، و گوتی، کە سبەینێ سەر لەبەیانییەکەی هەمویان لەحەوشەی کادین و ئستبلی ئاژەڵەکان بۆ چاوپێکەوتنی بەیانیانەو دابەشکردنی کارو فرمان سەردەستەکان ئامادەبن.

سوڵتان مراد شەو درەنگانێ لەماڵەوە بەرلەوەی بنوون مەسەلەکەی بۆ دایکی باس کرد.

دایکی بە بێدەنگیەکەوەو بە ماندویی دەستی بە ناوچەوانی خۆیدا دەکێشا گوێی بۆ قسەکانی سوڵتان مراد راگرت. ئەو بە درێژایی رۆژ لە کۆڵخۆزدا کاری کردبوو، لە کێلگە بووەو شەویش بە کاروباری منداڵەکانی راگەیشتبوو، حاجی مرادی هارو هاج و شێت و شور بەخۆشی و شادیەوە گوتی:

- ئای، کە چەندە باشە. مرۆڤ نەچێتە قوتابخانەو بەسواری ئەسپەوە خەریکی جووتکردن بێ، منیش حەزم لێیە و ئەوەم دەوێ.

دایکی لەدڵەوە لێی پرسی:

- ئەرکەکانی خۆت جێبەجێ کرد؟

حاجی مراد وەلامی داوە:

- بەڵێ.

- برۆدەی، بنو، دەنگت لێوە نییە، تێگەیشتی یان نا؟

بەلام قسەیەکی بە کوڕە گەورەکەی نەگوت. و تەنیا لە پاشدان، دوای ئەوەی کچۆڵەکانی خستە ناو جێگاو بەرلەوەی فو لەچرا بکا، لەبەردەم چراکە زۆر دڵگیر بوو وایزانی سوڵتان مراد خەو بردوتیەوە. ئەوکاتە سەری خستە نێو دەستەکانی و گریا، ماوەیەکی زۆر بەبێدەنگی گریا و لە حەژمەت گریانەکە شانە لەرو لاوازەکانی تەکانیان دەخوارد سوڵتان مراد دڵی توند بوو، ویستی هەڵسێ و دڵی دایکی بداتەوەو هێمنی بکاتەوە بەلام نەیوێرا نارحەتی بکاو بیری

کردەوە، کە بەتەنیایی وازی لێ بێنی چونکە ئێستا بیر لەباوکم دەکاتەوە کە، ئێستا ئەو لەناو جەنگــدا لــە چ بارێــك دایــە. لــەبیری منداڵەکانیشــدایە، چــوار منــداڵ، بــیری مــاڵ و پێداویستییەکانی دیکەشی لە مێشکدایە.

ژن، ژنە، گریان بۆ ژنان رەوایە. خانمی مامۆستا، ئینکەمال ئاپایش دوای ئەوەش، کە تــین عەلیۆفی سەرۆکی کۆڵخۆز لە پۆلەکە چوەدەر، روی زۆر ترش و تاڵ بوو و خەیاڵی رۆیشــتبوو. کە زەنگیشی لێدا ئەو هەر لەپشت مێزەکە دانیشــت و نەچــووە دەر. هــەموو قوتابیــەکانیش دانیشتن و هیچ یەکێکیان رایان نەکردە دەرەوە، چاوەڕێ بوون تا خانمی مامۆستا لەجێی خــۆی بڵند بوو و بەرەو دەرەوە چو، کە گەیشتە ناو دەرگا گریا. هــەوڵی دەدا خــۆی راگــرێ و بــەڵام نەیتوانی و بەچاوی فرمێسکاویەوە رۆیشت میرزا گوڵیش کە نەخشە جوگرافیە لەبیرکراوەکەی بردە ژووری مامۆستایان بەچاوی بەگریان و فرمێسکەوە، گەڕاوە.

ئەمە کاری ژنانە، خەم لە هەموو شتێك دەخۆن لەبەر ئەمەشە دەگریەن. مەگەرچی بووە، شتێکی گرنگ نییە، ساڵێك یان زۆر زۆر دووساڵی دیکە جــەنگ دەبڕێتــەوە، دەکــرێ دیســان بچنەوە قوتابخانە... . .

سوڵتان مراد بەدەم ئەو بیرکردنەوانە و گوێ هەڵخستن بۆ گڤەی باو تێکهەڵاتنی بــەفر لــەو دیو پەنجەرەوە، خەو بردیەوە.

بەیانییەکەی رۆژی دوایش هەر بەم جۆرە با هەڵیکردبوو و باو و بۆران تەواوی ئەوناوچــەی داگرتبوو، ئاسمان بە هەوری رەش و تاریك داپۆشــرابوو. ســوڵتان مــراد تاگەیشــتە حەوشــەی تەویلە رەقێتەی گەیشتێ. کارێکی، کە سەرۆکی کۆڵخۆز هێنابوویە پێشەوە زۆر لەوە بەگرفت تر بوو کە دوێنی سوڵتان مراد بیری لێ کردبۆوە. یەکەم، لەگەڵ سەرۆکی کۆڵخــۆز و چکیشــی پیرەمێردی لەڕولاوازی ریش خەنەیی، کە هەریەکێك لــە قوتابیــەکان چــوار ئەســپایی لغــاوی ئەسپی دانێ و بەرەو تەویلە کۆنەکە رۆیشتن لەوێدا لەحەوشە پڕ بەفرەکەدا ئەسپ و بارگیرەکان بە حاڵێکی سەرما بردوو و خەماویەوە دەهاتن و دەچون و لەئاخوڕە نیوەخالیەکان بەبێ دڵی و نا بەدڵی و تێماوییەوە کایان دەجوی. ئاشکرایە، کە ئەســپ هاوینــان قەڵــەو و زســتانان لــەڕ دەبن، بەڵام ئەم بارگیرانە تەنیا هەر پێست و ئێسقان بوون هەرکاریان پێکردن و رەتانــدیانن و کە زستان داهات یەکسەر بردیاننە حەوشەی ئاخوڕێ کەس نییە ئالیکیــان بــدا و چــاوەدێریان

بکا ئالیکەکەیان بەئەندازەی مەمرەو مەژییە. هەرچیەکی ماوەتەوە بۆ وەختی جووت و کێڵانی بەهارێ هەڵگیراوە.

قوتابیەکان بەنائومێدی و تێکشکانێکی تەواوە وە راوەستابوون. چکیشی پیرەمێرد بۆڵەیەکی لێوەهات.

- چیە وا تێماون و واقتان ورماوە، واتاندەزانی تۆلپارەکانی ئۆردوی ماناس[٢١] چاوەڕێتان دەکەن لەم لایەوە هەڵبژێرن؟ مەترسن، هەڵە ناکەن. ماوەی بیست رۆژان هەریەکێك لەئێوە وەك جوانەگا، هێز و تواناتان دێتەوە بەرێ. جێی گومان و دودڵی نییە، ئەسپەکان زۆر بەتاو و توانان. ئەوان تەنیا پێویستیان بە خۆراك و چاودێریە، ئەویدیکە لەسەر خۆمانە.

سەرۆکی کۆڵخۆز زیاتر گوتی:

- منداڵینە بگرن. هەر چ شتێکی، کە پێوستتان بێ بۆتان دابین دەکەین، یا ئەڵلا دەی دەست پێبکەن هەر کەسەتان چوار دانە وەرگرن، هەر کامێکی، کە دەکەوێتە بەردڵتان بیگرن.

لەم کاتەدا شتێکی لەپڕ رویدا لەنێوان ئەو ئەسپ و بارگیرە بێ سەرپەرشت و پەرپوتانە ئەسپەکانی باوکی سوڵتان مراد ـ چاپدار و چونتور و دەخولانەوە. سوڵتان مراد یەکەمجار چاپداری ناسیەوەو لەرەنگەکەیەوە ئەوی ناسیەوە لەدواییشدا چونتوری ناسیەوە ئەوان کەللەستورو سەر و گوێلاگ تێك ئالاو و پەریشان و مات و داماو لەسەر چوار پەلە لاوازەکانیان وەستابوون، پاڵت پێوە نابان بەلا دادەهاتن.

سوڵتان مراد چەند خوشحاڵ بوو ئەوندەش دڵگیر یەکسەر ئەوەی بەبیرداهاتەوە، کە چۆن لەگەڵ باوکیدا چونە شار ئەوساکە ئەوانە لە دەستی بابیدا چ ئەسپێك بوون و ئێستا چۆنن. ئەوساکە چاپدارو چونتور و چەند بەدڵنیایی و خوڕاگرییەوە عارەبانەیان رادەکێشاو چەند پتەو و بەهێز بوون، سوڵتان مراد هاتەوە کن سەرۆکی کۆڵخۆز و سەردەستەکەیان و دادو بێدادی کرد:

- هەی دادو بێداد، ئەمانە ئەسپەکانی باوکمن چاپدار و چونتوروون، ئەها هۆوانە! چکیشی پیرەمێرد دووبارەی کردەوە:

- راستە، وایە. ئەوانە ئەسپی (بەکبای) بوون.

---

(٢١) تۆلپار: ئەسپی خۆشڕۆی بەغارو هەماسی، ماناس قارەمانی داستانێکی حەماسی میللی قەرگیزیە. وەرگێرە فارسیەکەی.

سەرۆکی کۆڵخۆز گوتی:

- ئێستاکەوایە و ئەسپەکانی باوکتن، بۆخۆتیان ببە.

سوڵتان مراد سەرەڕای دوو ئەسپەکەی بابی جووتێکی دیکەیشی، کە یەکێکیان کللك سپی و ئەویدیکە قاوەییەکی تاریك بوو، هەڵبژاردو، بوون بە چوار ئەسپ بۆ گاسن سەروزیاد بوو. هەموو منداڵەکانی دیکەش بۆ خۆیان سەرو چوار ئەسپیان هەڵبژارد.

لەوێوە ئەو کارە دەستی پێکرد کە لەبەر خاتری ئەم کارە لە زستانی ساڵی ١٩٤٣دا منداڵەکانیان لە مەکتەب دەرهێنا... .

کار لەوە زۆتر بوو، کە چاوەڕێیان دەکرد، دەبوایە لەکاتی خۆیدا بەکارەکانی تەویلە رابگەن و سەرەڕای ئەوەش هەموو رۆژێك بۆ کۆمەککردنی بارپی، پیرەمێردە ئاسنگەرەکە بۆ چاککردنەوەی گاسنەکان بچنە ئاسنگەری. دەبووایە لە دواییدا بەم گاسنانە زەوی بکێڵرێ ئەوەی، کە پێشتر وەك پارچە ئاسن و ئاسنەوێڵەی بێکەڵك توورِ درابوون. ئێستا ناچاربوون دیسانەوە پارچەکانیان لە ژەنگ و پیسی پاك بکەنەوە هەتا ئەو کۆنە گاسنانەی کەوا کاری خۆیان کردبوو، دیسان سەر لەنوێ خرانەوە کار. ئاسنگەرەکان ئاسنیان دەکوتی، لێوارەکانیان تیژ دەکردەوە، لەناو ئاگرو ئاودا جۆشیان دەدانەوەو ئاودار دەبوونەوە هەر گاسنێکی نەدەکرا بەباشی و وەك پێویست بکوترێنەوەو ئامادە بکرێن، لەبەر ئەمە هەرجارێك، کە ئەم کارە رویدەدا بارپی ئاسنگەر جەژنی بوو لەم بارانەوە ئەو چەکوچ وەشێنی ناچاردەکرد، بچێتە سەربان ومنداڵەکان لە حەوشەی تەویڵە بانگ بکا.

چەکوچ کارە شەلەکەش بەم شێوە بانگی دەکردن:

- هۆ هۆ جووتکاران ڕاکەن وەرنە ئێرە، وەستاکاری پێتانە.

منداڵەکانیش رایان دەکرد و دەهاتن. ئەوجار پیرەمێرد لە تاقۆکەی کارگە گاسنێکی، کە تازە تەواو و ئامادەکردبوو، هێشتا هەر داغ بوو، زۆر گران ورەشو خۆڵەمێشییەکی تێر بوو دەسیدەدایەو دەیدا کەسیك، کە نۆرەی ئەو بوو، گاسنی یەدەگ وەرگری و دەیگوت:

- وەرە ئاگادار بە. بگرە، بگرە دەی، تەماشاکە. بڕو پاڵ ئاسنە کەوە ئەندازەی بگرە. ببینە چەندە باش دەخێوێتیێ! زۆر باشە! وەك. بوك و زاوا پێك دەگەن. لەکاتی جووتکردندا لە ئاوێنەی تاشقەند باشتر دەبریقێتەوە. دەتوانن خۆتان لە ناو گاسنەکەدا ببینن. رەنگە لە باتی ئاوێنەش بیدەنە کچەکان؟ دیاریەکی هەتا هەتایە دەبێ. ئێستا لێیگەڕێین با لەناو. دەلاقچەکە بێ. دوایی بیبەنە کێڵگە. جارێکی دیکە بۆ کەسێکی دیکە ئامادە دەکرێ، بۆ هەمووتان

ئامادە دەکرێ. کەس بێ گاسن ناهێڵێتەوە. بۆ هەر کەسێك سێ گاسنی جووتە دروست دەکەین. تەنیا کارێکی، کە دەروەستی نایەم ئەمەیە، کە ناتوانم ددان بۆ خۆتان ساز بکەم، دەنا هەموو شتێکی دیکە دەتوانم. ئاسنتان بۆ ئامادە دەبێ. ئێوە کوڕوکاڵینە لەسەر کێڵگە بە خێر و خۆشی یادمان دەکەنەوە. ئەم گاسنە کۆڵەگەی پشتی هەوجارە. هەموو شتەکانی دیکە بۆ گاسن دروست کراوە. هەرکە گاسن باش بێ، خەتی جووتەکەش باش دەبێ. هەرکە گاسن کول[٢٢] بێ، جووتەکەش بە کەڵك نایە. تێگەیشتن... .

بارپی پیرەمێرد پیاوێکی باش بوو. لە هەموو ژیانی دا هەر ئاسنگەر بوو، نەختێ حەزی دەکرد بە شان و باڵی خۆی دا هەڵ بڵێ، بەڵام لە کاری خۆیشیدا لێهاتو بوو. دەبوو زووزوویش سەر لە کارگەی زین دوورین بدا. چکیشی، سەردەستە ئەم فرمانەی دابوو و گوتبوی تا ڕێشمە و لغاو وکەل وپەلەکان بەسەری ئەسپەکانەوە بکەن. گوتبوی بەبێ ڕێشمە و ئەسباب کارێك ناکرێ. ئەگەر گاسن هەبێ و ئەسپیش هەبێ بە بێ ئەسباب بە کەڵك نایە. ئەویش راستە. لەبەر ئەمە هەر یەکێك هەر جۆرێکی دەیتوانی لە دروستکردنی زین و ئەسبابەکان یاری دەکردن تا پێشوەخت بە ئەسپەکانی خۆی تاقیان بکاتەوە.

بەڵام مەسەلەی هەرەگرنگ و سەرەکی ئەوەیە، بەباشی چاودێری وسەرپەرشتی وڵاغەکان بکرێ. بە درێژایی ڕۆژ و لە بەیانییەوە تا ڕۆژئاوا بوون و درەنگانی شەو لەتەویلە دەسبەکاربوون و تەنیا شەوانە پاش ئەوەی دوا بەشە ئالیکیان بە وڵاغەکان دەدا دەگەڕانەوە ماڵ. پێویست بوو هەموو دەم لە هەموو جێگایەکدا پەلە بگرێ.

ماوەکە سەرو بەر مابۆوە نەکەم و نەزیاد. دوا دواییەکەی مانگی ڕێبەندان بوو. مانای ئەوەیە بۆ بەهێزکردنەوەی وڵاغەکان و ئامادەکردنیان نزیکەی سی یان سی و پێنج ڕۆژێکی مابوو. مەسەلەی ئەوەی، کە بارگیرو وڵاغەکان تاوەختی جووت و کێڵان داهاتن و سەرلەنوێی هێزو بڕشت بگرنەوە بەر خۆیان یا نا، ئێستا تەنیا پەیوەندی بە خودی جووتیارەکانەوە بوو. ئەسپ گانلەبەرێکی وایە، کە ئەگەر نووستیش دیسانەوە هەر دەبی ئاخۆڕەکەی ئالیکی لێنەبری.

بەگوێرەی حسابی تینعەلیۆف دوا دوایی مانگی ڕەشەمێ، کە زەمین بەفری لێدەچێتەوە دەبێ گاسن وهەوجارەکان لە ئەکسای بن. سەردمێك لەوسەردەمە کۆنانەی، خەڵکی لە

(٢٢) کول:کوێر. پێچەوانەی تیژ.

ئەکسای کشتوکاڵیان دەکرد. بەڵام لە دواییدا دیار نییە زەوییەکانی ئەکسای لەبەر چ هۆیێك بە بەیاری مانەوە. رەنگە لە بەر ئەوە بێ، کە ئەکسای دورەدەست و چۆل و لە مرۆڤ خاڵیە. جگە لەمەش رەنگە لەبەر ئەوەبێ زەویەکانی ئەوناوە بەچاو ناوچەیەکی زورگاوی دیارە. چکیشی سەردەستە دەیگێڕاوە، کە باوکی گوتویەتی:(جووتیار لەئەکسای یا دەکەوێتە سوالّ یان بانگی خەلّك دەکا بێن بۆ دروێنە تا هەرەوەزی بکەن. بەر لەهەموو شتێك دەبێ سەروەخت تۆ بکرێ. دووەم لە بەرئەوەی لە ئەکسای بەروبوم بە بارانەوە بەندە. چکیش ئەوهای دەگوت.

تین عەلیۆف دەیگوت:(جووتیار هەمیشە بەتەمای خوا و پێغەمبەر کار دەکا بەلاّم ئومێدبڕیش نابێ)تینعەلیۆف حسابی ئەمەشی دەکرد و بەم قسانە ورەی دەدا بەر جووتێران، بەو ئومێدەوە، کە بەختیان ئەگەر بیگرتبا و بارانی باش بباریبا لە ئەکسای بەرهەمێکی باشی گەنم هەلّدەگرنەوە.

رۆژان دەهات ورادەبردن. لەکۆتایی هەفتە ئەسپەکان بەشێوەییێکی هەست پێیکراو گیانێکیان هاتەوە بەر. هەندێ سووران و قەلّەو بوون. کارەکان خەریك بوو ئامادە دەبوون. بە رۆژ هەتا هەندێ گەرم دادەهات. وەك ئە وە بوو زستان نیازی هەبێ جل و جۆری خۆی کۆ بکاتەوە. لە بەر ئەمە بە رۆژ ئەسپەکانیان لەبەر بەرۆچکێ و لەسەر ئاخورەکانیان دەبەستنەوە. ئەسپەکان لەبەر هەتاو باشتر ئالێکیان دەخوارد و باشتر بەدلّ وهەناویان دەکەوت. هەرپێنج دەستە چوار ئەسپییەکە، پێکەوە بیست سەر ئەسپ(دەستەی زەبروەشێنی ئەکسای)لەیەك ریز لەدەم ئاخورێکی درێژ بەدریژایی دیواری تەویلەکە وستابوون. کورێژگەکان بۆ دیداری بەیانیانەی سەرەك کۆلّخوز هەریەکەیان لەتەنیشت چوار ئەسپەکەی خۆیدا وەستابوو. تینعەلیۆف خۆی نازناوی (دەستەی زەبروەشێنی ئەکسای) پێدابوون. بەم پێیەی سەردەستەو بارکێش ومەیتەرەکان ئەوانیان بە غەیری دەستەی زەبروەشێن و یا بەشێوەییێکی سادە و دەستەی ئاسایی ناوی ئەوانیان نەدەهێنا خەلّکی ئێستاکە کاتی بە بەر حەوشەی تەوێلە دا رادەبوون سەرێك خوار دەکەنەوە، تابزانن کاروباری (دەستە)کە لە چیدایە. هەموو خەلّکی ئائیل قسە لە بارەی دەستەی ئەکسایەوە بۆتە وێردی سەر زمانیان. هەمووشیان ئاگادار بوون، کە تینعە لیۆف، سولّتان مرادی کوڕی بەکبای کردۆتە فەرماندەی دەستەکە. لە راستیدا ئەم کارە بەبێ بێنە و بەورە لەگەلّ ئاناتای نەهاتە دی. ئەو دەمودەست نارەزایی خۆی پێشان دا:

- بۆچی دەبێ سولّتان مراد ببێتە فەرماندە. بەلّکە ئێمە ئەومان ناوێ !

سولتّان مراد بەم قسە ئاگری گرت و گوتی:
- ئەسلّەن من نامەویّ ببمە فەرماندە. ئەگەر دەتەویّ، خۆت ببە فەرماندە!
ئارکین بای و قوبادقول هاتنە ناوەوە وگوتیان :
- ئاناتای تۆ حەسودیت پێدیّ!
- چییە، حەزناکەی؟ ئێستا، کە گوتویانە سولتّان مراد فەرماندە بیّ، دەبیّ فەرماندەبیّ.
بەلآم ئەرگیشی پشتیوانی لە لە ئاناتای کرد و گوتی:
- بۆ چی ئاناتای بەکەلّکی ئەم کارە نایە؟ ئەو بە هێزە؟ تەنیا کەمێك لە سولتّان مراد کولّەترە. لە قوتابخانە، ئێمە خۆمان چاودێری پۆلمان هەلّدەبژارد. وەرن با هەر بۆ خۆشمان فەرماندەی خۆمان هەلّبژێرین. ئەگەر نا چیدەبیّ، سولتّان مراد، با سولتّان مرادبیّ.
تینعەلیۆف، کە بە بێدەنگی گوێی بۆ قسەکانیان راگرتبوو لە کۆتاییدا زەردەخەنەیەکی هاتیّ و سەری بادا و لە پڕێك خۆی جیدی و توند کرد:
- دەنگە دەنگ ببڕنەوە، وەرن لێرە ریز بن، باشە. ئێستا، کە ئێوە هێزی زەربەردەستن، دەستەیەکی بەراستی بن. گوێتان لیّ بیّ وەك ئالّقە لە گوێتانی کەن، کە فەرماندە هەلّنابژێردریّ، بەلّکە بە هۆی سەرکردەکانی سەروترەوە دادەندریّ.
ئەرگیش هاتە ناو قسەکانی سەرۆکی کۆلخۆز و وتی:
- خودی سەرۆك کیّ هەلّدەبژێریّ؟
- سەرۆکێکی لەو گەورەتر.
- هەموو بێدەنگ بوون.
سەرۆکی کۆلخۆز درێژەی بە قسەکانی خۆیدا:
- مندالّینە. مەوزوعەکەمان ئەمەیە:جەنگ بەردەوامە و ئێمە ناچارین بە مەرج و بڕیارەکانی سەردەمی جەنگ بژیەین. لەبەر چاوتان بیّ من لە هەمووتان بەرپرسیارم، بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی کەبە هەموو هێزی دلّ و گیانمەوە دەیگرمە ئەستۆ. دووکەس لە ئێوە باوکیان کوژراوە، سیّ کەسی دیکەش باوکیان لە بەرەی جەنگن. من لە هەمبەر زیندووەکان و مردووەکاندا بەرپرسیارم. من ئەم بەرپرسیارێتیەم لە بەر ئەوە گرتۆتە ئەستۆی خۆم لێیان دلّنیام، کە چوونمان بەرەو ئەقسای دورەدەست بە خۆمان و کەلوپەلّی جووت و کێلّەوە، لە پێشە. شەو رۆژانێکی زۆر وەك دەستەویەکە چەتربازەکان بە کارێکی تایبەتی لە

دەشت و چۆلی بەسەر دەبەن. ئێوە چۆن لەوێ دەتوانن بژین و کار بکەن ئەگەر لە سەر هەرشتێك ناکۆکی پەیدا بکەن و دادوبێداد و دەمەقاڵە بنێنەوە؟

تینعەلیوفی سەرۆکی کۆڵخۆز لە بەردەمی ریزی منداڵەکان لە حەوشەی تەویلە ئەم قسانەی کرد. چەتربازی پێشو بە هەمان سەرچاکەتە بێقۆڵە سەربازیەکەیەوە و کڵاوە خۆڵەمێشیە سەربازیەکەی، بە قیافەتێکی نیگەران و مکورِیەکەوە راوەستابوو و لەگەل ئەوەشدا هێشتا هەر گەنج بوو و چەند دانە دەندە پەراسوێکی لە دەست دابوو و لار بوو و جانتا خزمەتیە بیابانییەکەی وەك هەمیشە بە قەدەوە بوو.

تینعەلیۆفی سەرۆکی کۆڵخۆز لە بەردەم ریزی دەستەی ئەکسای، کە سوڵتان مرادی کوری بەکبای بە فەرماندەی ئەوان دانابوو ئەو قسانەی کردو و گوتی:

تۆ لەهەموو شتێك بەرپرسی. بەرپرسی کەسەکان، کەلوپەلی جووت و کێڵ. ئەسپ و زین و کەلوپەلەکانیان. تۆ بەرانبەر کێڵان و جووتکاری لە ئەکسای لێت دەپرسرێتەوە. بەرپرسێتی مانای ئەوەیە، کە فرمان و دەستورەکان ئەنجام بدەی. ئەگەر دەروەستیان نەیەی یەکێکی دیکە لە جێگات دادەنێین. ئێستا هیچ نارِەزاییەك لە هیچ کەسێك قبوڵ ناکەین.

تینعەلیوف سەرۆکی کۆڵخۆز ئەو رۆژە لە حەوشەی تەویلەدا لەبەردەم ریزەبچووکەکەی دەستەی ئەکسای ئەم قسانەی کرد.

جووتیارەکان وەفادارانە و بە ئارەزوو خۆشیەوە تەماشای پەیکەری ئەویان دەکرد و ئامادەبوون هەموو

فرمانێکی ئەو جێبەجێ بکەن. ئەویش لە بەرانبەر ئەواندا وبگرە وەك خودی مانای بەیاڵ وگۆپاڵی خۆڵەمێشی و قیافەتێکی ترسناك و جلوبەرگی زرێیەوە وەستابوو منداڵەکانیش بەرانبەر ئەودا وەك پاڵەوانانی وەفاداری ماناس قەڵغان لە دەست و شمشێر لە قەد دەهاتنە بەر چاوان. ئەو کورە ئازاو پرِ شانازیانە، کە مانای ئومیدەکانی خۆی و کارەکانی بەوان سپاردبوو چ کەسانێك بوون؟

یەکەمین کەسێکیان گوردی بەناوبانگ سوڵتان مراد بوو. هەرچەندەی، کە لەوانیدیکە بە تەمەنتر نەبوو و تەمەنی تەنیا پانزە سال بوو، بەڵام ئەم سوڵتان مرادە کوری بەکبای بە هۆی ژیری و هۆش و دڵ و بوێریی خۆی بە فەرماندە دانرا. باوکیشی، کە باشترین باوکی دنیا بوو. ئە و وەختەی لەناو لەشکرکێشی دەورەدەست و جەنگێکی گەورە بەشداربوو. ئەو چابدار

ئەسپە چاپوکە بە هێزەکەی خۆی بۆ سولّتان مراد بەجێ هێشتبوو. سولّتان مراد براییێکی بچوکیشی هەیە، کە حاجی مراد ئەو برایەکەی زۆر

خۆش دەویست. هەر چەندە کە حاجی مراد ئازاری دەدا. سولّتان مراد لەسەر ئەمانەشەوە بەنهێنی میرزا گولّ بیکچ، ئەو کچۆلّە جوانکیلەی خۆش دەویست. لە هەمووی خۆشتر پێکەنینی میرزاگولّ بیکچ بوو.

بالاّی چەند رێك و جوان بوو، وەك ئەسپنداری ترکستان، پێستی دەموچاوی وەك بەفری سپی و چاوەکانی وەك ئاگرێك بوون، کە لەشەوی تاریك و تنۆکدا لە ناو چیا هەلّکرابیّ... .

ئازاو دلێری دووەم ئاناتای پالّەوانی پڕ لە شانازی بوو، کە لە ناو دەستەکەدا لە هەموان بە تەمەنتر بوو و تەمەنی شانزەسالّ بوو. ئەو لە هیچ لایەنێکەوە لەوانیدیکە بێتواناتر نەبوو، جگە لە بالاّی، ئەویش هەر هێندەی کەمێك. لە جیاتی ئەوەش لە هەموان بەهێزتر بوو. ئەسپی ئەو هەر بەمشێوە، کە خۆراکی پالّەوانانە - ئوکتو ر - مانای- تیری سوور- ناوی بوو. باوکی ئاناتای لە جەنگی گەورەش و لە چالاکیە سەربازیە دورە دەستەکانیش بەشداربوو. ئاناتای هەمان کچۆلّەی نەشمیلانەی وەك مانگی تابان- میرزاگولّ بیکچ-ی لە دلّی خۆیدا خۆشدەویست و بە چاوەڕوانی ماچێکی ئەو کیژۆلّەدا لەسەر ئاگرو پەنگران بوو.

پالّەوانی سێیەم ئارکین بەگ قارەمانێکی، لاو و سەرنجڕاکێش بوو و کوڕە گەورەی خێزانەکەی بوو. ئەو دۆستێکی باش و بە وەفابوو. ناوناوێك بە خەمباریەوە ئاخی هەلّدەکێشا و بە دزیەوە دەگریا. باوکی لە ئۆپەراسیۆنە جەنگیە، دورەدەستەکان لەکاتی بەرگریکردن لە مۆسکۆ دلێرانە شەهید بوو. ئەسپە پڕ هێز و کوڕەکەی ئارکین بەگ، کە شایانی پالّەوانانە بە ئاکبای پاکی کوکوك یعنی ئەسپی بەغاری وەك بای (گۆرەوی سپی) ناویان دەبرد، پالّەوانی چوارەم ئارگشی قارەمان بوو. ئەویش لە خەسلّەتی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی بەرخوردار بوو. تەمەنی پانزە سال بوو و حەزی بە دەربڕینی بیروباوەڕەکانی خۆی دەکرد و خۆیشی دەکردە ئەسکوی هەر دیزەیەك، بەلاّم لەکاروکردەوەدا جێگای باوەڕپێکردن بوو. باوکی ئەویش لە جەنگی گەورە و دورەدەستدا بەشدار بوو، ئەسپی ئەو هەمانشێوە کە شایانی پالّەوانان بوو ناوی- ئالتین تویاك- سم زێرین بوو.

لە نێو ئەو پالّەوانانەدا پالّەوانی پێنجەمیش هەبوو. قوباد قولی قارەمان. ئەویش پانزە سالّی تەواو کردبوو. لە خێزانەکەی دا لەهەموان گەورەتر بوو. باوکی قوباد قول لەئۆپەراسیونە جەنگیە دورەدەستەکانی ناوجەنگەلّەکانی بیلاروسیدا ئازایانە و سەربەرزانە شەهید بوو. قوباد

قول زەحمەتکێشێك بوو نەیدەزانی ماندوبوون چیە و وەك هەر پاڵـەوانێك ئەسـپە چـالاکەکەی خۆی بەناوی ژیبك ژال یەعنی ئەسپی باڵ ئاوریشمی زۆر خۆش دەویست. پاڵەوانانێکی ئـەوها لـە بـەردەم تینعەلیوفـدا وەسـتابوون. لەدواوەیانـدا، لـەو دیـو شـانە لاوازەکانیـان، پشـتە سەدەکانیان، کە لەسـەر ملـە باریکەکانیانـدا چەسـپابوو بەدرێـژایی ئاخورەدرێژەکـە ئەسـپە چوارچواریەکانیان- پێنج تاقمی چوارتایی یەعنی بیست ئەسپ راوەستابوون، کە دەبووایە بـە گاسنە دوودەمەکانەوە ببەسترێنەوە وبۆ ئەکسای دورەدەست دەچمان. لە ئەکسای، لە ئەکسـای هەر لەگەڵ ئەوەی بەفر دەستی بە تاوانەوە بکردبا، دەبووایە دەست بە جووت و کێلان بکـەن. لە ئەکسای، لە ئەکسای هەر کە زەمین هەناسەی داوکزر بـوو، دەبـێ کـاری گاسـنان دەست پێبکا، بەڵام هێشتا بەفر لەهەموو شوێنێکدا هەبوو. ئەو بەفرەی بەسەریەکدا کەڵەکـە ببـوو هەموو شوێنێکی داپۆشیبوو. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو رۆژانە نزیـك دەبوونـەوە و هـەموو تەدارەکێك بۆ ئەو رۆژانە ئامادە دەکرا.

٥- ئەو رۆژانە دادەهاتن...

ئەو ئەسپانەی بۆ جووت وکێڵـی ئەکسـای ئامـادە دەکـران نازنـاوی جیاجیایـان هـەبوو. هەندێك بە ئەسپەکانی دەستەی زەبروەشێن و هەندێکی دیکەیان بە ئەکسایی بـانگ دەکـرد، بەڵام بە هەموو شێوەییێك راستی ئەوەبوو، کە لە قەدرایی دوو هەفتەی دوواییدا، ئەوان لەگەڵ ئەسپەکانی دیکەی تەویلەدا جیا بوون. ئەسپە ئەکساییەکان تێرو پڕ و پاك و خاوێن و بەیـەك ریز بەدرێژایی تەویلەکە وەستابوون و چاوی مرۆڤ بە هێزی ماسولکەکانیان روونـاك دەبـۆوە و چێژی لە دیمەنی شادی و گوێیە موچ[٢٣] وهەستدارو تیـژەکانیان دەبینـی. لەوانـدا خەسـڵەتی ئەسپی بەخەبـەر و هـەرکامێکیان سـەرلەنوێ خاسـیەتە لـە دەسـتداوەکانی خـۆی بەدەسـت هێنابۆوە. خو و خاسیەتە لەبیرکراوەکانی ئەوان کەسەریان هەڵداوەو بوژانەوە. ئیدی ئەسپەکان هۆگری خاوەنە نوێیەکانیان بـوون و، لەسـەرەخۆ و رێـك وەك لـەژێرلێوەوە، بـە میهرەبـانی، لەحاڵێکدا سەری خۆیان بەرەودەنگەکان و هەنگاوەکانی ئاشنایان دەسووراندەوە، دەیانحیلاند و دەم و لموزە نەرمۆڵەکانی خۆیان درێژ دەکرد. منداڵەکانیش هۆگریان ببوون و ئێسـتا بانگیـان دەکردن و تا ژێر تەنگەی ئەسپەکان دەچون(یائەڵڵا، قاچت ببە دواوە! راوەستە راوەستە!

---

(٢٣) موچ: تیژ-قولاغ

هەی کەللە خڕ، پەلە مەکە! چاوچاو سەری دێنێتە پێشەوە، ماستاو دەکا، کلاوچی! وەرە! هەی گێژە! من تەنیا تۆم نییە! ئەسپی دیکەشم هەیە).

ڕۆژانی یەکەم ئەسپەکان بەشەلەشەل و وەك نیوە کوێر بن، بەرەو سەر جۆگا بۆ ئاو خواردنەوە دەچون. دوایی دەستیان بە یاری و جلیتبازی کرد. بەتایبەتی کاتێك لە سەر جۆیبار دەگەڕانەوە. ئەوانیان پێکەوە بۆ سەر ئاو دەبرد و هەریەکێك لە منداڵەکان سواری ئەسپی مونتازی خۆی دەبوو. سوڵتان مراد سواری چابدار، ئاناتای سواری ئوکتورو، ئارکین بەگ سواری ئاك بای پاك، ئەرگش سواری ئاڵتین توباك و قوبادقول سواری ژیبك ژال دەبوون. ئەوان بەوناوەدا چەرخەلەیان بەهەموو ئەسپەکان دەدا و بۆ سەر ئاویان دەبردن. دەبێ زستان باری سەر ئاوەکە باشتر بکرێ و ڕێك بخرێ، ئاگادار بیت پێش و بەردەمی ئەسپەکان نەیبەستێت و سەرئاوەکە نەبێتە خلیسك. بەتایبەتی کاتێك، کە ئەسپەکان پێکەوە بەرەوە بیانەوێ ئاو بخۆنەوە. لە بەر ئەمە پێویستە، کە پێشتر ئەم لاوئەولای زەمینی دەوروبەرەکەی سەرئاوەکە هەڵکەندرێن و جێگا بەترسەکان کایان پێوەر بکرێ. لەگەڵ ئەمەشدا لە ڕۆژی زۆر ساردا شوێنە شەختاویەکان بشکێنرین و کونیان تێکرێ. سوڵتان مراد لەمبارەوەش کێشکچی ڕێك وپێکی داناو دیاربوو، کە دەبێ کێ و لە چ ڕۆژێکدا سەر ئاوەکە بۆ ولاغەکان ئامادە بکا.

ئەسپەکان بێ پەلەپەل و بەبێ پاڵەپەستە لەژێر چاودێری جووتێرەکانی داهاتوودا ئاوێکی سازگارو ڕەوان و تەزیویان دەخواردەوە. ئاو لەژێر چینی شەختەوە دەڕژایە سەر چەوەلانەکە و دەچۆوە ژێر شەختەکەوە و لە ژێر شەختەکەشدا هاژەو خوڕە خوڕێکی دەهات و لەژێرەوەش بەر ساپیتەی توێژە شەختەکە دەکەوت...

ئەسپەکان وەك گوێ ڕابگرن بەپشو ئاویان دەخواردەوە و لەژێر پرشنگی کەم تینی هەتاو کەمێ گەرمیان دەبۆوە و سەرلەنوێ بینیان بەئاوەکەوە دەناوە. دوای تێر ئاوبوون لەسەرەخۆ دەهاتنەوە سەرجادە و کاتی گەڕانەوەیان بۆ تەویلە دەستیان بەیاری و جریتبازی دەکرد، بەپڕمەپڕم کونە لوتەکانیان فش دەکردەوەو مووی کلکەکانیان دەهێنا و دەبرد، (سمکۆڵیان دەکرد و هەڵدەستانە سەر هەرچوار پەلەکانیان. منداڵەکان جارێکیان بەدەوری ئەواندا ڕایاندەکرد و جارێکیدیکەیان ئەسپەکانی خۆیان کۆ دەکردەوە وزاق و زریقیان دەناوە. دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژێك خەڵکی بۆ تەماشاکردنی ئەسپە تایبەتیەکانی ئەکسای دەهاتن. وەك ئەمەبوو، کە ئەم ئەسپانە ئەوەکانی جاران نەبن و تازەبن. پیرەمێردەکان بۆ دانی بیروڕای خۆیان سوودیان لەهەر دەرفەتێك دەبینی، کە لەدنیای گیانلەبەراندا میهرەبانتر و

سەرنجڕاکێشتر لە ئەسپ نییە ئەوە بە مەرجێك، کە لەدەستی میهرەبـان و بـەکاردابن ئەگـەر مرۆڤ بە ئەندازەی سەرەنینۆکێك چاکەی لەگەڵدا بکا، ئەو سەدقات پتر چاکەی دەداتەوە و زۆر روداوی جیاجیایان لەم بارەوە دەگێڕاوە.

تەنیا تینعەلیوفی سەرۆکی کۆڵخۆزی دەکەوتە گێڕانەوەی ئەم چـیرۆکانە. ئـەو بەچـاوێکی جدی و رەخنەگرانەوە بەر لەهــەموو شـتێك لەئەسـپەکان و دەسـتەی زەبروەشـێنی دەنـۆڕی و دەپشکنی و دەیویست بزانێ، کە گاسنەکان، زینوجل و ئەسپابیان ئامادەن یان نا، ئەدی بۆچی سەرچۆکەکانیان هەڵزڕاون و کونی سەر چۆکەکانیان پینە نەکراون و دەیگوت:کاتێ، کە دایکت ناپیەرژێ و پیڕاناگا، ئایا گرفتێکی گەورەیە خۆت دەرزی و داوبگریتە دەست؟ و ئەدی جلەکان کەی ئامادە دەبن؟

ناکرێ تەویلەکە لەگەڵ خۆماندا ببەینە ئەو دەشت وئاقارە ساردەی ئەکسای.

ئەو بەخێرایی بـەبیر منداڵـەکانی دەهێنـاوە و ئاگاداریدەکردنـەوە، کـە کاتەکـە تەنگـەو هێندەیان لەبەر نەماوە ئەوکارانەی، کە دەبێ لێرە بکرێن، نـاکرێ لەئەکسـای ئـەنجام بـدرێن. هەندێك جاران کارەکە دەگەیشتە دادو هاوار و ناو بژیکاری و وەختێك عارەبانچـیەکان لـەناو عەرەبانەی وێنجەی وشك، کـە بـەڕادایی بـۆ ئەسـپەکانی جـووت و بەپلـەی یەکـەمیش بـۆ ئەسپەکانی ئەکسای هەڵگیرابوو لەکاتی خۆیدا باریان نەدەکرد چکیش(سەردەستەکەیان)لۆمەی دەکردن. دایکانیش لەم بارەدا جۆش و خرۆش و خۆشحالی خۆیان بەدیارنەدەخست. جارێکیـان دایکـی ئـەم و جارێکیـدیان دایکـی ئـەو دەهـات بەسـەرکۆنەکردنەوە دەیگوت:(ئەمـە چ نالەبارییەکە؟ کێ ئەم دەستە زەبردەرەی بۆ ئێمە داهێناوە، بەراستی شتی ئاوهـا نـەدیتراوە و نەبیسـتراوە. پیاوەکانمـان، کـە هـەموویان چـوونەتە جـەنگ هێشـتا کـەم بـوون!؟، ئێسـتا کوڕەکانیشمان وەك سەربازیان لێهاتووە نە دەکرێ بۆ کـاری ماڵـەوە سـوودیان لێـوەربگیرێ و نەکەسێك هەیە بتوانین دەردە دڵی خۆمانی لا هەڵبڕێژین، لە سبەینەی سالحانەوە تا شەو دادێ تەنیا لەناو تەویلەدا خەریکن... .

و زۆر قسەو بۆڵەبۆلی دیکەی، کە ئەگەر بیری لێ بکرێتەوە، راست و رەوا بـوون. سـوڵتان مراد بەر لەهەموان کەوتۆتە ناو دەردە سەری و گیرۆدە بـووە. دەبووایـە هـەر ئاوهـاش بـێ، چونکە سەردەست بـوو. ئـەو بەرپرسـیارێتی بەرانبـەر هـەموان هـەبوو. بـەڵام لەهـەمووی بەگیروگرفتری ئەو بەرپرسیارێتیەی بەرانبـەری دایکـەی بـوو. دایکـی خـۆی ئیـدی کـارێکی بەسەریەوە نەبوو، ئەو ئیدی ماندوو ببوو:(تەنیا باوکی بەزیندوویـەتی لـە جـەنگ بگـەڕاباوە

هیچی دیکەی نەدەویست، تەنیا کە ئەو خۆی سەری لەکاری خۆی دەردەکرد. ئیدی بۆ من بەسە. کوڕە شیرینەکەم تۆ تەنیا کاتێك بەخۆت دێیەوە، کە پێیەکانم بەرەو قیبلەگا درێژ دەکەن. ئەوکاتەش ئیتر درەنگە...)سوڵتان مراد دڵی بەدایکی دەسووتا، زۆریشی دڵ پێدەسووتا، بەڵام هیچی لەدەست نە دەهات، لەراستیشدا هەرکەسێکی دیکەش لەجێگای ئەو دەبوو، نەیدەتوانی شتێك بکا. هەر یەکێك لەدەستەی زەبروەشێن چوار ئەسپ و زۆر کاری دیکەشی هەبوو. جگە لەمە دەبوایە ئاویان بدا، پاکیان بکاتەوە، ئالیك ئامادە بکا و سەرلەنوێ ئاویان بداتەوە، ئالیکیان بداو خاوێنیان بکاتەوە، تەرس و پاشەرۆکیان بباتە دەرەوە و دەبوو هەموو رۆژێك ئەم کارە بکەن... ئەم شوشتن و دەرمانە پەڵەو پیسیە کۆنەکان و برین ورووشانی شانەکان و پشت گەردەنی ئەسپەکان چەندەی پێدەویست. پزیشکی ئاژەڵانی ناوچەکە هەموو جۆرە دەرمان و گیراوە و مەڵحەمێکی بۆ بەجێهێشتبوون تاخۆیان چارەسەری ئاژەڵەکانیانی پێبکەن. دەبوایە هەموو رۆژێك دەستیان تێوەیان بێ و دەرمانیان بکەن دەنا دەرمان نەدەبوون[٢٤]. دەبوو خۆراکی پێویستیان بدرێتێ و قەڵەو بکرێن، ئەوهایە، بۆدەرمانیش ئەسپێکی ساغیان تێدانەبوو. لاشانیان هەمووی هەر برین بوو. ئەسپ تێناگا کە دەیانەوێ چارەسەری بکەن. لەبەر ئەمە سەرپەرشتیکردنی زۆر زەحمەت بوو.

وەختێکی ئەسپەکان گیانێکیان هاتەوەبەر و توانیان لەسەر چوارپەلان گیربن، پێویستیان بە راهێنانەوە بوو. دەبوایە هەموو رۆژێك هەرئەسپەی بۆ ماوەی یەك سەعات و نیو چوارناڵەیان پێبکرێ و تاو بدرێن ئەگەرنا بەدەردی چکیش گۆتەنی، لەکاتی راکێشانی گاسندا ئارەقەیەکی زۆر دەکەن و لە پەل و پۆ دەکەون. لەم سەروبەندانەدا رووداوێکی زۆر ناخۆش روویدا... .

هەر پێنج کوڕێژگەی پاڵەوان سواری ئەسپە باش و نایابەکانیان بوون و بۆ راهێنانیان لە تەویڵە وەدەرکەوتن. سوڵتان مراد بەسواری چابدار، ئاناتای بەسواری ئوکتورو، ئارکین بەسواری ئاکبای پاك، ئارگش بەسواری ئالتین توباك و قوبادقول سواری ژیبك ژال بوون. ئەوان بەپێی عادەت ئەسپەکانیان تاودا، کە بەدەوری حەوشەی تەویلەدا سوورانەوە هاتنە سەرجادە و بۆ ئاقاری ئائیل چون و ئەوان لە گۆراییەکی بە بەفر داپۆشراو ئەسپەکانیان تاودا. رۆژێکی خۆشی هەتاو بوو و گەرمای تیشکی بەهاری هەستی پێدەکرا. سەرچیاکان سپی سپی دەچوونەوە

---

(٢٤) رەنگە مەبەستی ئەوەبێ ئەگەر هەمووڕۆژێك دەرمان نەکرابان ئاژەڵەکان سودیان لێنەدەبینی.

ئەوەندە هێمن و ڕووناك بوو، کە ئەگەر مێشکیش لە نشێوە سپیەکانیان بایە، دەدیترا و گیزەگیزی دەبیسترا. زستان مۆڵەتێکی دابوو ئارامی گرتبوو. ئەسپەکان بە زەوق و شادیەوە غاریان دەدا و بۆ چریتبازی بێهێز بوون. سوارەکان جڵەویان شل کردبوو و خێراو تیژ وەك با تاویان دەسەند. حەزیان دەکرد چوارناڵە بکەن. سوڵتان مراد لە پێشەوە و ئاناتا لەدواوەی بۆلەبۆلی بوو:

- دەی خێراتر برۆ. بۆ هێندە لەسەر خۆی.

بەڵام سوڵتان مراد هەر وەك فەرماندە زۆر ڕێگای نەدەدا خێراتر بکا.

نە نەرمەغار بوو نە تاودان. ئەم کارو ڕاهێنانە بۆ ئەسپەکانە تا لەپاشدان جووتکردن و کێڵانیان لەکن زۆر گران نەبێ. هەموو دەستەکە ئەوها ئەسپەکانیان لێدەخوڕی. لەگۆڕاییێك سوورانەوەو ویستیان بگەڕێنەوە لەسەر گردەکە دەنگێکیان گوێ لێبوو. ئەم دەنگە دەنگی ئەو قوتابیانە بوو، کە لەقوتابخانە دەگەڕانەوە، هەرکە ئەوان دەستە سوارەکەیان دیت، دەستیان بە هاوارهاوارو بەرزکردنەوەی دەستەکانیان کرد. دەستەکەش لە وەڵامی ئەواندا قریواندیان و دەستیان بۆ بەرزکردنەوە. پۆلەکەی ئەوان واتە پۆلی حەوتەم و پۆلەکانی دیکە لەخوێندگا دەهاتنەوە. بەدەم دەنگە دەنگەوە بە ڕێگادا دەڕۆیشتن. سوڵتان مراد لەو نێوانە ئەو، واتە میرزاگوڵی بەدی کردو یەکسەر ناسییەوە. چۆن سوڵتان مراد ئەوی بەدی کرد، ئەمەیان خۆیشی تێینەگەیشت، بەڵام ئەو خۆی بوو. ئەوی لە دەم و چاو و روخساریەوە کە لەناو شاڵە بچووکەکەیەوە دەدیترا ولە بەژن و باڵاو لەنجەی ڕۆیشتنی و دەنگیەوە ناسیەوە. وادەهاتە بەر چاو کە ئەویش سوڵتان مرادی ناسیبێتەوە. ئەو بەدەم گوتنی شتێکەوە بانگی دەکرد و جانتاکەی بادەدا لەگەڵ ئەوانیدیکەدا لە گردەکە بە ڕاکردن نشێوە دەبۆوە. وەك بڵێ ی هاواری کرد(سوڵتان مراد)و هەروەك چۆن دەستەکانی بەم لاوئەولادا کردبۆوە بەرەو ڕوی ئەو ڕای دەکرد، بەڵام چۆن بەرەوڕووی دەهات، وەك ئەوەی گڕی گرتبێ لەمێشکیدا تۆمار ببوو.

تێگەیشت، کە تیکڕای ئەو ڕۆژانە لە خەیاڵ و بیری ئەودا بووە و دڵی بۆی تەنگ بووە... لە خۆشیان وەك

ئەوەبوو کە شەپۆلێك ئەوی پێش خۆی داوە و هەر دەیباو دەیباو لوولی دەدا. دیار نەبوو بۆ ئەوها بوو، کە هەموویان بە چوارناڵە، بەرەو گردەکە هاتن، کە هاوپۆلەکانیان لێوەی دەهاتنە خواری و بەخێرایی گۆڕاییەکەیان بڕی و لە هەورازەکە سەرکەوتن. ئەوان دەیانتوانی بەدرێژایی ماوەی هەورازەکە بەتاو بچن و پاشدان پێکەوە بجمێن و پاشدان بچنە تەوێلەکەوە.

سولّتان مراد وای دانابوو ئەوها بکا، بەلاّم لەم کاتەدا ئاناتای بـەری لێگرتـەوە. ئەسـپەکەی ئەو ئوکتور و پڕ لە هێنزو توانا بوو.

سولّتان مراد هەرەشەی لێکردو وتی:

- بوەستە، بۆکویّ مل دەنیّ ی، تاو مەدە، - بەلاّم ئاناتای هەتا ئاوڕیشی لێنەداوە.

ئەم بیرەی نامانووس ئاگری لە سولّتان مراد بەردا(هەبیّ ونەبیّ دەیەویّ میرزاگولّ ببینـیّ!)تووڕە بوو و نەیتوانی چیدی خۆی ڕاگریّ، ئەم کارە بەسەختی هانیدا و بەدوای ئەوەوە دەنگی چابداری داو های هوی ناوەو بەسەر بالّی ئەسـپەکەیدا دەهاتـەوە و بـەدوای ئاناتـای کـەوت. ئاناتایش پتر لە ئەسپەکەی وەژەنی و ئەوان بە جۆرێکی وا لەگەل یەکـدا کەوتنـە پێشـبڕکیّ و پێش لەیەکگرتنەوە، تاکیّ بەسەر کێدا سەرکەویّ و کیّ زوتر بگاتە میرزاگولّ، یان کیّ چاپوکی و نەترسی و پتر سوارچاکی خۆی نیشان بدا. ئەوان بە چ تیـژییێك تاویـان سـەند! لـە هـەموو شێوەییێکدا بەدیار کەوت، کە چابدار بەهێزو گوڕترە. باوکی هەروا بە خۆرایی نەیـدەوت، کـە چابدار توانایێکی زۆر و زەبەندی بەزین و غاردانی هەیە. سولّتان مراد لەبەر ئەوەی وەك بـای شەمالّ تاوی دەدا و خەریك بوو بگاتەوە ئاناتای، دلّ و گیانی سەراو ڕێژی خۆشی و شادی بوو! ئەو لەگۆشەی چاویەوە دیتی، کە تاقمە بە دەنگ و مقۆمقۆکـەی هاوپۆلـەکانی وەسـتان. بـە تەماشاکردنی ئەو کیّ بەرکێیـەی، کـە لـەئارادابوو، ئـەوان سـەرقالّ بـوون و لـە نێوانیانـدا میرزاگولّی دیت و باشیشی دیت، و بەتایبەتیش سەیری ئەوی دەکرد. لەراستیدا سولّتان مـراد تەنیا لەبەر خاتری ئەو دەستیدا ئەم پێشبڕکێیە وخەریك بـوو سـەردەکەوت. لـە بارێکـدا لـە ئاناتای پێش دەکەوتەوە لە هەورازی گردەکە ڕێچکەیێکی، کە کەمیّ سەروتر بوو هەلّبژارد تا لە میرزاگولّ نزیکتر بێتەوە. لەم بارەوە، کە چابداری لە هێلّی ڕێچکە سەروترە، کە تـاودا زۆر زۆری خۆشی لێهات و ئەگەر نا کیّ دەیزانی، ئەنجامەکە چی دەبوو. لەبەر ئەوەی لە چرکەساتی دواییدا، کاتێك گەیشتەوە تەنیشت ئاناتای وئینجـا پێشـی گرتـەوە و بەئەنـدازەی درێـژاییی لەشی ئەسپەکە پێش کەوتەوە، شتێك لە ئاناتای ڕووی دا. هەمووی پێکـەوە هاواریـان کـرد. سولّتان مراد لە حالێکداجلّەوی توند رادەکێشا سەیری دواوەی کرد- ئاناتای لەدواوە نەمابوو. سولّتان مراد ئەسپەکەی سەبر کردەوە و ئارامی کردەوە و گەڕاوە ودیتی ئوکتور و ئەسـپەکەی ئاناتای لە نشێوەکەدا هەلّدێراوەو ئاسەوارێکی پان و لوسـی لەسـەر بەفرەکـەدا بەجێهێشـتوە وئاناتایش پەریوەتە ئەولاوە. مندالّەکان بەرەو ئاناتـای، کـە لەسـەرخۆ و بەزەحمـەت لەسـەر بەفرەکە قیت دەبۆوە، رایان کرد. سولّتان مراد زۆر ترساو هەر کە گەیشـتە ئاناتـای و دیتـی

دەستی خوێنی لێدێ دیسان زیاتر ترسی لێنیشت. بۆ چرکەیێك چاوی بەچاوی میرزاگوڵ کەوت. میرزاگوڵ رەنگی پەڕی بوو و سەری لێ شێوا بوو لەگەڵ ئەوشدا کە شۆخ و شەنگترین کچێکی نێو دەستەی کێژان بوو...

هەرکە ئاناتای بەخۆ هاتەوە بەرەو ئەسپەکە لە ناو پشتیە بەفرەکەدا لەپەلەقاژەدا بوو رای کرد. جلەوەکەی لەچوارپەلی ئالآبوو. لەم کاتەدا ئەوانی دیکەش لە دواوە بەسەر ڕاگەیشتن. هەموو پیکەوە یارمەتیان داو ئەسپەکە راست بۆوە سەر چوارپەلی. ئەو وەختەبوو، کە سوڵتان مراد گوێی لەدەنگێك بوو و زانی، کە بەخێر گەڕاوە.

هەوڵ و کۆشانی پاڵەوانەکان بۆ خۆ دەرخستن لە پێش میرزاگوڵ بکیچ دا بەو شەرمەزاریە گەیشت. شەرمی دەکرد تەماشای ناو چاوەکانی بکا. بەبێدەنگیەوە پەلەی رۆیشتنیان کرد. وەختی گەڕانەوە بۆ تەویلە بوو. وەختی نزیکبوونەوە یان لە(ئائیل) ئەرگیش پێی زانی، کە ئوکتورو دەڵەنگی. ئەو ئوکتوروەی، کە ئاناتای سواری دەبوو. ئەرگشی دادو بێدای کرد:

- راوەستە، مەگەر نابینی کە ئەسپەکە دەڵەنگێ؟

ئاناتای بە سەراسیمەییەوە پرسی:

- دەلەنگی؟

- بەڵی، سەیریکە بەڵام چۆن لەنگینەك؟

سوڵتان مراد گوتی:

- بڕۆپێش بڕۆ بتبینم.

لەڕاستیشدا ئوکتور لەلای دەستە راستیدا خراپ دەلەنگی.

دەستیان بە پێی داهێناو بەدەرکەوت کەمەچەکی ئەستوور بووە. کارێکی خراپ بوو. نەیاندەزانی چی بکەن. ئەسپەیان بۆ جووت و کێلان ئامادە و کۆك کردوە. ئەوەیش ئەنجامیبێ. ئەرێ کەس لەسەرەو هەورازی بەفرا پێشبرکێی کردوە؟ ئەو شوێنە شوێنێکە، کە لەهەر هەنگاوێکیدا رەنگە ئەسپ سەرەنگرێ بێ و بگلێ. ئا ئەوهاش هاتە پێشەوە، ئێستا هەرباش بوو خۆیان بەسەلامەتی دەرچون.

- ئاناتای سوورهەڵگەرابوو وبەتورەییەوە ووتی:

- گوناحی تۆیە. تۆ بەزمی پێشبرکێت ناوە.

- ئەدی ئەمن هاوارم نەکرد(راوەستە، بۆکوێ مل دەنێی؟)

- جاخۆ چ پێویستی بەوە دەکرد پێشم بگریەوە!

- بۆچی تۆ تاوت دا؟

دەمە قاڵەو نانەوەی بێنەوبەرەیان هێندەی نەمابوو بگاتە کوتەك کاری. بەڵام بڕیانەوە و وازیان لە راهێنانەوەی ئەسپەکان هێناو بە ئەسپی شەلەوە بەرەو تەویلە گەڕانەوە. هەمویان گرژو مۆن وبێدنگ بوون وبەبێ دەنگەدەنگ ئەسپەکانیان بردەوە شوێنەکانی خۆیان و ئوکتورۆی شلەشیان لەسەر ئاخوری خۆی بەستەوە. ئیدی چی بکەن؟ خۆشیان نەیان دەزانی. بەسەر لێشێواوی چوبوونەوە قەپێلکی خۆیان دەیانزانی، کە دەبێ وەڵامی ئەم کارەیان بدەنەوە. منداڵەکان بە ئاناتایان دەگوت. بڕۆ خەبەری مەیتەر بدە، کەچی رووی داوە و چی بووە. پێی بڵێ ئوکتورو دەشەلێ دەبێ چی بکەین؟

بەڵام ئاناتای ئامادە نەبوو ئەم کارە بکا؟

بۆ چی دەبێ من بچم؟ من، کە گوناهبار نیم. ئێمە فەرماندەمان هەیە. باخۆی بچێ و خەبەر بدا.

دیسان لێیان بۆوە شەڕە کوتەك. قسەکەی ئاناتای، کە دەیگوت:(من گوناحم نییە)خۆی بە گوناحبار نەدەژمارد زێترلە هەموان سوڵتان مرادی لە دین دەبردەدەر. سوڵتان مراد پێی گوت:

- تۆ ژنی، تۆ تەنیا بە قسە ئازای. کەشتێك روودەدا خۆت دەشارییەوە. تۆ واخەیاڵ دەکەیەوە من دەترسم. ئێستا کەوا دەڵیی باوابێ، خۆم دەچم و باسی هەموو شتێك دەکەم.

ئاناتای نەیبڕیەوە:

- باشە دەبڕۆ. ئەی بۆچی فەرماندەی؟

سوڵتان مراد ناچار بوو خۆی ئامادە بکاو هەموو شتێك وەك ئەوەی، کە رووی دابوو بۆ مەیتەر بگێڕێتەوە. مەیتەر نیگەران بوو و بەپەلە رای کرد و هات، کە ئەسپەگلاوەکە تیمارو چارەسەر بکا. قرەقرپێکی زۆر پەیدابوو. مەگەر گاڵتەبوو؟ رێك لەسەروبەندانی جووتکاری و کێڵاندا ئەسپی جووتیان لەدەست داوە. لەم کاتەدا سەروسەکوتی چکیشی(سەردەستە)پەیدابوو. مەیتەر لەپشکنینی پێی ئۆکتور و بوو وهەوڵیدەدا، کە بەتەواوی بزانێ هۆی ئەستور بوونەکەی چیە، لەبار یەکچونی ماسولکەیە یان ئیسقانی لە جێ چووە. لەهەمان کاتدا دەنگی پێی کەسێك لەدواوە دەهات، هەموویان پێکەوە ئاوڕیان داوە. چکیش سەردەستەکەیان بەسەر ئەسپەوە بوو. ئەو بێدەنگ، گرژ بەترسەوە بەپەلە بۆلای ئەوان هات.

- چی بووە؟

- نازانم ماسولکەی لەجێ چووە، یان ئیسقانی دەرچوە؟
چکیش لە توورەییان سوور ببۆوە ونەڕاندی:
- پێویست بە بیرکردنەوە ناکا! هەموتان رادەکێشمە دادگای سەحرایی و هەر لەوێ گوللەبارانتان دەکەم. چکیش قامچیەکەی بەرز کردەوە و وژمی بۆ کوڕیژگەکان برد. منداڵەکان هەریەکەی بۆ لایەك تێیان تەقاند. چکیشیش سەری لەدونان. بەڵام کەس نەکەوتە بەردەستان. پیرەمێردە زێتر لەبەر تەنگەنەفەسی شین و مۆر هەڵگەراو هەروەك پێشوو، کە توورە دەبوو بەدەم هاوارو گەف وهەرەشە وگورەشەو نائومێدیەوە گوتی:
- چاوچاو، سەیری ئەمانە بکە، ئەسپی جووت وکێڵمان بەکێ سپاردوە ئەوانە پیاوخراپن! فاشیستن! پیاو دەبێ هەموویان گوللەباران بکا! چەندەکاروزحمەت و، چەندەیان ئالکیك وپەلخور بەربادا. ئێستا بەچی زەوی بکێڵین؟ ئەو کەبەدادو فەریادەوە هەموو حەوشەکەی وەرگیرابووەسەرسەری خۆی لوتی بەلوتی سوڵتان مرادەوە هەڵتۆقی. کاتێك منداڵەکان چوونەدەرێ، سوڵتان مراد لەجێی خۆی دامـاو. و رەنگ پەریوو بەترسەوە وەستابوو و لە سەردەستەکە رامابوو. ئەو نەیوێرا لەمەسەلەکە رابکا. -ئەمەتۆی! بەڵێ! ئێستا چاویشم لەچاوان دەبڕی؟ ! چیکیشی پیرمێرد نەیتوانی خۆی بگرێ و قامچیەکەی لە ناوشانی فەرماندەی دەستەی زەبر دا. بەڵام جاری دووەم هەر کەویستی دووبارە دەستی راستکاوە، وازی هێنا. دەنگی نووساو بە هەرەشەوە پێیەکانی بە ئەرزی دادەکوتاو پێکۆڵیدەکرد:
- هەی سەگباب، لاچۆ لەبەر چاوم ونبە تا ونجروونجڕم نەکردوی! سوڵتان مراد کە تەکانێکی داو خۆی لەخۆیدا دەستەکانی بەبەر دەم چاویەوە گرت، هەر بەوشێوەیە راوەستابوو نیگای بەترسەوەی خۆی لە سەردەستە وەرنەدەگێڕا. ئەو چاوەڕێ بوو کە قامچیەکە وەك داغی ئاگر بەناو شانیدا بکەوێ و هەموو توانایەکی دابەرخۆی کە ڕانەکا و خۆی رابگرێ.
چکیش، کە لە سەر سەختی کوڕیژگە، کە سەری سوورمابوو لەپڕ گوتی:
- زۆر باشە با ئەوی ماوەتەوە بۆ ئەوکاتە هەڵگرین، کە باوکت لە جەنگ دەگەڕێتەوە. لە بەردەمی ئەویشدا بە خزمەتت دەگەم. سوڵتان مراد بێدەنگ بوو. بەڵام چکیش دیسانەوە نەیدەتوانی ئارام بگرێ. هەر دەهات و دەچوو و پێی بەزەمیندا دەکوتا و دەستەکانی رادەوەشاند:
- پێت دەڵێم برۆ، رادەوەستی! هەر خۆت بیر بکەوە، لەکوێ دەمتوانی بەدوات کەوم! بۆ کوێ بەدوای ئێوەدا رامکردبا، بەلانی کەم ئەگەر بۆ رێزلێنانیش با دەبوو رابکەی، ئەوکاتەش

من کەمێك ئۆقرەم دەگرت لـەکێم دەدا؟ لـەتۆ؟ بـەم لـەش و لارەلاواز و جلوبەرگەتـەوە. زۆر باشە، پیرەمێردە ببوورە. هەرکە باوکت گەڕاوە من و پیرەمێـردە پارچەپارچـە بکـە. بـاوابێ. ئێستا بلێ بزانم ئێوە لێرەدا چیتان کردوە.

ئەوێ رۆژێ، کە ئەوشتە روویدا. شانەکە لەسەری سـولتان مـراد داشـکا، هـەقیش بـوو. چکیشی پیرەمێرد لەناو ئەو تێمان وگیرۆدەییەدا چۆن دەیتوانی جلـەوی خـۆی بگـرێ. چـەندە کارو زەحمەت، چەندە هەولێ و تەقەلا بەرباچوبوو. ئەسپی شلە لـەکوێ و بەکـەڵکی چـیدەهات جگە لەسەر برین. بەڵام کێ دڵی دێ دەستی بەڕوی ئەسپی کاردا بلند بکا.

تەنیا ئومێدیان ئەوەبوو، کە چکیش و خەڵکی شارەزای دیکە دەیانگوت، کە شـتەکە زۆر ترسناك نییە. ئوکتوریان بردە لای پیرەمێردێك ئـەو شـارەزای چارەسـەرکردنی ئەسـپان بـوو. وێنجەو جۆیان بۆ هێناو رۆژانە ئێشکچیان لەسەر دانا. لەخۆشـبەختی دوای چـوارپێنج رۆژان حالی بەرەو باشبوونەوە چوو و هێنایانەوە نـاو تەویلەکـە. بەشـێوەییێکی گشـتی ئـەم هەفتـە هەفتەییێکی سەخت بوو. دایکی بێتاقەت بوو. سەرەتا حالێ و بـاری بـاش نـەبوو و لەدواییـدا تایەکی گەرمی هاتێ و کەوتە ناو جێگا. سولتان مراد ناچار بوو لەماڵەوە بمێنێتـەوە وچـاوی لەدایکی و خوشك و براکانی بێ. تەنیا ئەو کاتە کەباری ماڵەوەیان چەند هەژارو نەدار و تێك چوە. هەرکە بابی چوە سەربازی دەسەر مەڕیان هەبوو. ئێستا تەنیا یەك دانەشـیان نـەمابوو: دووسەریان بۆ گۆشتخۆری خۆیان سەر بڕی و ئەوی ماوەش بەقەرز دایانـە دەولـەت وخـەرجی جەنگ و هەندێکیشیان فرۆشت. باش بوو مانگایان هەبوو، شـیری دەداو بـەخێرایی دەبووایـە بژێ و جاشکەکەی حاجی مرادیش، یالێ رەش لەدەرەوەی مالەوە پیاسەی دەکرد. ولاغـەکانیان هەر ئەوەندە بوو. لاسکە وشکەوبووەکانی گەنمەشامی مـابۆوە. تـازە ئەگـەر زسـتان درێـژەی پێنەدا. کێ دەزانی چیدەبێ. جاشولکەکە دەبووایە خۆی ئالیکی خۆی پەیدابکا. لەدەوروبەری ماڵەوە درك ودارو پنجکی دەخوارد. لەلایـەنی سـوتەمەنییەوە بارەکـە خـراپتر بـوو؟ تەپالـە دەهات تەواوبێ. دارو چیلکەش هەر بۆ چەند رۆژێـك بەشـی دەکـرد، ئـەدی دوایـی؟ هـەتا گەماڵەکەشیان، ئۆکتوش لاوازو مردۆخ ببوو.

سولتان مراد خەمبار بوو و شەرمی لە خۆی دەکردەوە. رۆژوشەوان لە حەوشەی تەویلـەدا بە تەدارەکی دەستەی زەبروەشێنی ئەکسای سەرگەرم بوو و ئاگای لێنەبوو کـەباری ماڵـەوەیان چەند تێکچوە؟ مەگەر کاتێ باوکی لێرەبـوو حالێـان ئـەم بـارە بـوو؟ پـووش و پەلاشـی بـۆ سەرانسەری زستانێ دەدوریەوە و هەتا دەرە بەهاریش بەشی دەکردن. سووتەمەنی و ئاوردووی

زیادەشی دادەنا. ئەمە کەشتێك نییە. زەمانی باوکی سەراپای ژیانیان لەبارێکی دیکە دابوو. هەمووشتێك دڵنیای نەخش بوو، مەعقول وجوان بوو. نەتەنیا باری ماڵەوە بەڵکە هەموو جێگاییێك، ڕەنگە هەر لەسەر تانسەری دنیادا بارەکە باش بوو. حەوشەی ئەوان ئێستا شێوەیەکی دیکەی بەخۆوەگرتبوو. شتێکی کەم هەبوو وەك درەختی پایزان، کە پەلك وگەڵاکانی ڕژابن. ئائیل لە جێگای خۆیدابوو، شەقام و ماڵەکانیش وەك خۆی بوون و بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەوشێوە نییە، کە لەسەردەمی باوکیدا هەبوو. هەتا چەرخی عارەبانەکانیش، کە لەسەر جادە دەرۆن ئەو دەنگ و تەقە تەقی خۆشی سەردەمی باوکی نییە، باوکیشی هەر بە هەمان عارەبانەی ئێستا دەهات و دەچوو... .

کەسانێکی، کە لە جەمبول بوون دەگێڕنەوە، کە لەشاردا چ گرانی و برسیەتیەك حوکم فەرمایە و مرۆڤ خواخوایەتی بگەڕێتەوە ئائیل. شاریش ئەو شارەنییە، کە کاتی سەفەرەکەی لەگەڵ باوکی دیتبووی. بۆ ئەوهایە؟ ڕەنگە لەبەر نەبوونی باوکم بێ. ئێستا ئەو لەکوێیە، لە چ بارێکدایە؟ بەر لەمانگ و نیوێك دوانامەی ئەوگەیشت. دڵی دایکی دەداوە کەنامەکانی دوادەکەون. بەڵام خۆیشی ئاهی هەڵدەکێشا. بەراستیش نامە دەکرێ درەنگ بگا بەتایبەتی، کە لەبەرەکانی جەنگەوە دێن. ڕەنگە کەس لەوێ دەرفەتی سەرخواردن و نامەنووسینی نەبێ؟ بەڵام مەسەلەکە لەوەیە کە دواکەوتنی نامە لەکاناڵی (جو) بۆ دواکەوتنی لەبەرەی شەرەوە جیاوازیان هەیە. هەموو ئەمە دەزانن: چ دایکە چ ئەوانیدیکەش هەمویان.

پێری شەو، سەحەران، سەگەکەیان هێندە حەپی خەریك بوو هیلاك دەبوو. دوایی بێدەنگ بوو نوسکە نووسکی خۆشی لێبەرزبووە و تەقەی سەرە ئەنگوستێك، کە بە پەنجەرەی دادەکوتی دەهاتە گوێ. دایکی ڕاپەری و لە نوێن هاتەدەر هەرچەندە، کە نەخۆش بوو ولە ناو نوێندا کەوتبوو. ئەو و سوڵتان مراد خۆیان گەیاندە بەر پەنجەرەکە. کەسێیك لەودیودا وەستابوو. دایکی زوتر کەسەکەی ناسیەوە و بەکوڕەکەی گوت:

- خالۆتانە نورگزی هاتوە. برۆ پێشوازیی لێ بکە. خۆیشی لەحالێکدا لە سەرما چۆقەی درانەکانی[٢٥] دەهات چۆوە ناو جێگاکەوە. نورگزی، خاڵی سوڵتان مراد لە کوێستان و ناوچیاکاندا دەژیا وسەرانسەری ژیانی لە سۆخۆزەکەی تەنیشتیان بەشوانییەوە خەریك بوو. ئەویشیان بۆ سەربازی برد. هەرچەندە ئەو گەنج نییە بەڵام لە جەمبول ئەو و چەند شوانێکی

(٢٥) دران: ددان

دیکەیان ناردەوە ماڵەکانیان. کەس نەبوو ئاگای لە ڕانە مەڕەکان بێ نەدەکرا ڕانەکان هەروا بە تەمای خودا بەرەلاّبکرێن. باش بوو، کە خاڵە نورگزی بوو و وەخت ناوەختێ سەرێکی لێدەدان. ئەم جارەیان کەبیستی خوشکی نەخۆشکەوتوە، شەو، کە مێگەل لە ئاخوران دەکرێنەوە، لە کێوەوە بەرەو خوار شۆڕی کردەوە. ئەو هێندە نەدەماوە، ئە مجارەیان تەنیا بۆ ئەوە هاتبوو، کەبزانێ دەنگ و باسیان چیەو زوش بگەڕێتەوە.

ئەو بەدەم وچاوێکی سوورهەلگەراوهەلژەپەتاوەوە، لەحالێکدا پەلّە بەفر بەسەرجلەکانییەوە بەستبووی و ئەو بەخۆی و کەوڵە سەنگینەکەی بەری وکلاّوی گوێداری گەورەی پێستەریۆی و چەکمەی نیو جزمە وبەلّەك پێچی لبادی و بوزەوانەوە، کە تاسەر چۆکانی داپۆشی بوو و، هەیکەلە زەبەلاحەکەی کەبۆنی سەرماو مەڕومالاّتی لێوە دەهات، خۆی بەژورداکردو دەسبەجێ ماڵەکەی تەنگ کردەوە. کەوڵەکەی داکەندو لەنزیك تەخت و نوێنی خوشکی دانیشت و دەستە گەرم و داغەکەی لەناو دەستە قورسەکانی خۆی ناو بەبێدەنگی دەستی کرد بە گوێگرتن لە ترپەترپی دڵی. ماوەیەکی درێژ بە وردی، هەر بەو حاڵەوە، کە مەچەکی ناسك ولاوازی ئەوی بەئەنگوستە قاوەییە پتەوەکانی خۆی، ، کە بەسەختی دەچەمانەوە، گرتبوو. شتێکی دەزانی و شتێکیشی دەست دەکەوت. کەمێك لەفکر ڕاچوو کۆخەیەکی کردو دەستی بەریشی داهێناو بە زەردەخەنەیێکی هیوا بەخشانەوە بە سوڵتان مرادی گوت: شتێکی هێندە نییە، خراپ سەرمای بووە، زۆری سەرما چۆتە ناو لەشەوە. بەنیازی دیتنتان هاتم و. گۆشت و دوگم لەگەڵ خۆمدا هێنا... . دوایی بەمجۆرە تەگبیری بۆ خوشکی کرد:- گۆشتاوی چەورو گەرم وبە بیبەری تیژو پیازەوە بخۆ تا باش ئارەقە بکەی سوڵتان مراد خورجینەکە لە زینەکە داگرە و بیهێنە. هەر چییەکی تێدایە دەری بێنە و بیهێنە ماڵەوە و خورجینەکە بەتاڵ کە. من زۆر نامێنمەوە نابێ مێگەلەکە لەچاوەڕوانیدا تەنیا بەجێبهێڵم.

تا دایکی وخاڵۆی لەحاڵ و باری ژیانەوە کەمێ قسەبکەن ئەو ئاگرێکی کردەوە و سفرەو چای ئامادەکرد. لەم سەروبەندانەشدا منداڵان لەخەوهەڵسان و بەجارێك هەمویان لەناو نوێنەوە بەرەولای خاڵۆیان ورژمیان هێنا. ئەو ئەوانی لەتەنیشت خۆی بە کەوڵەکە دادەپۆشی. بەلاّم ئەوان بەسەر سەروشان وگەردەنیدا دەهاتن ودەخزین. بەتایبەتی حاجی مراد کەخاڵۆی زۆری خۆش دەویست. لەگەڵ ئەوەشدا پۆلی سێ بوو هەر وەك منداڵۆکان وەك گوێرەکە داوای نەوازشی لەخاڵۆی دەکرد و خۆی منداڵ کردبۆوە. کلاّوە کەوڵە رێویەکەی خاڵۆی لەسەر نابوو و

قامچیەکەشی بەدەستەوە گرتبوو چو بووە سـەر شـانی خـالۆی، وەك ئـەوەی سـواری ئەسـپ بووبێ. سولێتان مراد چەند جارێك رایکێشا خوارەوەو گوتی:

- شەرم ناکەی، وەرە خوارەوە،

بەڵام خالۆ نورگزی رێگای دایە:

- لێیگەرێ، هەقت بەسەردا نەبێ با چیدەکابیکا.

بەیانییەکی پڕ لەشادی وقەڵەباڵغی بوو. کاتی رۆیشتنی حاجی مراد بو قوتابخانـە هـاتبوو بەڵام ئەو ئامادە نەدەبوو. دایکی ناچاربوو بەسەریدا هاوار بکا. بـەڵام ئـەو دیسـان پەلـەی نەدەکرد. هەر بەدەورو رۆخی خالۆیدا دەهات. خالۆش خوارزایەکەی ناچار دەکرد پەلـە بکـا. بەتوندی داوای لێکرد، کە جلەکانی بگۆڕێ. کار بەوەگەیشت، کە سولێتان مراد خۆی دەسـتی براکەی بگرێ وتادیوی دەرەوەی ببا.

ئەو هەولێدەدا بگەرێتەوە. هەرکە دیتی لـەدیوی حەوشـەدا ماوەتـەوە بـەدەنگێکی بـەرز لەکورژنی گریانیدا وبەدەم گریانەوەش رێگای قوتابخانەی گرتەبەر. خالێی دڵی پێی سوتاو تووڕە بوو بە سەرزەنشتەوە تەماشای سولێتان مرادی کرد و گوتی:

- تۆ ئازارت دا؟

- ناخالە، من هەر دەستیشم لێنەدا.

- ئەدی بۆچی ئەوها لەکوڕژنی گریانیدا.

دایکی کەسەری لەسەر سەرینەکە بەرزدەکردەوە بۆ پیشتوانی لە سولێتان مراد گوتی:

- نورغزی ئەو شتێکی نەکردوە، حاجی مراد لە دڵتەنگی خۆی بۆ باوکی دەگریـە. لەبـەر ئەو دڵتەنگیەیانە، کە منداڵەکان بە تۆوە دەنووسێن. بێچارە بـووین، هـەمومان هـەر دەردی چاوەڕوانی دەکێشین. هەر هیچ خەبەرێکمان لێ ی نییە. ماوەی دوومانگ دەبێ دەنگ و باسی نازانین. خالە نورگزی دەستی بەدڵدانەوەی خوشـکەکەی کـرد و داوای لێکـرد نەگریـەو لەبـەر منداڵەکان ئاگای لە تەندروستی خۆی بێ و زۆرشتی لەمبارەوە گێڕاوە کەچەندەی بڵێ ی بیریان دەکردەوە کەکەسێك مردبێ مردبێ بەڵام دوای شەش مانگان نامەی ئەو کەسـە گەیشـتووەو وادەرنەچوە. جەنگ. جەنگە. ئەمجارەیان سولێتان مراد لەپێش دایکە نەخۆشـەکەی تێکچـونی باری ژیانیانی بەبێ ی باوکی زۆر بە باشی هەست پێکرد و ئەگەر وەك حـاجی مـراد بچـوکتر بووایە لەخەمان لە کوڕژنی گریانی دەدا و بۆ شـوێنێکی دوور هەڵـدەهات. حەزیـدەکرد، کـە هەرنەبێ هیواییێکی بچوکی هەبێ ولەدڵی خۆیدا دەیگـوت، بـا بـە بـا ئێسـتا ودەم ودەسـت

نەیەتەوە بەلاّم هەرنەبێ بەلایەنی کەمەوە بزانێ، کە باوکی ماوە و ئەوساکە دەکرا هەناسەییێکی رحەت هەلّکێشێ و چاوەڕێ دەکا وخۆی رادەگرێ. ئێستا ئەو باری خانمی مامۆستاکەی ئینکەمال ئاپای بەباشی هەست پێدەکرد.

جارێك ئینکەمال ئاپای هاتە حەوشەی ئاخورِ و بۆئەوەی بچێتە مەرکەزی ناحیەکەیان چاوەڕێ بوو تا عارەبانەکە لەئەسپەکە ببەستن. ئەو هەر بە هەمان کوّلّوانە درشت چنراوەکەی و قیافەتێکی پیربووەوە خەمێکی، کە لەچاوەکانیدا مەیی بوو لەنزیك دەرگا گەورە قوپاوەکەی ئاخورێ وەستابوو. دوای رۆژێك، کە گەڕاوە نەتدەناسیەوە. رێك وەك خانمە مامۆستا پیرەکەیان گۆڕی بێ وابوو. چاکترە بلّێین وەك جارانی لێهاتبۆوە. تا چین ولۆچەکانی دەموچاوی ساف و هەلّس وکەوتی میهرەبان و پر نەوازش و لێپرسینەوەی لەکاروباری قوتابیانی ببوو. سولّتان مراد بردیە حەوشەکەوە و ئەسپە ریزکراو و دەستە دەستە کراوەکانی نیشانداو گوتی:

- ئینکەمال ئاپای ئەمانە دەستە چوار ئەسپیەکانی ئێمەن. ئەوان هەموویان بەدرێژایی ئاخورەکە وەستاون.

- ئینکەمال ئاپای نەختێکی پێداهەلّگوت:

- ئەسپی باشن. یەکسەر هەر بەچاو دەزانرێ، کە ئەوان خزمەت دەکرێن.

سولّتان مراد ووتی:

- ئێوە نەتاندیتبوو کە لەچ بارێکدا بوون. زۆر لاواز و مردۆخ و بریندار بوون. لاملی هەموویان بریندار و روشاو بوو، پێیەکانیان زەبریان پێگەیشتبوو. ئێستا ئێمە خۆشمان نایانناسینەوە. ئینکەمال ئاپای ئەمەش چاپداری منە. دەبینی چۆنە. ئەسپی باوکمە. ئەمە ئاکباکایەو ئەوەش جەلتامانە...

لەدواییدا سولّتان مراد کەل و پەلەکانی دیکەی نیشاندا، کە بۆ کارکردن ئامادەبوون. لەدواییدا چون سەیری گاسنەکانیانکرد. هەمووشتێك حازروبزر بوو ودەکرا هەر ئەو کاتە بۆ جووتکردن بەکار بهێنرێن. ئینکەمال ئاپای زۆر رازی بوو و کاتی دوعاخوازی دانی پێداهێنا، ئەوکاتەی، کە لەپۆلیان دەرهێنا نیگەران بوو و لە دلّەوە لەگەلّیان نەبوو و رای لەم کارە نەبوو. ئێستا وا بەچاوی خۆی دەبینێ، کە ئەو خۆ بەقوربانکردنە بێهودە نەبووە. ئەو گوتی، ئێستا گرنگ ئەمەیە، کە سەر کەون و خەلّکیش زووتر لە جەنگ بگەرێنەوە. پاشدان ئەوەی لەدەستمان چوە تۆلّەی دەکەینەوە، گومانی تێدانییە، کە تۆلّەی دەکەینەوە... .

بەدەرکەوت، کە خانمی مامۆستا ئینکەمال ئاپای چۆتەلای فالگرێکی بەناوبانگ، کە هەر جارەی فالەکە بەخێربگەرێ شتێك لەکەسەکە وەرناگری. چونکە ئەو خۆشی خەڵکی دیکە بە خۆشی خۆی دەزانێ ئەوەندە خۆشحاڵ دەبێ و بەهیچ جۆرێك نەکراوە و ناکرێ شتی درۆیان پێبڵێ. هەمان فاڵگرەوە سێ جاران فاڵی گرتۆتەوە، کە کوری ئینکەمال ئاپای زیندووەو نە دیل، نەبریندااریش بووە و تەنیا لە بەر ئەو کاروفرمانەی، کە هەیەتی رێگای پێنادەن نامە بنووسێ. هەرکاتێك مۆڵەتی بدەنێ ئینکەمال دەبینێ کەنامەکانی چۆن یەك لەدوای یەك فڕکە دەکەن و دەگەن. راستی و درۆی ئەم قسانە هەمووی بەگەردەنی ئەو عارەبانە چیەیە کەئینکەمال ئاپای و ئەوانیدیکەی بۆ مەرکەزی ناحیەی بردبوو. ئەو وەختە سوڵتان مراد لەم بارەوە سەری سووڕما، کە هەتا ئینکەمال ئاپاییش سەردانی فاڵچی کردوە. بەڵام ئێستا دەرك بەترس ونارحەتیەکانی دەکاو، هەتا بڕیاریشی دا، کە کاتێ دایکی تەندروستی باشتر بوو، بچێتە لای ئەم فاڵچیە تا دەنگ و باسێکی باوکی لێوەرگرێ. بەڵێ، بیرکردنەوە لەبارەی ئەوشتانە بێتام ترسناك بوو. بەڵام بیرکردنەوەی خۆشیشیان تێدابوو، کە دەتگوت خۆبان لە خۆیاندا پەیدا دەبوون. وەك هەڵقولانی ئاوێك، کە بێ سەروسەدا بۆ سەرچاوی کانی بەجۆش هەڵدەقولان. ئەم بیرکردنەوانە ئەوانە بوون، کە پەیوەندیان بە میرزاگوڵەوە دەبوو.

سوڵتان مراد لە راستی دا هەوڵی نەدەدا، کە ئەم شتانە بەبیرخۆی بێنێتەوە، ئەوان خۆیان وەك چۆن گیاوگوڵ لەخاك سەردەردێنن ئەوها سەریان دەردەهێنا. خۆشی ورۆناییەکە لەوانەوە بوو. لەبەر ئەمە حەزینەدەکرد وازیان لێبێنێ، دەیویست هەمودەم هەر بیر لە میرزاگوڵ بکاتەوە و هەر بیر بکاتەوە. هەرکاتێك کەبیری لێ دەکردەوە، دەیویست کارێك بکاو بپرژێتە سەرکارێك و لە هیچ شتێك وکارەساتێك وگێروگرفتێك نەترسێ. بەڵام لە هەموی زیاتر حەزی دەکرد، کە میرزاگوڵ ئاگاداری ئەم بیروخەیاڵاتەی ئەو بێ. سوڵتان مراد هێشتا لەروی عەقڵ وهۆشەوە نەیدەزانی ئەو شتانەی، کە لەمێشك وگیانی ئەودا بەدەردەکەون چی ناودەنرێ. بەڵام بەشێوەیەکی نادیارو لەژێرەوە مەزەندەی دەکرد، کە رەنگە ئەمە عیشق خۆی بێ و، کە لەخەڵکی دیکەوە لەسەر ئەم عەشقەی بیستبوو و لەکتێبانیش خوێندبوویەوە. زۆر جاران پیاوە زاناوداناکانی، کە دەچوونە بەرەکانی جەنگ داوایان لێکردبوو کەنامەکانیان بە کچۆڵە و ژنە جوانەکان بگەیەنێ. و ئەویش ئەم نامە دڵداریانەی بە غروریەوە ئەنجام دەداو هیچ کاتێك ووشەییێکیشی لەمبارەوە بۆ هیچ کەسێك ئاشکرا نەدەکرد. مەگەر پیاو لەبارەی ئەمەوە زۆر وەڕی و زۆر بلێ ی دەکا؟ جارێکیان یەکێك لە خزمەدورەکانی کەناوی جامانکول بوو تکای

لێکرد، نامەیێکی وای بۆ بنووسیێ. جامانکول، کە لاوێکی کـەم خوێنـەوار بـوو، هەمیشـە لەناو کێوو چیایاندا لەگەل مێگەلان ئـەم لاو ئـەولای دەکـرد. لەپڕێکـدا دەفتـەری خزمـەتی سەربازی وەرگرت. رەنگە ئەو گەنجە ویستبێتی خواحافیزی لە کچە خۆشەویسـتەکەی خـۆی بکا و هەرچەندە بە کاغەزیش بێ هەست ونەستی خـۆی بـۆ ئـەو دەرببڕێ(چـونکە لـە ئائیـل پەیوەندی لەگەڵ کچان بەر لە هاوسەریتی وگوێزانـەوەی داب نـەبوو)جامانکول پێـی دەگـوت وسوڵتان مراد دەینووسی. نارەحەتی جامانکول و کاتی هەڵبژاردنی وشە چۆن دڵـی دەکەوتـە تەپە تەپ و خورپە و چـۆن تانامەکـە تـەواو بـوو وگـەروی وشـکهەڵات، ئەمانـە هـەمووی پێکەنیناوی دەهاتنە بەر چاو. سـەرەتا سـوڵتان مـراد ئامـادە نـەبوو تکـاو داخوازیـەکانی بێنێتەدی. بەڵام جامانکو قەڵەمبڕێکی بچووکی دەسك شاخی دایە و رازی کرد.

سوڵتان مراد نەیدەزانی، کە دوای ساڵێك کەمتر خۆیشـی تووشـی ئـەم شـتە دەبـێ، کـە ئەوەندەی جامانکولی بێچارەی خستبووە دڵەڕاوکەوە. بەتایبەتی هەر ئەو جامانکولە بوو، کە لەتەنیایی خۆی لەناو کێواندا شیعری دانابوو. ئەو شیعرەی، کە ئێستا سـوڵتان مـراد بـەبیری دێتەوە ولە دڵی خۆیدا هەر دەیگوت ودەیگوتەوە ئەمەبوو:

گەڕام بە هەموو ئەکسای وکوکسای

وەهەروەها بەسەرانسەر ساریسای

گەڕام وهەرتەیمکرد شەو ورۆژ

جوانێکم لەوێنەت نەدیت تۆ پەری ئاسای

بەبیری داهات چـۆنە ئـەویش نامـەیێك بـۆ میرزاگـوڵ بنووسـێ و ئـەم مەوزوعـەی کـە توانیویەتی بەبێ هەست بەشەرم کردن و ترس بۆ روون کردنەوە و گەیاندنی هەسـتەکانی خـۆی لەدور، وەسیلە و تەرزێکی موناسب وگونجاو ببینێتەوە ومەیلەکانی تێدا بهێنێتە ئارا، کە دەر لەحاز کاری باش بکا تاخەڵکی دیکەش وەك ئەو بەختەوەر بن چێژی خۆشی بچێژن. بەم نیازە ئەو بەر لەهەمووان دەبێ یارمەتی دایکی بدا تا زووتر چاك بێتەوە، تاکەمتر لەمەڕ باوکیـەوە نیگەڕان بێ، تا دووبارە لەناو کێلگە بپڕژێتە سەرکار، تا ماڵەکەیان گەرم و گوڕو ئارام بـێ و سەرەنجام تادایکی کەمێ بۆنی ئەوە بکا کەکوڕەکەی دڵی بەکەسێکەوەیە و لەبەر ئەمە هەموو دەوروبەری گۆراوە و بەرەوباشی چوە... .

ماوەی ئەو دووسێ رۆژانەی کە سولّتان مراد لە مالّەوەی بەسەرد برد ئەوەندەی کارکرد کە بەدرێژایی سالّەکە نەیکردبوو. هەموو کارێکی مالەوەی بەسەرکردەوە وهەموو جێگایەکی خاوێن کردەوە و هەلێبژارد و زۆرجاران لەدایکی دەپرسی:

- حالّ و بارت چۆنە؟ ئەگەر شتێکت پێدەوێ بیلّێ؟

دایکیشی هەمووجارێك بەزەردەخەنەییەکی تالّەوە دەیگوت:

- ئێستاکە تۆ ئەوەندە باش بوویی ئیدی ترسم لەمردن نییە. نارەحەت مەبە، ئەگەر شتێك پێویست بێ دەیلّێم.

سولّتان مراد، شەو کاتێك کەهەموویان خەو بردبوونییەوە نامەی نووسی. ئەو زۆر نیگەران بوو. لەگەلّ کەهیچ کەسێك و هیچ شتێك نەیدەتوانی نارەحەتی بکا. بەلاّم زۆر پەشۆکا بوو. سەرەتا بیری کردەوە چۆن دەستپێبکا. جارێك ئاوهاو جارێکی دیکە بەجۆرێکی دیکەی نووسی و هەرجارەی وایدەزانی وەك چۆن دەبووایە نامەکە بنووسێ ئەوها دەرنەچووە. بیرۆکەکانی بلاّو و دووردەکەوتنەوە وەك چۆن بەردێك بۆ ماستاو خواردنەوە(١) بئەنگاوتیە سەرگۆمێك و بازنەی رێکی یەك لە دوای یەك دروستبکا وابوو. حەزیدەکرد، کە هەر بیرێکی لە ناو زەین ومێشکی دا پەیدا دەبن هەمووی هەر بنووسێ. بەلاّم وەك دەیویست ئەوها بیخاتە سەر کاغەز وشەکان پێکەوە دروست نەدەهاتن و تێك دەئالۆزکان. بەر لە هەمووشتێك دەیویست بۆ میرزاگولّ بنووسێ، کە چەندە جوانە، لەهەموو ئائیل وبەلّکە لەهەموو دنیاشدا جوانێکی وەك ئەو نییە. بۆی بنووسێ، کە لەکن ئەو لەدنیادا شتێکی خۆشتر نییە، کە لەناو پۆل دابنیشێ و تەماشای ئەو بکا و هەرتەماشای سای گەردەنی بکا و تا زۆر چێژ لەتەماشاکردنی جوانی ئەو وەرگرێ. بەلاّم ئێستا بارەکە گۆڕاوە و ئەو و کەسانی دەستە، کە ناچنە قوتابخانەو دیار نییە کەی دەچنەوە قوتابخانەو سەر دەرس و خوێندن. ئێستا ئەو (سولّتان مراد) میرزاگولّ زۆر بەکەمی دەبینێ و زۆر زۆر ئازار بە دەست ئەم حالّەوە دەکێشێ و لەتاو ئەو دلّی هێندەی هێلکەیەکی لێماوەتەوە.

(١)ماستاوخواردنەوە:کەبەرد دەهاوێیە سەرئاوی گۆمێك وچەند جارێك بەردەکە لەناو ئاوەکە بۆ سەرئاوەکە هەلّدەقۆزێتەوە و هەرجارەش کۆمەکێ بازنە بەدوای خۆیدا جێدەهێلّێ.

ئەوەندە مات وخەمبارە، کە جاری واهەیە گریانی دێتێ. سولّتان مراد نەیدەویست دان بەم شتەدا بنێ. چۆن پیاو دەبێ پیاوبێ. بەلاّم کاتێ، کە بەراستی گریان و فرمێسك لەناوەوەی بەرەو گەروی سەریاندەکرد. دەبووایە لەنامەکەدا بۆ میرزاگولّی روون بکاتەوە، کە بەهیچ

جۆرێك له خۆراو بەرێکەوت وبەروکار لەزەنگی پشـوودا نزیـك نـەدەبۆوه و ئـەو (میرزاگـوڵ) بێهوده لێی رادەکرد. ئەو هیچ شتێکی خراپی له مێشکدا نەبوو. هەروەها زۆری حەز دەکـرد، که روداوەکەی ئەسپ تاودانەکه روون بکاتەوه. واته ئەو روداوەی، که ئاناتای بێحەیاو شـەرم و چەقاوەسو دەیویست تێیدا نیشان بدا، که ئەو له سوڵتان مراد و لەناو دەستەکەشدا بوێرترین و بەهێزترینیانه و بەشێوەیەکی گشتی دیارترین کەسی ناو دەستەکەیه. بـەڵام ئـەم شـتانه، بەهەمان شێوەی، که ئەو خۆی (میرزاگوڵ) یـش دیتـی و گرفتـار بـوو بێکـەڵك بـوو. تـەنیا مەخابنه، که ئەسپەکەی ئەو (ئاناتای) ئازاری بینی. بەڵام گرنگترین شـتێکی، کـه سـوڵتان مراد دەیویست بۆ میرزاگوڵی باس بکا ئەمه بوو، که چۆن لـەپڕتاو ئـەوی لەسـەر گردەکـەوه لەناو تاقمه دەم پڕ له هات و هاوارەکەی هاوپۆلیەکانیدا ناسیەوه و چۆن یەکسەر گیرۆدەی بوو و کەدەمێکه زۆری خۆش دەویٚ و کاتێك ئەو باوەشی کردبۆوه و بەدەنگی بەرز شتێکی دەگوت و له گردەکه سەرەونشێو رایدەکرد، چەنده شۆخ وشەنگ بوو. کاتیٚ، که میرزاگوڵ رووبـەرووی ئەو رایدەکرد وەك مۆسقا، وەك تافگه وگڕی ئاگربوو...

دووجاران ناچار بوو فتیلەی چـرا نەفتیەکـه هەڵکێشـیٚ بـەوه بـاش بـوو کـه دایکـی لـه ژوورەکەی دیکه نووستبوو و نەدەدیت، که چۆن دواتنۆکەکانی چۆڕه نەوتەکه دەسوتێنیٚ. بەڵام نامەکه هەر وەك ئەو دەیویست نەدەهاته دەربڕین، نەوەك لەبەر ئـەوەی ئـەو شـتێکی نـەبوو دەربڕیٚ و بینووسیٚ، بەپێچەوانەوه حەزیدەکرد هەمووشتێك لەنامەکەدا باس بکا. زۆر دەمێك بوو له ئائیل پەنجەرەکان رووناکاییـان تێـدا نـەدەبینرا. هـەروەها زۆر دەمێکـیش بـوو، کـه سەگەکان له حەپه حەپ کەوتبوون. وه زۆر دەمێك بوو، که لەژێر باڵی ئـەو شـەوه هێمنـەی مانگی رەشەمێدا له پێدەشتی دامێنی زنجیره چیای ماناس دا هەموو لێی نووستبوون. لەودیو پەنجەره لـەدەرەوه تاریکاییـەکی ئەنگوسـته چـاو هەمووشـتێکی داپۆشـیبوو وبـاڵی بەسـەر هەموولایەکدا کێشابوو. وای هاته بەرچاو، که لەهەر هەموو دنیادا تەنیا ئەوان مابوونـەوه. شەو و ئەو لەگەل هەموو خەیالاتی لەبارەی میرزاگوڵەوه. سەرەنجام بریاری خۆیدا. له دواییـدا بەناوی (نامەی عاشقانه) ئەم نامه بۆ نـازەنین وبـەنرخ، کـه لـه ئائیـل دا دەژیـەو پڕشـنگی جوانییەکەی دەکریٚ جێی رووناکی چرای ماڵەوه بگرێتەوه. نووسراوه. لەدواییدا نووسـی، کـه لەبازاردا هەزار کەس بەرەو روی یەکدی دەبنەوه بەڵام تەنیا ئەوانەی سلاو لەیەکـدی دەکـەن حەز دەکەن دەستی یەکدی بگوشن. ئەو هەموو ئەو شتانەی ناو نامەکەی جامـانکولی لـەیاد

بوو. لەدواییدا میرزاگوڵی دڵنیاکرد، کە وای داناوە هەموو ژیانی خۆی تادوا هەناسەی بەراگێری ئەو بکاو هتد... . لەکۆتاییدا شیعرەکەی جامانکولی نووسی.

گەرام بەهەموو ئەکسای و کوکسای

وەهەروەها بەسەرانسەری ساریسای

گەڕام وهەر تەیم کرد ریٚ شەو ورۆژ

جوانێکم لەوێنەت نەدی تۆ پەری ئاسای

ڕۆژی دوایی دوای ئەوەی حاجی مراد لەقوتابخانە گەراوە. پێکەوە بۆ کۆکردنەوەی نەختێك چیلکەو چاڵ چوونە چۆلی. جاشولکەکەی حاجی مراد (یال رەش) یان کورتان کرد و گوریس و دەستکێشی کار و تەور داسیان لەسەر کورتانەکە بارکردو سەگەکەیشیان (ئاکتوش) یشیان بەدوای خۆیان خست. ئاکتوش بەزەوقەوە بەدوایاندا دەبەزی. حاجی مراد بەپێی مافی خۆی، مافی برابچوکی، سواری ولاٚغەکە بوو و برایەکەشی ولاٚغەکەی لێدەخوری. ولاٚغ لێنەخوری خێرا ناروا. ڕێیەکی دوریان لەبەربوو. سوڵتان مراد شوێنێکی پێدەزانی، کە چیلکەو چاڵی زۆری لێبوو. ئەو جێگایێکی دور، لە ئاوەرۆی دۆڵی تویوك جاڕدا بوو. بەهاران و هاوینان لەو دۆڵەدا لەهەموولایەکەوە ئاوی بەفرو بارانی پێدا دەرۆیشت. لەناو دۆلەکەدا خوڕەی ئاوەکان و ڕێژنەو گفەی باو و شریخەی بروسکان دنیای پڕ دەکرد. بەلاٚم پایزان بنەپنجکی بە بەژنی مرۆڤی لێدەڕوا. خەڵك کەم دەچوونە ئەویٚ. بەلاٚم هەر کەسیٚ دەچوە ئەویٚ بەدەستی خاڵی نەدەگەڕاوە.

هەرچی پنچك ودڕی و چیلکەو چاڵی ئەو نزیکانە بوو زۆر لەمێژ بوو تەواو بوو. لەبەر ئەمە دەبوو بۆ تویوك جاڕ بڕۆن. سوڵتان مراد ئەریٚی[٢٦] بە دایکی دابوو، کە بەر لەوەی بچێتە ئەکسای چیلکە و چاڵ و سوتەمەنی بۆ ماڵ دابین بکا.

ئەو، کە لەسەرەتادا لەناو بیرو خەیالاٚتی جیاجیادا ناڕەحەت بوو و بەڕێگاوە دەرۆشت و هێندەی وەلاٚمی ئەو هەموو قسە زۆرانەی برایەکەی نەدەداوە. ئەو بابەتانەی کە دەبووایە. بیریان لیٚ بکاتەوە کەم نەبوون. وەرزی چونی جوتێران بەرەو ئەکسای نزیك دەبۆوە. تەنیا چەند ڕۆژێکی کەمیان لەبەردا مابوو. هەمیشە مرۆڤ پێش رۆیشتن بۆی دەردەکەویٚ، کە چەندە کاری زۆر و زەبەند ماوە و جێبەجیٚ ی نەکردون. بەتایبەتی و ردەکار و خرت وپرت.

---

(٢٦) ئەریٚ: وەعدە.

ئاخر خۆ لە ئەکسای پێویستیت خوانەکا بە بزمارێك بێ دەستت ناکەوێ. باش بوو، کە تینعەلیۆف سەرۆکی کۆلخۆز بۆ تاوێك سەری لە ماڵی ئەوان خوارکردەوە. هات تابزانێ دایکی سولتان مراد چۆنە و کاروباری فەرماندەی دەستە لە چیدایە. ئەو پێی گوت، کە باری نیشتە جێبوونیان لەسەر کێلگە چۆن چۆنی دەبێ. بڕیاریان دا لەوێ چادر و تاوڵ هەڵدەن. پێی گوت کەوا چۆن خواردن و ئالێك بۆ ئەوێ دەبەن و لەویش گرنگتر لەگەل دایکی قسەی کرد. دایکی سولتان مراد لەم دوادواییدا لەتاو نەخۆشی و لەتاو نەگەیشتنی نامەی باوکی سولتان مراد زۆر تووڕە ببوو. ئەو لەگەل سەرۆکی کۆلخۆز دا دەنگە دەنگی بوو

- پێم نالێی ئەم منالانە بۆ کوێ دەنێری؟ ئەوان لەم چۆلیەدا لەناو دەچن، گوتی من ڕێگا نادەم کورەکەم بێتە ئەوێ. خۆم نەخۆشم. منداڵەکان بچوکن. هیچ دەنگ و باسێکی مێردەکەم نییە. ئالیك وسوتەمەنیمان لە ماڵەوە نییە. سەرۆکی کۆلخۆز لە وەلامدا گوتی: یەك کەمێك ئالیك و پووشتان دەدەمێ. بەهیچ جۆرێکیش پتر لەمە ناتوانم. زەوی کێلان زۆر نزیك بۆتەوە. ئەو هیچ وەعدێکی سوتەمەنی پێنەدان. تا ڕەنگیشی لە ڕودانەما هەروەها لەناوەوەی خۆیدا زۆر تێکچوو و گوتی: لەبارەی ژیانی منداڵەکانمەوە لەو دەشت و ئاقارە دا ڕام لەگەل ڕای ئێوەدا نییە و لەگەڵتاندانیم، هەر چەند لەناخی دڵەوە هاودەردیتان دەکەم. ئەمە ئەرکێکی وەك هی بەرەکانی جەنگە. ڕازی بوون و نەبونتان لەسەر ئەمە بایەخێکی نییە. دەبێ ئەوە جێبەجێ بکرێ و بەبێ چەندو چونیش. ئەگەر پیاوەکانتان بەر لە هێرشهێنان دەستیان بە گریان و زاری دەکرد، کە ئەمەمان نییە و، ئەمەمان هەیە، سووتەمەنی نییە، خواردنمان نییە ئێمە دەمانتوانی چ هەڵمەتێك بکەین. ئەوسا چی ڕویدەدا؟ لەجەنگدا مۆلەتێکی وا بەخەڵکی نادەن.

بۆ ئێمە ئەکسای شوێنی هەڵمەت بردنمانە. ئێمە بە هەموتوانامان لەگەل منداڵە قوتابیەکاندا، ئەم هەڵمەتە دەکەین. کەسی دیکە نییە. قسەیێکی زۆر لەم بابەتەکرا. مرۆڤ، لەلایەکدا دڵی بەدایکەوە دەسووتا و لەلایەکی دیکەدا بە سەرۆکی کۆلخۆز، مرۆڤ دەبێ خۆی لە جێی ئەو دابنێ، ئەم کارانە بۆ ڕابواردن ناکا. کات زۆر زۆر کەمە. ئەو گوتی هەر لەگەڵ حاڵی دایکت کەمێ باشتربوو یەك دەقەش خۆت دوامەخەو وبرۆ سەرکارەکەت.

دایکی لەدوێنێوە کەمێ باشتر بووە و خرتەخرتێکی لەماڵەوەشدا کرد. ئێستا دەبووایە بە سۆراغی کوریژگەکان وتەویلەکەدا بچێ. بەلام ئەگەر لە ژێر زەویشدابا دەبووایە هەندێ سووتەمەنی پەیدا کردبا. نابێ خێزانەکە بەبێ ئاگر بەجێبهێلێ... .

ڕۆژێك لە ڕۆژانی سەروبەندانی بەهاربوو. هەوایەکی خۆشی نیوەڕۆ بوو. هەوا نەزستانی بوو نەبەهاری. سازان وئارامی نێوان دوکژ بوو. دەوروبەر خاوێن، زۆر بێدەنگ و بەرگوشاد بوو. هەندێ جێگا بەفری سست و دامرکابۆوە. پانتاییێکی زۆری زەوی ڕەش دەچۆوە. لەو دوری دورانەوە پەیکەری گەورەی چیای بەفرگرتوو لەهەواییێکی ساف بە تەرزێکی سەرسوورهێنەر سپی دەچۆوە. چ کارێکی زۆر و زەبەندی لەسەر بکەن!

سوڵتان مراد وەستاو هەوڵێدا زەویەکانی ئەکسای لەوێ لە خۆرئاواوە لە نشێوی دامێنی زنجیرە چیا زەبەلاحەکانی ماناسدا بنۆڕێ. بەڵام لەو دووریەوە، کە بەدەشتی ئەکسای ناو دەبرا هیچ شتێکی نەدیت. هەموی هەر ئاسمان و ڕووناکی بوو... . بڕیار بوو لەو ڕۆژانەدا بەرەو ئەو شوێنە بچن. لەوێدا حال وباریان چۆن دەبێ؟ لەو ناوچەیەدا چی چاوەڕوانی دەکردن؟

تەزوێکی ساردی بە پشت ملی داهات بەڵام کێژەکەی خۆش بوو. حاجی مراد لە خۆشحالیان، لە ڕۆژێکی ئازادو لەمەی برایەکەی لە تەنیشتیەوە بوو و سەگەکەیشیان وەفادارانە لە نزیکیانەوە رای دەکرد و لەوەی، کە لە تەواوی ئەو دنیایەدا کەوتبوونەوە ناو حاڵی خۆیانەوە و دەچن تا سووتەمەنی بۆ ماڵەوەیان بهێنن گێژو وڕ ببوو و بەسواری کەرەکەوە بەدەنگێکی ناسك گۆرانی جیای جیای سەردەمی پێش جەنگی دەگوت:

ماریشال و فەرماندەکان

فەرمان دەرکەن

تاهەموومان

یەك دڵ و گیان

دەست بەکار کەین

ئەگەر دوژمن

هەزاران ملیۆنیش بن

هەرهەموویان تا دواکەس

نابوت دەبن

ئای لە دنیا بێ ئاگا! ئای کەم عەقل... . .

بەڵام حاجی مراد کاری بەسەر هیچەوە دانەبوو و نقومی ناو جیهانی خۆی بوو لەسەر گۆرانییەکانی خۆی بەردەوام دەبوو:

(یەك- دوو- یەك- دوو)

(رێکتر هەنگاوت هەڵێنە)

سوڵتان مرادیش سەرحاڵ بۆوە، مرۆڤ بەدیتنی ئەم پاڵەوانەی سواری جا شەکەرەکە لە قاقای پێکەنینی دەدا. ئەوان لەکاتی تێپەڕینیان بە رۆخ جێ خەرمانی ساڵی رابردو لە خۆڕا مات بوون. لەم چۆلاییەدا نێوان باوەشە پووشە نیو رزیوەکانی کلۆشی گەنم(١) کەبۆنی بەهاریان لێدەهات. بێدەنگیەکی بیابانانە بالی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو. ساڵی رابردو هەرکە جەنجەرکاری کۆتایی هات هەمووشتێك لەم ناوەدا کپ بۆوە. بۆنی کای شێدار و رزینی کاو و کۆت و هەروەها بۆنی گیانی خامۆشی هاوین دەهات. چەرخێکی شکاوی بێ ئاڵقە کەوتبوە رووبارەکەوە و، کۆلیتە پووشینەییەکەی بە دەسکی قەسەڵی گەنم داپۆشرابوو و وەك خۆی مابۆوە. لە گەرمای هاویندا، جەنجەرچی و ئەوانەی لەسەر خەرمان کار دەکەن لەناویدا دەحەسانەوە. لەناوەڕاستی گۆڕایی شوێن خەرمان، دەنکەکانی کاتی شەنەباکردنی گەنم لەوێ مابوونەوە و ئێستا بە جۆرێکی چڕوپڕ لە پاڵ یەکدا شین ببوونەوە.

ئوکتوش بەهەڵەداوان بەم لاوئەولادا دەهات و رایدەکرد لەخەرمانگەیەکدا بۆنی هەندێ شتی دەکرد و کۆترە کێویەکانی دەترساندو هەڵیدەفڕاندن. ئەوان لە ژێر لاسکە قەسەرە بەشەختە بەستوەکان، کە بەسەریەکدا کەڵەکە کرابوون هاتنە دەر ولەشەقەی باڵیاندا. ئەوان بەدرێژایی زستان لە شوێنی پەنا بادا، چینە یان دەکرد. ئەوان بەگمەگم و خۆشیەوە لەسەر کێلگە و بەرەوە بەخێرایی و بەسەر زەمینی رێك و راست دەخولانەوە. ئەقتوش یەك دوو وەرە وەڕی کرد و بەدوایاندا رای کرد

(١) کلۆش: قەسەر

و دوایە ملی رێگای خۆی گرتەوە بەر. حاجی مرادیش هاواری کرد و ترساندنی و بەزویی ئەوانی لەبیر چۆوە. بەڵام سوڵتان مراد ماوەیێکی زۆر تەماشای فرینی ئەوانیکرد و لەفڕینە چوست و چالاکەکانیان و بە دەرکەوتنی سپێتی پەڕەکانیان لەبەر هەتاو دا چێژی دەبینی و کاتێك دیتی چۆن جووتێك لەنێوانیاندا لە رەوەکە جیابونەوە و بەتەنیشت یەکەوە بۆ ئەو دەوروبەرانە فڕین، کەوتەوە یادی مامۆستا لاوەکەی دەرسی بیرکاریان، کە چووە خزمەتی سەربازی.

من کۆترە شینەکەی ئاسمانی شینم

تۆ مەحبوبەکەم

لەپاڵی مندا بە دڵێکی خۆش

بالاَن دەكوتی
خۆشیەك لەجیهان لێی خوشتر نییە
هەتا هەتایە، بێ جیابوونەوە
لە شەققەی باڵ دەی
لە ڕۆخ مەعشوقەی بێقەراری خۆت...

ئەو مامۆستایە، کە لەمەیخانەیەکدا خۆی مەست کردبوو وکاتی بەرێکردنی بەسواری عارەبانە لە ئائیل دەچوە دەر ماوەییێکی دور و درێژ هەر ئەم گۆرانیانەی دەگوت، کە ئەو کۆترە شینەکەیە و لەئاسمانی شیندا دەفرێ و مەعشوقەکەیشی کۆتریکی مێیە، کە بەتەنیشت ئەوەوە دەفرِێ... . . ئەوکاتە ئەم گۆرانییە زۆر پێکەنیناوی بەرگوێ ی سوڵتان مراد کەوتبوو، مامۆستاکەشی، کە زۆر لێبڕاو و ترسناك بوو وەك گاڵتە هاتە بەرچاو بەلاَم ئێستا جووت کۆترێکی کێوی دووری بە سەیرکردن بەرێدەکرد لە جێ ی خۆی وشك بوو لەرزی هاتێ و حاڵی تێکچو. ئەم گۆرانییەی مامۆستای ماتماتیك زەبرێکی توندی لێوەشاند و ئەو زانی، کە ئەو کۆترە شینەی لە ئاسمانی شیندا دەفرِێ ئەو خۆیەتی و کۆترە مەحبوبەییێکی لە تەنیشت ئەودا دەفرِێ میرزاگوڵە و لەسەرینایی ئەوە حەزی کرد، کە دەم ودەست لەکەنار ئەودا، کەناری میرزا گوڵ دابێ تا هەر وەکو ئەم دوو کۆترە بفڕن. دوو کۆتری، کە لەسەر زەمینێکی تەختی زستانی کەوتە یادی نامەکەی بۆ ئەوی نووسبوو و بڕیاریدا شیعری گۆرانییەکەی پەیوەند بە کۆترەکانەوە، کە ناوی (کۆتری سپی) بوو لە ناو نامەکەدا بگونجێنێ...

ئێستا هەموو باسەکە لەسەر ئەوەبوو، کە چۆن نامەکەی بداتێ. سوڵتان مراد دەیزانی، کە میرزاگوڵ لەبەر چاوی مندالەکان قەت نامە لەو وەرناگرێ. لەبەر ئەوە ئەو هەتا لەکاتی زەنگی پشودان لێی رادەکرد. بەتایبەتی ئێستا، کە ناچێتە قوتابخانە. ناکرێ بچێتە ماڵیان، بنەماڵەکەیان توندن. تازە چۆن دەتوانێ بچێ و ئەگەر بچێ چی بلێ، چ بیانوویەك بێنێتەوە؟

ئەم پرسیارە بۆ خەڵکی دێتە پێشەوە کاتێك دوو کەس لەیەك ئائیلێکدا دەژین بۆ دەبێ پەنا بۆ نامە ببەن: هەرچەندە ئەو پتر بیری دەکردەوە حەزی دەکرد میرزاگوڵ ببینێ و لەمبارەوە ئاگاداری هەبێ، کە ئەو چۆن بیری لێ دەکاتەوە. زۆر گرنگ بوو، لە رادە بەدەر گرنگ بوو، لەهەموو شتێك گرنگتر بوو، کە میرزاگوڵ لەم مەسەلە ئاگاداربایە.

لەسەرانسەری رێگا دا جارێك لەبارەی میرزاگوڵ، کاییێك لەمەڕ چونی بۆ ئەکسای و نەیزانی چۆن گەیشتنە دەوروبەری تویوك جارِ. پیاوێکی بە وێژدان و بەرێزی لێبووە. بەلاَم

هێندەشی چیلکە و چاڵ و سوتەمەنی، کە لەکەلێن و کەلەبەری، ئەم بەرو ئەو بەری رووبارەکەدا بەستوویەتی و لەنێو بنچکە پێکەوە نووساوەکانەدا هەیە زۆر لەوەش زێتر بوو، کە پێویستیان بوو. گرفتەکە پەیداکردنی سوتەمەنی نییە بەڵکە گرفتەکە ئەمە بوو کە چۆنی بارکەن و هەڵکرن. بەبێ ئەوەی زۆر بیری لێبکاتەوە دەستیان بەکار کرد.

(یاڵ رەش) یان بەڕەلا کرد تابلەوەرێ و پووش وپەلاشێکی، کە لەژێر بەفردا بە دەرەوە بوون بخوا. ئەکتوش پێویستی بە ئاگالێبون نەبوو. ئەو لەو ناوەدا بۆ هەرلاییێکدا رای دەکرد و نەدەزانرا چی بۆندەکرد. دوو برا خێراو سەرکەوتوانە کاریان دەکرد. بەداسەکانیان پنچکە وشکەکانیان دەدوریەوە و لاسکە براوەکانیان گردەکردەوە تا لەدواییدا بەگوریس بیانپێچنەوە. ئەوان بەبێ دەنگی کاریان دەکرد. خێرا گەرم داهاتن. چاکەتەکانیان داکەند و لەجێگایەکیان دانان. بڕینی پنچك و پووش وپەلاش دورینەوە بە داس کاتێك باشە، کە قەدەکان پتەو ئەستوربن. لە دەوروبەری ئائیل ئەم جۆرە پنچك و پەلاشە نەدەدیترا. لەکوێ ئەوە لەوێ پەیدا دەبێ. لێرە مرۆڤ کەیف دەکا. دەکرا لە بن و بێخەوە و دەسك دەسك ببڕدرێن. مەحچەچە[٢٧] دەنگێکی پر لەخشە خشی وشکی لێوە دێ و دەنکە وشکەکانی ناو مەحچەچەکان دەنگێکی لێوە دەبیسترێ. ئەم دەنکانە بە کۆمەل بەسەر بەفردا دەڕژێن و دەنکەکان بۆنێکی تاڵ و توندیان دەدا وەك ئەوەی هاوین بێ و مانگی گەلاوێژ دایك و خوشکە بچووکەکانی بەدڵیان دەبێ. کاتێك زۆپا لەماڵەوە باش دەسووتێ ورەی مرۆڤیش بەرز دەبێتەوە... .

برایەکان زۆریان کار کرد و دەیانویست پشوویێکی کورت بدەن، کە لەپڕ ئەکتوش یەك بەخۆی و دڕندانە کەوتە وەڕین. سوڵتان مراد سەری بەرز کردەوە و داسەکەی لە دەست بەربۆوە و هاواری کرد:

- حاجی مراد، تەماشاکە، رێوی!

لەو پێشەوانە لەسەر بەفرە بەستوەکە رێوییێك لەترسی سەگەکە رای دەکرد و لەگەڵ راکردندا سەری بۆ دواوە دەسووراند و کەمێك دەوەستا. رێویەکە ئەوەندە بەسەری رەحەت و ئازادیەوە رای دەکرد هەر دەتگوت لەسەر بەفرەکە دەخزێ. ئەم رێویە تەواوەك گەورە بوو، گوێیە رەشە بەبریقە و پشتی دووکەلیەکی سوور وکلکێکی درێژی هەمان رەنگی هەبوو.

---

(٢٧) مەحچەچە: دەنکە خرنۆکی وشك.

ئەکتوش بە تووڕەیی و ناراستەوخۆ سەری بەدوادادەنا بەڵام هەرچەندەی زێتر ورژمی بۆ نێچیرەکە دەبرد، زێتر لەبەفرەکەدا دەچووە خوارێ
حاجی مراد قیژاندی :
- بیگرە، ونی نەکەی — ئەوان بەتەکانان و داس بەدەستەوە بەرەو رێویەکە رایانکرد.
هەرکە رێوی دیتی مرۆڤ بەراکردن سەریان لەدوا ناوە بەتوندی بۆدواوە سووراوە و خۆی کوتا پشت پنچکێکی دڕکاوی کاتێك ئەکتوش بەرۆخ رێچکەکەی پێشوی ئەودا رای کرد، رێویەکە بەرەولای پێچەوانەوە رای کرد. هەڵبەتە رێوی بە ئاسانی دەیتوانی تاقیب کەرانی خۆی فریو بدا بەڵام بەدبەختی ئەو لەوە دابوو رێگای بە نشێوێك کەوت، کە لەوێدا قەڵش و رۆچوونی وا کە وەك دیواری رێك و راست و خەرەندان، کە نەدەکرا لێی دەرباز بێ، کۆتایی دەهات.
وادەهاتە بەرچاوان کەئیدی رێویەکەناتوانێ دەربازبێ. ئەگەر ئەو سەگە دەم پڕ لەحەپ حەپ و وەڕە وەڕە نەدەبوو لەپەناوبن پنچگ و دڕیان ون دەبوو و ئەکاتە چ کەسێك دەیتوانی لەبن دڕی پنچکە و دڕکاویەکان بیبیینتێەوە. بەڵام سەگەکە هەرچەندە کەم عەقڵ و هەرچەندەهی ماڵەوە بوو. هەناسە درێژوشوێن پێ هەڵگروو. یەك چرکە چییە لە حەپەحەپ نەدەکەوت و هەرئەم وەرینەش بوو رێویەکەی ترساند. بەڵام هەردوو براکەکە شەیدای رووداوە چاوەڕێنەکراوەکە بوون ولەخوشیان گریان گرتبوو وسەرقاڵی هاوار و شۆرو هەلچونی تاقیبکردنی رێویەکە بوون بەگیانی ئارەقاویەوە وەك با رایان دەکرد. تەنیا ئەوەندە لە بەردەمی رێویەکەدا مابۆوە، کەیان خۆی بەدەست لوتفی سەگەکەوە بدا ویان لە نزیك کوڕەکانەوە بەرەو خەرەندە کە ڕابکا. ریویەکە تەمشایەکی دەوروبەری خۆی کرد و لە جیاتی ئەوەی لێیان رابکا بەرەو ئەوان رای کرد. منداڵەکان لەم روداوە چاوەڕێ نەکراوە وەستان. رێویەکە بەبێ پەلەکردن لەسەرلێواری پشتیە بەفرەکەیەوە بۆ کەلێنی قلێشێکی نزیك دەبۆوە هەروەك ئەوەی حسێبی بۆتوانای ئەکتوش کردبێ، کە لەناوبەفرەکە بەهەناسە برکێی سەری لەدوانابوو. ئەکتوش بێچارە لە وەڕەو ڕاکردن کەوتبو و هەستی نەکرد، کە رێویەکە ئەوی بۆ سەر بەفرێکی بەستوی قووڵ راکێشاوە. برایەکانیش هۆشێکی وایان دەرنەخست. هەردووکیان شێت و شەیدای تەلەسمێکی عەجیب ببون، کەلە بەرئەوان رای دەکرد. ئەم رێویە لەکاتی راکردنیدا ئەوەندە جوان بوو و لە بەلەمێك دەچوو کە بەخێرایی لەگەڵ تەوژمی ئاودا قەراری گرتبێ. رێویەکە بە تەواوی لەنێوانی ئەواندا رای دەکرد.

وەك ئەوەی هەولّبدا بەنێوانیاندا تێپەڕێ تاهیچیەکیان نەرەنجێن. بەلاّم دوای کەمێك بۆی دەرچۆوە کەمێك لای چەپی گرت و هەردووسێ هەنگاو بەولاتری سولّتان مراددا رەت بوو. لەم دەرفەتە دا سولّتان مراد لە نینۆکی پێی ی تا تەپلی سەری دیت و تەماشاکرد. وەك ئەوبوو، کە خەو ببینێ. ئەو بەوشتەی، کە دەیدیت باوەڕی دەکرد و نە دەکرد. رێوی کاتی رەتبوون بە نزیکیدا. بە سەروملێکی کشاو چاوێکی رەشی بەبریقەوە تەماشای ئەویکرد. سولّتان مراد لەم تەماشا عاقلاّنەی گیانلەبەرەکە سەری سوورما. تێکرای ئەمانە کە بەسەرێکی قیتبۆوە و بەرزکراوەوە و کلکێکی رەپەوە و مەشکێکی سپی لێل، نینۆکی رەشی پڕلە جولّەو نیگاییێکی عاقلاّنەوە هەموو شتێك بەراورد دەکاو لێك دەداتەوە و هەلّدەسەنگێنێ، لە مێشکی ئەودا نەخشیان بەست... . .

ئەو دەیزانی، کە سولّتان مراد دەستی بۆ ناهێنێ ئەو وەختێ بەئاگا هاتەوە، کە حاجی مراد داسەکەی ئەنگاوتە رێویەکەو هاواری کرد:

- لێیدە! لێیدە!

سولّتان دەستی بەهیچ رانەگەیشت و رێویەکە بەخێرایی خۆی کوتایە ژێر پنچەکانەوە (١) و ئەکتوش سەری لەدوانا و هەردوکیان بەخێرایی بەرەو خوارەوەی دۆلّەکە چون و دورکەوتنەوە.

سولّتان مرادی، کە لەسەرسامیان مات ببوو گوتی:

- ئای کەباشە! دەستخۆش!

هەردوو برا رایان کرد و راوەستان. هیچ شوێنەوارێکی رێویەکەیان نەدیتەوە. و تەنیا ئوکتوش جارێك لەم لاو جارێك لەولا وەڕەوەرێکی لێهەلّدەستا. لەدواییدا حاجی مراد بەبرایەکەی گوت:

- عەجەب مرۆڤێکی، رێوییێکی ئائەوهات لە دەستدا. راوەستای و هەردەستیشت بەرز نەکردەوە.

سولّتان مراد نەیدەزانی چی وەلاّمی برایەکەی بداتەوە. برایەکەی حەقی بوو.

سولّتان مرادبۆلّەیەکی کرد:

- بە چ دەردێکت رادەگا؟

- حاجی مراد گوتی:

- چۆن بە دەردم راناگا. و بەبێ ئەوەی ئەم وەلاّمەی خۆی روون بکاتەوە

دەستی بەمانای (ئای هەی وێلیکە) راوەشاند.

لەدواییدا بە بێدەنگی باوەشە پووش وپەلاش و پنجك و شورکەکانیان لە شوێنێکدا کۆ کردەوە.

دەبووایە هێشتا کەمێکی دیکەشی چیلکەو چاڵ ببەن تا باری تێرو پڕ ئامادە بکەن. لەم وەختەدا حاجی مراد بەرەنجاویەکەوە کەوتە قسە!

- دەڵێ ی بۆچی! دەکرا کلاوێکی کەوڵ لە کەوڵە رێوی بۆ باوکمان بدوورین وەك کلاوەکەی خاڵە نورگزی. بەڵام تۆ هەر وەستای.

سوڵتان مراد ماتێك بردیەوە. ئەو تێگەیشت، کە براکەی کاتێ بەدوای رێویەکە کەوتوە بیری لەچی کردۆتەوە. ئێستاش، کە کار لەکار ترازاوە داخی بۆ ئەم مەوزوعە هەڵکێشا، کە نەیتوانی ئەم رێویە جوانە بگرێ.

دەم و دەست بەکلاوی لچك درێژی تا بنا گوێ و گەرمی وەك نورگزی باوی هاتەوە بەرچاوی. بیرکردنەوە ی حاجی مراد بە دەنگی هوقەهوقی گریانی حاجی مراد پسا. برایەکەی لەسەر باوەشە پووش و پەلاشە، کە دانیشت و سەری لە گریان نابوو.

سوڵتان مراد لیێی نزیك بۆوە و گوتی :

- چیە؟ چی بووە؟

ئەو بە گریانەوە وەڵامی داوە :

- هیچ نەبووە.

سوڵتان مرادیش هەندەی لەسەر نەرۆیی و بەبیری هاتەوە، کە ماوەیەك پێش ئێستاش کاتێك، کە خاڵە نورگزی هاتەلایان حاجی مراد بەمجۆرە گریا و یەکسەر لە حاڵەتی گریانەکەی ئەو گەیشت، کە ئەو لە دڵتەنگی خۆی بۆ باوکی دەگریە. رێوی و کلاوی کەوڵە رێوی، تەنیا هۆیەك بوو بۆ بەیادهێنانەوەی.

سوڵتان مراد نەیدەزانی چۆن دڵی براکەی بداتەوە. ئەویش خەم دایگرت بە تێگەیشتن و دەرککردنێکی قوڵی رەنج و خەمی براکەی وای بڕیار دا. مەحرەمانە ترین و پیرۆزترین بیرو هەستی خۆی لەگەڵ ئەودا باس بکا. بۆیە لەتەنیشتی دانیشت و گوتی :

- حاجی، تۆ مەگریە. من دەمەوێ کاتێك باوکم دەگەرێتەوە ژن بێنم.

حاجی مراد ژیر بۆوە و بە واقوڕماویەکەوە تەماشاییێکی براکەی کرد:

- دەتەوێ ژن بێنی؟

- بەڵێ، ئەگەر تۆ لەکارێکدا یارمەتیم بدەی.
حاجی مراد، کە باسەکەی بەدڵ بوو سرنجی راکێشا بوو گوتی:
- لە کامە کاردا؟
- بەڵام نابێ تۆ یەك ووشە بۆ کەس باس بکەی؟
- زۆر باشە
ئێستا سوڵتان مراد دوو دڵ بوو لەوەی پێی بڵێ یان نا؟ ئەو بە سەرلێ تێکچوونێکەوە بێدەنگ بوو. حاجی مرادیش وەك گەنە پێوەی نووساو وازی لێنەهێنا.
- چ کارێك، بڵێ، چ کارێکە، سوڵتان مراد. بڵێ بە شەرەف، یەك وشە بە هیچ کەسێك ناڵێم.
سوڵتان مراد نقومی ناو ئارەقە بوو و بەبێ ئەوەی سەیری دەموچاوی برای بکا بە زەحمەتێکەوە کەوتو قسە :
- دەبێ لە قوتابخانە کاغەزێك بگەێنییە کچێك.
حاجی مراد زیت و زرنگ خۆی لە براکەی نزیك کردەوە و پرسی :
- کام کاغەز، لەکوێیە، نیشانم دە.
- لە دواییدا پێت نیشان دەدەم، لێرە نییە.
- ئەدی لە کوێیە.
- لە جێگایەکە، لە دواییدا دەیبینی.
- تۆ دەیناسی، لە دواییدا پێت دەڵێم.
- دە باشە پێم بڵێ.
- نا دوایی پێت دەڵێم.
حاجی مراد وا بەئاسانی وازی نەدەهێناو گۆری باوکی مرۆڤی دەردەهێنا. سوڵتان مراد ئاهێکی قووڵ و گرانی لە دەست حاجی برای هەڵکێشا و بەزۆر و پچڕ... . پچڕ گوتی:
- دەبێ کاغەزەکە... . دەزانی... . بەکێ... بدەی... بە... میرزاگوڵ.
- کام میرزاگوڵ؟ ئەوەی لە پۆلەکەتانە؟
- بەڵێ.
حاجی مراد یان لە خۆشحاڵیان و یا لە روی زۆلێتی و کەف و کوڵێکی منداڵانەوە یەك بەخۆی هاواری کرد :

- هۆیها ! من دەیناسم. دەزانی ئەو چۆنە؟ وادەزانیٚ، که زۆر جوانه ! لەگەڵ قوتابیانی پۆلەکانی خوارەوەی پۆلەکەی خۆی قسه ناکا. براکەی لیٚی تووڕەبوو:

- بۆ وا هاوار دەکەی؟

- باشه، دەباشه دەی هاوار ناکەم. تۆ ئەوت خۆش دەویٚ؟

- بەلیٚ؟ - وەك ئاچورك و سەمەتی، بەلیٚ؟ (ئیچورك وسەمەتی ناوی ئاشق و ماشومانی ناو داستانی (ماناس) ن).

سولْتان مراد هەندیٚکی بەسەر براکەیدا قیڕاند :

- بیبڕەوە.

- حاجی مراد کەوتە ئازاردان :

- مەگەر چی بووە؟ قسه نەکەم

- هاوارکه، چاك هاوارکه. ئیٚستا بڕۆ سەر ئەو کیٚوانه هاوارکه، به هەموو خەلْکی بلیٚ !

- دەچم و هاواردەکەم، که تۆ میرزاگولْت خۆش دەویٚ، دەی، دەباشه هاوار دەکەم، خۆشت دەویٚ... .

ئەم بەدخوییەی برابچوکەکه، براگەورەکەی بیٚزار کرد و دەستی کیٚشاوه و زللەییٚکی چاکی تیٚسرەواند. ئەویش لچی شۆرکرد و دەستی کرد به گریان، بەلاّم گریانیٚکی وا دنیای پڕ کردبوو.

حاجی مراد بەهەموو هیٚزی خۆی هاواری کرد.

- بابم له جەنگه و تۆش له من دەدەی؟ راوەسته ! پیٚت نیشان دەدەم !

ئیٚستا دەبووایه ئارام بکریٚتەوە. چ بەدبەختیەکه. هەرکه ئەوان ئاشتبوونەوە حاجی مراد بەگرژی و نوزەنوزەوە به دەم ئەوە وە هیٚشتاش به هەردوو مشتی فرمیٚسکەکانی پاك دەکردەوە و به دەم و چاوی به فرمیٚسکانەوە تەڕ بووی هیٚور بۆوە و گوتی:

- مەترسه من به کەس نالیٚم و هەتا به دایکیشم نالیٚم، تۆ له خۆڕا له منتدا.

... . بەلاّم کاغەزەکه دەگەییٚنم. من دەمویست ئەوەت پیٚ بلیٚم بەلاّم تۆ رانەوەستای و لیٚت دام. لەکاتی پشوودان دەیدەمیٚ. بانگی دەکەمه لاییٚك. بەلاّم لەباتی ئەمه کاتیٚ که باوکم دیٚتەوە و دەگاته ویستگەکه و هەمویان بۆ پیٚشوازیی ئەو رادەکەن، تۆ من لەگەڵ خۆت ببه. بەجووته سواری جابدار دەبین و تاوی دەدەین و پیٚش هەموان دەگەینه باوکم. تۆ

و من. خۆ جابدار ئێستا هی تۆیە. تۆ لـە پێشـەوەو مـن لـە دواوە سـواری دەبـین و تـاوی دەدەین. یەکسەر چابدار دەدەینە بابم و خۆشمان لە تەنیشـتی دا دەڕۆیـن. ئـەو کاتـە دایـەو هەمو خەڵکە، کە بەخێرایی بۆ پێشوازیمان دێـن. حـاجی مـراد وەك گازانـدە بەدڵشـکاوی و پاڕانەوەیەکەوە ئەم قسانەی کرد و کاریگەرییێکی وایان لەسەر سوڵتان مراد دا بەجێهێشت، کە سوڵتان مراد خۆی بەزەحمەت توانی بەری فرمێسکەکانی بگرێ. ئەو گڕی گرتبـوو لەپێسـتی خۆی چوبوودەر و ئێستا زۆر لەو زللە پەشیمان بوو، کە لەبن گوێی برایەکەی دابوو.

- زۆر باشە جاجیلۆکەکەم، تۆ مەگری پێکەوە بەسواری ئەسپ بەتاو دێـین و دەچـین. تەنیا بوەستە تا بابە دێتەوە. ئەو حەلەی هەمـوو پووش و پەلاشە دوراوەکانیان کۆ کـردەوە و چاکیان بەستن سێ دەستە چیلکەو چاڵی تێرو پڕ بوو. سوڵتان مـراد زۆر لێهاتوانـە دەیتـوانی هەر سێ با بارەکە گوریسس پێچ بکا، یەکەم کۆمەڵ گەورەیە هێندەی گردێکە مرۆڤ دەترسێ نەتوانێ بیگەیەنێتەوە ماڵ بەڵام خۆ ئەگەر کەسێکی شارەزاو لێهاتوو بیپێچێتەوە ئەوا بگـرە سێ کۆڵەکە بچوکتر دەبنەوە. بارێکی، کە بەباشی پێچرابێتەوە باشتر لەسەر کۆڵێ گیر دەبـێ و هەڵگرتنی ئاسانە. ئەمجارە منداڵەکان دوو کۆڵیان بۆ بارکردنی ولاغەکە ئامادە کـرد، بـۆ ئەمەش پاڵ رەشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، کۆلێکی دیکەشیان ئامـادە کردبـوو و سـوڵتان مراد بڕیاریدا ئەمەیان بەکۆڵی خۆی دادا، هەر چەندە، کە رێگاکە دوربوو بەڵام باشـتر بـوو هەموی پێکەوە بباتە ماڵەوە تـاوەکو سـووتەمەنی زۆرتـر لەماڵـەوە هـەبێ. جگـە لەمـە، بەجێهێشتنی پـووش و پنچـکێکی وا مـەخابن بـوو. ئـەوان سـووتەمەنییەکی باشـیان لـە کەلێنەکانی تویوك جاڕ کۆ کردبۆوە. پاڵ رەشیان وا بارکرد، کـە نـە کلـك و نـە گوێیـەکانی دیارنەمابوون، حاجی جڵەوەکەی ئەوی رادەکێشا. سوڵتان بە دەم هـەڵگرتنی بـارە چـیلکەو پووشەکە داهاتبۆوە. کۆڵەکەی بە شێوەی زەڕب لە کۆڵی خـۆی بەسـتبوو، بـەدوای ئەوانـدا دەهات. ئەمجۆرە بەستنە ئاوهایە، کە کندرەکە لە ژێـر هـەنگڵی چـەپەوە بەسـەر سـینگەوە بەبنهەنگڵ و لاشانی راستی دادەکێشرێ و لەلای راستی پشتەمل بە ئەلقەیەکی یان قفڵێکـی بەسەریەکدا خز دەبەسترێتەوە، کە سـەرەکەی بەدەسـتی کـۆڵ هـەڵگرەوە دەگـیرێ. بـەمجۆرە کۆڵهەڵگر دەتوانێ لەگەڵ بەرێگا رۆیشتنەکەیدا هەر کاتێ پێویست بکا گرێیەسـت بۆوەکـانی بارەکە راکێشی و گورجی بکاتەوە. ئەوان هەرهەمان شێوە، حاجی مراد لە پێشەوە حڵـەوی جاشولکەکەی گرتبووە دەست و سوڵتان مرادیش لە دواوە بە خۆی و کۆڵەوە، رێیـان دەکـرد. ئەکتوش زۆر ماندو ببوو لە بەرئەمە هەر لەردواوە بەجێ دەما. هەر کە مـرۆڤ بـاری چـیلکە

دەکێشن زۆر گرنگە ئەگەر ماوەییێکی زۆر دورودرێژ نەحەسێنەوە. دوای حەسانەوەی یەکەم ماوەی حەسانەوەکانی دواتریان کەم و کورت دەبێ، حەسانەوەی دووەم لە نیوەی ماوەی یەکەم و پشووی سێیەم لە نیوەی ماوەی دووەم و.... . هتد

سوڵتان مراد شێوازەکە باش دەزانێ. لە بەرئەمە بە پێی هێزوتوانای خۆی، بە هەنگاوی هەماهەنگ و گەورە دەرۆیشت. لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی هیچ شتێك لە دەوروبەری خۆیدا ببینێ، تەنیا تەماشای بەردەمی خۆی و پێش خۆی دەکرد. بۆ ئەوەی مرۆڤ لەکاتی بارکێشاندا تاماوەییێکی زۆر ماندو نەبێ و چاوەڕێ ی ئیسراحەتی زوزو نەبێ. لە هەمووشتێك باشتر ئەوەیە بیر لە شتێك بکاتەوە. ئەو بە دەم ڕێگاوە بیری دەکردەوە، کە بەیانی چۆن چۆنی بۆ سەرکارەکەی دەچێتە حەوشەی تەویلەکەوە سەر لەنوێ فەرمانی فەرماندەیی دەستەی زەبروەشێن لە ئەستۆ دەگرێتەوە. وەختەکە بە خێرایی بەسەر دەچوو. چونکە تا وەختی چون بەرەو ئەکسای، چەند ڕۆژێکی، کە بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرا، لەبەردا مابوو. ئێستا ئیدی ئەسپەکان هاتبوونەوە سەرخۆ و چارەسەریان کرابوو گاسنەکان و هەوجارە یەدەگەکان و کەلوپەلی جووت و کێلاَن ئامادە بوون بەهەر شێوەیەك کاتێك، کە مرۆڤ لە کێلگە دەکەوێتە کارکردن لەو کارانەی، کە جێبەجێ و ئامادە نەکراون بەئاگا دێتەوە. هەروا بووە. ئەمانە قسەی چکیشی سەردەستەن. چکیشی دەڵێ : چاو ترسنۆك و دەستەکان بوێرن. دەبێ نەترسی و روولەکێڵگە بکەی. لەوێش لەکاتی کارکردندا دیار دەکەوێ چۆن چۆنی و دەبێ چیبکەی، نابێ پێشبینی هەموو شتێك بکەی. ڕەنگە ئەو راست بکا و هەقی بێ.

سوڵتان مراد لەم بیر و بیرکردنەوانە دابوو، کە دەبێ چی بکا تا ژیانی دایکی رحەت و ئاسان بکا. بەتەواوی تێمابوو. لەلایەك شیری دەدۆشی و گایەکانی ئالیك دەدا و لەلایەکی دیکەش هەناسەییێکی رحەت هەڵناکێشێ. دەبێ بەتەنیا خۆی هەموو کارەکان بکا. زۆپا داخستن، چێشت لێنان و جل شوشتن هەر هەموی لە ئەستۆی ئەو دان. کچۆڵەکان هێشتا بچکۆلەن. هیچیش لە حاجی مراد چاوەڕێ ناکرێ. خودی سوڵتان مراد ئێستا لە ماڵ و بنەماڵەکەی دابڕێنراوە بەم زوانە بەرەو ئەکسای دەڕوا و کێ دەزانێ کەی دەگەڕێتەوە. دەبێ چەندە زەوی و زار بکێڵن و چەنیش خەریکی سەراوکردن و نەرمکردنەوەی کێڵگە بن ! لە کاتێکدا، کە ئەوان هەر تەنیا پێنج دام و دەزگای گاسنیان هەیە ! تەواوی ئەسپەکان و گاسنەکانی لە زەویە کۆنەکان لە کاردان. لەم زەویانەدا کار زێتر هەیە. بەڵام ئەمە

لایەنێکی باشی ئەوەیە، کە لە ئائیل نزیکە. ئەگەر پێویست بکا ژنان دەتوانن بێلاَن بگرنە دەست و کۆمەکیان کەن. هەرچەندە، کە کاری ژنان نییە. بەلاَم ئەوانیش ئێستا جۆگەی وا هەلَدەکەنن، کە تا کەمەران قولَە. هەم ئاو بۆ کێلَگەکان دەباو هەم بەربەستیش دروست دەکا. لەبارەی ئەمەوە، کە چۆن ژیانی دایکی نەختێ ئاسان بکا، شتێکی بەخەیالَدا نەهات. بەلاَم ئەو پتر لە هەموشتێك لەم بارەوە بیری کردەوە کەبەیانی نامە بۆ میرزاگولَ دەنێرێ. پێویست بوو، کە شیعری گۆرانی (کۆتری سپی)ی بەتەواوی بنووسیبا. هەولَیدا وا لەمیرزاگولَ بکا لەکاتی خوێندنەوەی کاغەزەکەی هەمان بیرو خەیالَی سولَتان مراد بێنێتە بەر چاو و خەیالَی خۆی. نووسینی نامەی دلَداری عەجەب سەختە. شتێکی وای لێدەردەچێ، کە بەهیچ جۆرێك لەگەلَ ئەوشتەی، کە مرۆڤ ویستوویەتی بینووسێ تێك ناکاتەوە. هیچ کاغەزێك ناتوای ئەوەی، کە لەدلَی مرۆڤدایە لە دووتوێ ی خۆیدا جێگا بکاتەوە. تا بزانی میرزاگولَ چی دەلَێ. دەبێ ئەویش وەلاَمێکی بداتەوە. ئەدی چی؟ لەکوێوەبزانێ، کە ئەویش خۆشی دەوێ یان نا؟ ئەمە خۆی شتێکی نادیارە. ئەگەر ئەو نەیەوێ سولَتان مراد خۆشی بوێ چیە؟ ئەوساکە چۆن دەبێ. زۆر دەمێك بوو ئاوا دەبوو و هەتاو لە پێشەوەو لە تەنیشتەوە لەیەك لای دەم و چاوی دەدا. زەمین هەمان هێمنی و گەورەیی. زستانی پاراست بوو. پێش لافاو باو بۆران ئەوهایە و هێمنی و چێژوتامی بێدەنگی بالَ بەسەرشوێنەکەدا دەکێشێ. ئەمانە هەموویان لەیەك چرکەدا تێك و پێك دەچێ و وردوهەرا دەبێ و تەخشان و پەخشان دەبێ. لەم کاتانەدا دەبێ ئەم وێردە بخوێندرێ (بەلاَ دوربێ، خێربێ) تا گیانە پیس و شەرانییەکان دوورکەونەوە. هەندێ جار بەخێر دەگەرێ. سولَتان مراد لەحالَێکدا بەوردی تەماشای پێش خۆی دەکرد تا جێگاییێکی گونجاو بۆ پشودان ببینێتەوە بەئاسانی بتوانرێ لەوێ لەجێگای خۆی راستبێتەوە. بارکێش کاتێك بەسەر پشتدا بارەکەی لەکۆلَ بگرێتەوە دەبێ بەیەك تەکان راستبێتەوە و بکەوێتە سەر ئەژنۆیان و ئەم تەکانەش نابێ زۆر توند بێ، چونکە ئەگەر لە پێویست زێتر توندبێ، بارەکە بەسەر سەریدا دەکەوێ و بارکێشیش وەك بۆق بەسەر زەویدا پان دەبێتەوە. دوایی دەبێ لەسەر قاچێك و ئینجا لەسەر قاچەکەی دیکەی بوەستێ و ئینجا دەبێ لەگەلَ خوێندنی جادوی (ئای. پیریم) (١) هەرچەندەی، کە بارەکە رێگا دەدا کەمەر راستبکرێتەوە. ئینجا زۆر بەئاسانی دەتوانرێ پشوبدرێ. تەنیا دەبێ بەبوێریەوە خۆت و بارەکە بەپشتا بێن لەکاتی وەستان بۆ پشوودان. سولَتان مراد خۆی خۆی بەسەر بارەکە بەپشتدا خست و یەك چرکە چاوەکانی لێك نا. ئای کەچەند باش بوو، کە کندرەکەی لەسەر

سنگی بەرەلاکرد ئەو کەیفی بەو حالە دەهات و حسێبی دەکرد، کە جێگای پشودانی داهاتو دەبێ لەکوێ بێ. ئەمەش مانای ئەوەیە چ کاتێك دەتوانێ دوای بڕینی ڕێگاییێکی دژوار دووبارە بیر لە میرزاگولێ بکاتەوە؟ سولتان مراد بەبێ دەنگی و لەژێر لێوەوە بەخۆی پێدەکەنی و گوتی :

- تۆ تەنیا ئەوەبکە زو وەلامی نامەکەم بدەوە، گوێت لێیە یان نا؟

- گوێی هەلخست.

لەسەروبەندانی شەودا، کە دنیا بەشێوەییێکی هەستپێنەکراو لەسەرەخۆ تاریك دادەهات و بێدەنگیەکی لە رادەبەدەر زۆر، بالی بەسەر دەوروبەردا کێشابوو.

ئەو رۆژانە نزیك دەبوونەوە... .

چاوەڕوانی پڕ لە نیگەرانی و وەڕزکەری وەلامی میرزاگولێ، تەواوی رۆژەکە تا وەختی شەو لە ماندوبوونێکی زۆر دەکەوتە ناوخەوێکی مردن ئاساوە، وازیان لێهێنا. ئەو بەهەر کارێکەوە خەریك دەبوو هەر کوییەك دەچو لەم بارەوە بیری دەکردەوە. ئەو بەهەمو توانای خۆی کاری دەکرد و فەرمانی بەدەستەکەی خۆی دەدا. بەلام لە بیری خۆیدا تەنیا چاوەڕێ بوو، کە چ کاتێك حاجی مراد لە قوتابخانەوە بە ڕاکردن بۆ تەویلەکە دێ و وەلامە پڕ لەچاوەڕوانییەکەی دەهێنێ , ئەو وحاجی مراد ئاماژ و نیشانیان لە نێوان خۆیاندا دانابوو. ئەگەر میرزاگولێ وەلامی داتەوە حاجی مراد دەبوایە بە خۆ هەلبەزاندنەوە رابکا و دەستەکانی راوەشێنێ و ئەگەرنا ڕانەکا و بە ئاسایی بڕوا و دەستەکانی لەناو باخەلی بنێ. سولتان مراد بەردەوام سەیری ئەوی دەکرد، بەلام هەموو رۆژێك برایەکەی لەناو باخەلەوە دەهاتە لای ئەو و سولتان مرادیش دەم و چاوی پێکدا دەداو سەری لەوە دەرنەچوو، کە مەسەلەکە بەکوێ گەیشتووە. خەریك بوو توانای نەدەما. حاجی مرادی بەپرسیاران دادەگرت و دەپرسی، کە کاتێ میرزاگولی دیت چی گوت و ئەو چۆن چوەلای و چیان گوت. هەرکاتێك سولتان مراد دەهاتەوە مالێ، دەیدیت، کە برایەکەی دەمێکە نووستوە. بەلام دیسانەوە حەزی دەکرد لەسەر هەندێ شتی ورد پرسیار بکا. بەلام پرسیارێکی تازەی نەبوو لێی بکا. بەدەردی سولتان مراد گوتەنی، ئەم میرزاگولە ناجسنە لە کاتی پشوودانەکان هەر هیچی پیٚ ی نەگوتوە و، خۆی وا نیشان دەدا بە جۆرێك، کە مانای هیچی نەدەداو هیچی لەیاد نییە. وەك ئەوەی نامەیەکی وەرنەگرتبێ. لەکاتی پشودانی نێوان دەرسەکاندا بۆ خۆی دەوەستاو لەگەل کچان قسەی دەکرد و ئاگای لە حاجی مراد نییە و تا حاجی مراد خۆی نەچێتە لای و دەستی

رانەکێشی ئاوڕناداتەوە تا تەماشای بکا. سوڵتان مراد تێنەدەگەیشت، کە ئەمە مانای چیە. ئەگەر میرزاگوڵ حەزنەکا کاری بەکاری ئەودابێ. بۆ وەڵام ناداتەوە و بۆ لەو بارەوە شتێکی ڕێك و است ناڵێ؟ بۆ بێدەنگ دەبێ، مەگەر نازانێ چاوەڕێ ی وەڵام چەند پر ئەشکەنجەیە و چەند دژوارە؟ . سوڵتان مراد بە دەم ئەم بیرکردنەوانەوە خەو بردیەوە. ڕۆژی دوایی تاقی بەیانییەکەی دیسان بیری لەم شتە دەکردەوە. ئیدی کات بۆ چاوەڕێکردن نامێنێتەوە. بەفر لەو دەوروبەرانە بەخێرایی رەش دەبێتەوە. بەخێرایی سەرما بەسەردەچێ و زەمین هەناسەی دێتەوە بەرێ و بەزوویی یەکەم گاسن لە زەوی دەردێ. ئەو وەختە کار چەندە بەسەر مرۆڤدا دەبارێ. جارێك سوڵتان مراد بە برایەکەی گوت :

- پێی بڵێ من بەم زوانە بەرەو ئەکسای دەچم و ماوەیەکی درێژم پێدەچێ....

وەڵامەکەی بەیەك وشەهاتەوە : - (دەزانم). نە کەم و نە زیاد. کەوتە ناو لێکدانەوان. جارێکیان دەیویست بۆ قوتابخانە رابکاو چاوەڕێی زەنگی پشوودان بێ و ئەو ببینێ و خۆیشی بزانێ، کە تێکڕایی ئەوانە چ مانایەکیان هەیە. بەڵام نەیوێرا. هەمو ئەو شتانەی، کە پێشتر سادە و ساکار دەهاتنە بەرچاوی ئەو ئێستا نەدەهاتنە کردنێ. ترس، نەوێران. شەرم و دودڵی و گومان وەك گۆڕانی ئاو وهەوای دەم نادەمی ناوکێوان گیانی ئەویان دەهێنا لەرزە. نەدەکرا واز لە کارەکەبێنێ، ئەوەندە کار هەبوو، کە ماوەی سەرخوراندنی نەبوو. بەدەرکەوت، کە بوونە فەرماندەی دەستە بەو ئاسانییە نییە. هەر لەسپێدەی بەیانییەوە تا ڕۆژ ئاوابوون هەر کار بوو، کار کۆتایی نەدەهات. هەرچەندەش وەختی ڕۆیشتن بۆ ئەکسای نزیکتر دەبۆوە ئەوەندەش گرفتاری و سەرقاڵی لە ئاسماندا دەبارین. داهاتنی بەهار نەوەك هەر تەنیا کار وگرفتاریەکانی پتردەکردن بەڵکو ژیانی ئەوانیشی دەڕازاندەوە و دەبوژاندەوە و پڕ لە خۆشی و شادی دەکرد. لەسەر جۆگەی ئاوێ، بەهار بەئاشکراو رازاوە و جوانترو ئاسمان پان و بەرینتر ببوو. شەختە وەك بزربوونی دووکەڵ ونبوون. ڕووبار، کە سەرەکەی شەختە بەری دابوو بەخۆشییەوە دەرۆیشت و بەسەر چەوەڵان و بەردەڵانەکەی ژێریدا شۆڕ دەبۆوە. هەر وردکە بەردێکی ژێری بەرۆیشتنی خێرا و ڕەنگە سەوزەکەی ئاوی روبارەکە رەنگێکی روونـاك وتاریکی بەخۆوە دەگرت. ئەسپەکان ئێستا بەحیلە حیل و بەڕەوە لە ژێر سمەکانیاندا تنۆکە ئاویان بەهەوادا دەپرژاند و بەرەو رووبارەکە دەچون. منداڵەکانیش بەسواری لە نێویاندا هەر بەرەو ئەوێ دەچون. بە پرژانی پریشکە ئاوە ساردەکان خەندە وپێکەنین و لێك ترسان و ڕاچەنین دەستی پێدەکرد. سوڵتان مراد لەم سەرو بەندانەدا، کاتێك، کە لەسەر ئاوەکە بوو

میرزاگوڵی دیت. ئەوی لە بەردەبازی رووباردا دیت و لەشوێنی خۆی وشک بوو. لەبەرچی وشك بوو؟ میرزاگوڵ تەنیا نەبوو. چوار کیژۆڵە بوون. ئەوان لە قوتابخانە دەهاتنەوە. ئەو رەنگ بوو ئەوان نەبینێ. مەگەر خەڵکێکی کەم بەم رێگایە دادێ و دەچێ و لە بەردەبازەکە بە حەمبازان دەپەرینەوە. بەختی یار بوو. لەحالێکدا چابداری راگرتبوو، بە رێکەوت تەماشای کرد و ناسییەوە و لەشوێنی خۆی وەك کۆلکەدار وشك بوو. میرزاگوڵ لەبەردەبازەکە دەپەڕیەوە و ئەویش سوڵتان مرادی ناسیەوە. میرزاگوڵ لەکاتی پەڕینەوەی لەسەر بەردەکان بەم لاو بەولادا دەهات و بە دەستەکانی پارسەنگی خۆی رادەگرت و کاتێك، کە دەگەیشتە رۆخ ئاوەکە، کەمێك وەستاو جارێکی دیکەش بەرەولای سوڵتان مرادی روانی و هەر بەدەم ئەوەوە کە لەگەڵ کچەکانی دیکە لەوێ دوور دەکەوتەوە چەند جاری دیکەش ئاوڕی داوە و تەماشای دەکرد. هەر جارێك، کە سەری بۆ لای سوڵتان مراد دەسووراند، سوڵتان مراد ئامادەبوو بەراکردن بەدوای ئەودا، بەدوای ئەو خۆشیەدا بفڕێ، تا یەکسەر بەبێ لێشاردنەوە و هیچ ترسێك پێی بڵێ، کە چەندەی خۆش دەوێ و ژیان بەبێی ئەو ناکرێ ناوی ژیان بێ. و هەر جارەی جورئەتی ئەو بەشی نەدەکرد، هەر جارەی میرزاگوڵ ئاوڕی لێدەداوە ئەو دەمرد و زیندوو دەبۆوە. میرزا ئیدی لەگەڵ کچە هاوپۆلیەکانیدا لە سەری شەقامی ئارال لە چاوان ون بوو بەڵام ، بەڵام ئەو هێشتا چابداری لە ناوەڕاستی رووبارەکە راگرتبوو و ئەسپەکانی دیکە تێر ئاو ببوون و چوبوونە ئەوبەری رووبارەکە. منداڵەکان ئەسپەکانیان پێکەوە لەیەك رەوەدا کۆ کردەوە تا بۆ حەوشەی تەویلە بچنەوە، بەڵام سوڵتان مراد هەروەك خۆی لە جێگای خۆیدا راوەستابوو و وای نیشان دەدا، کە چابدار هێشتاش هەر ئاو دەخواتەوە... .

سوڵتان مراد لە دواییدا لەمبارەوە بیری کردەوە و سەری لە خۆی دەسوورما و جوێنی بە خۆی دەدا، کە بۆچی ئەوەی بەبیردا نەهاتوە، کە لەم رێگایەدا کاتێك، کە لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە، قسەی لەگەڵ بکا. خۆ لەوێ لە بەردەبازەکەی روبار هەمیشە دەکرێ وەك ئەوەی رێکەوتێك بێ پێی بگا. چۆن پێشتر هۆشی بەمە نەشکاوە؟ هەڵبەتە پێویستە مرۆڤ خۆی بێتە ناو کارەوە و بزانێ، کە لەمەڕ نامەکەیەوە چۆن بیرێك دەکاتەوە. سوڵتان مراد دوایی گەیشتە ئەوەی، کە ئەم تەرزە پەیوەندیانە دەکرێ هەموو رۆژێك بێنە پێشەوە، بەو مەرجەی برادەرانی دەستەکەی کەمێك درەنگتر ئەسپەکان بۆ ئاودان رەوانەی سەر ئاوەکە بکەن. سوڵتان بەزانینی ئەمە زۆر دڵگیر بوو، کە هەمو جارێك دوای ئەوەی ئەسپەکان لەوێ دوای ئاو خواردنەوەیان بۆ تەویلە پێش خۆیان دەدەن میرزاگولیش ئەو کاتانە لەوێ پەیدا دەبێ

و سولّتان مرادیش نەیتوانیبوو دەرك بەم شتە سادە بكا. هەركە ئەم مەسەلە سادە و ئاسانە ئەو لە خۆرایی ئازاری دەكێشاو ناخۆشی دەبینی. ئیدی بریاریدا، كە چاوەڕێ ی میرزاگوڵ بكا. بۆ رۆژی پاشی سولّتان مراد لە روبارکەدا خۆی گلخاند(١) و بە كوڕێژگەكانی گوت، بە خێرایی دەگەڕێتەوە و دەیەوێ غارێك بە چابدار بدا و تكای لێكردن، كە دوای ئاو دانی ئەسپەكان دەمێك ئاگایان لە ئەسپەكانی دیكەی ئەو بێ و لەجێگاكانی خۆیاندا بیانبەستنەوە و ئالیكیان بدەن. دیسانەوەش ئاناتای ! ئاناتای دوای ئاو خواردنەوەی ئەسپەكان هیچ پەلەیێكی بۆ گەڕانەوە نەكرد.

(١)گلخاندن : خۆدواخستن

و ئەوانیدیكەشی گیركرد.

ئاناتای بە تەو سەوە گوتی :

- من دەزانم تۆ چاوەڕێ ی كێ دەكەی.

عەجەب مرۆڤێكی ناجسنی !

سولّتان مرادیش گوڵی بێ درك نەبوو و لەباتی ئەوەی لەسەرەخۆ وەلاّمێكی گونجاوی بداتەوە (دەزانی، دەبزانە) چەند جارێك لەم قسە گرانانەی لە ئاناتای باركرد و پێی گوت :

- تۆ سیخوڕی فاشیستەكانی !

- كێ سیخۆرە؟ من سیخورم؟

- بەلّێ تۆ سیخوڕی.

- یاللا دەی روونی كەوە و بیسەلمێنە. ئەگەر من سیخوڕم با دادگای بیابان من لە سێدارە بداو ئەگەر وانییە دەمت دەشكێنم. شەر هەلّگیرسا، ئەوان ئەسپەكانیان بەرەو لای یەك لێخوڕی. فشاریان بۆ یەك هێناو لەناوەراستی روبارەكەدا چەرخەلەیان دەدا. ئەوان بە دەنگی پڕ هەڕەشەوە دەیاننەڕاند و بە تووڕەییەوە تەماشای یەكدیان دەكرد و یەكدیان لەسەر ئەسپ رادەكێشا. مندالّەكان لەكەنار رووبارەكەدا پێدەكەنین، رایاندەبوارد و هانیان دەدان و ئەوانیش وەك كەلّەشێری بەشەڕهاتو توندتر یاخەگیری یەكدی بوون. ئاوی ئەو دەوروبەرە شلّپ و هوڕی بوو پڕیشك بەم لاو ئەولادا دەپڕژان. سمی ئەسپەكان لەسەر بەردەكانی ناو ئاوەكە هەلّدەخزین و گیردەبوون و هەمو جارێك چی وای نەدەما بكەون. ئەو كاتە ئاركین بەگ بەسەریاندا نەڕاندی :

- هێی کوڕینه ئەوە چیدەکەن؟ ئاهای بوەستن ! دیسان دەتانەوێ ئەسپەکان شەپڕیوکەن؟ ها؟ ئەوان هەردوکیان بەخۆهاتنەوە و بگرە خۆشحاڵ بوون، کە بیانوییێکی ماقوول پەیدابووە و بەبێ هیچ چەند و چۆنێك لێك جیابوونەوە. بەڵام بەهەموو شێوەییێك مگێزیان توندوتاڵ بوو. کاتێك منداڵەکان ئەسپەکانیان بەرەو تەویلە لێخوڕی هێشتاش سوڵتان مراد هەر هەناسە برکێ ی بوو و بۆ ئەوەی بەرەبەرە خۆی هێمن بکاتەوە لە رووبارەکە ئەسپەکەی تاودا و بێ پسانەوە تەماشای رێگای دەکرد. هێندە دوور نەکەوتەوە و بۆ دواوە گەڕاوە و ئەو حەلە میرزاگوڵی دیت. هەر وەك دوێنێ لەگەل دەستەخوشکەکانی دیکەی دەگەڕانەوە. ئەوان بۆ خۆیان دەرشۆیشتن و سەرقاڵی قسەی خۆیان بوون و کاریان بەسەر ئەوە دا نەبوو، کە لەم ناوە شتێك نەمابوو کە لەبەر خاتری یەکێکیان شەڕو خۆشی پەیدابێ و کەسێك زەحمەتی دەکێشاو خەمی لە یەکێکیان دەخوارد. دایکی سوڵتان مراد ماوەیەك پێشتر لە باری کوڕەکەی ترساو گوتی : (چیتە؟ ناکا نەخۆشبی؟ حال وبارت تێکچوە). سوڵتان مراد دایکی هێمن کردەوە بەڵام خۆی دەستیدا ئاوێنەیەك. دەمێك بوو لە ئاوێنە تەماشای خۆی نەکردبوو، نەیدەپڕژا لەخۆی بخەفتی. لەکۆتاییدا وابەدیاردەکەوێ زۆر گۆراوە. چاوەکانی دەدروشانەوە. دەم چاوی درێژوکە و ملی درێژ ببوو. وەك ئەمە بوو، کە دولۆچی لەنێوان برۆیەکانی پەیدابووبێ، سمێڵیشی گوگرە(١)ببو، سمێڵی لێ بەدەردەکەوتن، هەڵبەتە ئەگەر لە رووناکی تەماشابکەن، دەنا نادیترێن. ئەمە ئیدی لەو شتانەوەیە، کە بەتەواوی گۆڕاوە، ناناسرێتەوە. رەنگە، کە باوکیشی کاتێك، کە دەگەڕێتەوە یەکسەر نەیناسێتەوە...

ئەو بەسواری ئەسپەوە نزیکی بەردەبازەکە بۆوە و کاتی نزیك بوونەوەی تێبینی ئەوەی کرد، کە چۆن میرزاگوڵ دوو جاران بەرەو سەر رووبارەکەی دەڕوانی. رێك هەر وەکو ئەوەی لەکەسێك دەگەڕا. هەرکە سوڵتان مرادی دیت لەم روداوە لە پڕە راچەنی و کەمێك وەستا، بەڵام دوایی بەپەلە لەگەڵ دەستەخوشکەکانی رۆیشت. ئەوان هەر وەك ئەوەی شتێك رووی نەدابێ، بەسەر بەردەبازی رووبارەکەوە کەوتنە بازدان و خۆ هەڵدان و بۆماڵەوە رۆیشتن. بەڵام سوڵتان مراد بەپێچەوانەی ئەوانەوە رۆیشت وەك ئەوەی بۆ کارێك پەلە دەکا لە نێوانی باخچە و دێیەرەکاندا هاتە سەر شەقامەکە تا لەبەر دەمی میرزاگوڵ دا سەردەربێنی. سوڵتان مراد ئەوی لەو سەری شەقامەکەوە دیت ئەو وەختە لەسەرەخۆ هات و هەرچەندەی ئەوان لێکتر نزیك دەبوونەوە زێتر ترسی لێدەنیشت. وایدەهاتە بەر چاوان، کە هەموو دانیشتوانی ئەو ناوە لە پەنجەرە و ناو دەرگاوە تەماشای ئەوان دەکەن.

(١)گوگره : بەو توکە نەرمانەی کەسەرەتای گەنجی بۆیەکەمجار لەجێگای سمێڵ دێن،

و سەرنجی هەڵس و کەوتی ئەوان دەدەن و هەموو چاوەڕێن ببینن، کە ئەوان چۆن دەگەنە یەکدی و ئەو چی بە میرزاگوڵ دەڵێ. بەڵام میرزاگوڵ ئەوەندە خێرا نەدەهات. سوڵتان مراد نەیدەزانی چی ڕوی داوە و بۆ ئەوەندە ترس دای گرتوە. ئاخر خۆ هەرنەبێ لەپۆلێکدا پێکەوە دەخوێنن و وەرگرتنی شتێك لەئەو و یا هەتا ڕەنجاندنی ئەو بۆ سوڵتان مراد شتێك نەبوو.

بەڵام ئێستا بەترس و نیگەرانییەوە لەو نزیك دەکەوتەوە. ئێستا حەزی دەکرد، کە خۆی لەم پەیوەندی پێوەکردنەی لاچەپ بگرێ. بەڵام تازە درەنگ بوو. ڕەنگیش بوو، کە ئەو بەباری ڕۆحی سوڵتان مراد پەی برد بوو. کاتێك هێندەی نەمابوو پێك بگەن، میرزاگوڵ لەپڕ بەپەلە پەل کەوت و نەگەیشتەوە ماڵی خۆیان گەراوە و ڕوی لە حەوشەی ماڵە هاوسێیەکەیان کرد. سوڵتان مراد دڵخۆش بوو و هەناسەیێکی خۆشی هەڵکێشاو زۆر سوپاسی کرد دیارە، کە بەتەنیایی بەیەك گەیشتن چەندە ترسناکە. بەڵام لەدواییدا خۆی بە ترسنۆك دانا و سەرزەنشتی خۆیکرد شەو خراپ نووست و وەختێ سەحەران لەخەو بەئاگاهات دووبارە کەوتەوە بیری میرزاگوڵ و گفتی بەخۆی دا، کە ئەمرۆ بەهەر جۆرێکی، کە بووە بچێتە لای و بە ڕاحەتیەوە قسەی لەگەڵدابکا و زۆر بە ڕاشکاوی لێی بپرسێ ئایا نیازی هەیە، کە وەڵامی نامەکەی بداتەوە و کەی وەلامی دەداتەوە. ئەگەر نا پێویست بە ناخۆشی و ڕەنجان ناکا با ئەمە و هەر لەنێوان خۆیاندابێ، ویستی ئەوهای پێبڵێ. ئەو ئەو ڕۆژەی ئەم بڕیارەیدا بەم مەبەستە بوو جێبەجێی بکا. ئەو بەهەمان مەبەست جارێکی دیکە لەدوای ئاو دانی ئەسپەکان چووە سەر ئاوەکە. بەسواری چابدارەوە دەهات و دەچو. لە ڕۆخی ڕوبارەکە چووە پێشتر و گەڕاوە و لەم بارەدا لە خۆڕا هەستی کرد، کە لەناو ئائیلەکە لەسەر بانانیش بەفر نەماوە، بەڵام لەسەر گردۆڵکەکانی ئەولا، کە بەدرێژی زستان بابەفری بەسەریەکدا کەلەکەکردبوو، هێشتاش وەك بەسەریەکدا پەسترابێ و پر لە پەڵەی ڕەش و خۆڵەمێشیەو هەر ماوە. پەڵەکان لەشێوەی ئەمیبا بوون، کە جارێك لە دەرسی ئاژەڵناسیدا وێنەکەیان لەدەفتەردا دەکێشا. دوێنێ تینعەلیۆف سەرۆکی کۆڵخۆز و چکیشی سەردەستە سەردانی دەستەی ئەکسایان کرد و چاویان پێیان کەوت. هەموو گاسنەکان ژمارەیان لەسەر دانرا و درانە جووتیارەکان. گاسنی ژمارە یەك دراوە بە سوڵتان مراد. لەدواییدا هەر یەکێك لە کوڕێژگەکان ئەسپ و دەزگای گاسنەکانیان لێك بەست و نیشانیان دان، کە چۆن کاریان پێدەکەن. دوای ئەوە نیشانیان دراوە، کە چۆن چوار ئەسپەکانیان بە هەوجاڕەکانەوە

دەبەستنەوە. ئەو کاتە هەموو پێنج دەزگا هەوجاڕو ئەسپەکانی جووتکاری لە یەك ریزدا ڕاگیران. بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر لەدەرەوە سەیریان کرابا دیمەنێکی جوان و ئیلهام بەخش بەرچاو دەکەوت. وەك عارەبانەکانی تۆپ تەنیا لەجیاتی تۆپ هەوجاڕ بوو. ئەسپەکان بەهێز، جل و جۆر و ئەسباب تەواو و لێوەشاوە و گاسنەکان بریقەدار بوون. جووتێران هەریەکەیان لەتەنیشت دام و دەزگای گاسنەکانیانەوە لەبارێکی ئامادە وەستابوون. تینعەلیۆف سەرۆکی کۆلخۆز لە پێشی دەستەکەوە بەپەیکەرێکی ئامادەوە وەك فەرماندەی سوپا تێپەری. لەهەر یەکێك نزیك دەبۆوە و دەیگوت :

- باری ئامادەگی خۆت بڵێ !

- ئاگاداری دەدەم. چوار ئەسپی ناڵ کراو، چوار خاموتی بێ کەم وکوڕی، چوار گوریسی سەر پاڵوی ئەسپ، هەشت گوریسی بەستنی خاموت بەعارەبانەوە، یەك زین، یەك داردەست، هەوجاڕێکی دوو گاسنە لەگەل سێ جووت گاسنی یەدەك ئامادەی کارم. رێك وەك لەشکر ! تەنیا چکیشی سەردەستە نێو چەوانی گرژ دەکرد. هەڵبەتە دەبێ وابکا. پیرە. چۆن دەتوانێ لەپێویستی ئەم رێ و رەسمە بگا ! چاوپێکەوتن و دیدارەکە بەباشی بەڕێوە چوو. بەڵام لە دوولایەنی دەستەکە رەخنەیان هەبوو. تینعەلیۆف سەرۆکی کۆلخۆز هەمویانی بانگ کردە لای زین و جلی ئەسپی ئەرگش و گوتی :

- باشە، تەماشاکەن چ کەم و کوڕیەك لە جل و زینی ئەو دایە دەستەکە هەمویان هەموشتێکی دەزگاکەیان پشکنی و دەستیان پێداهێناو هیچیان بە بەرچاو نەکەوت. ئەوجا تینعەلیۆف گوتی:

- ئەدی ئەمە چیە؟ مەگەر ئێوە نابینن، کە پاڵووی ئەم ئەسپە پێچی خواردوە. ئەمانە، سەیرکەن. لەکاتی کارکردندا تسمەی پێچ خواردو تەنگەی ئەسپ دەسوێ. ئەسپ ناتوانێ سکاڵای ئەمە بکا. بەڵام بۆ رۆژی دوایی تەنگەی دەئاوسێ و ئیدی ناکرێ هەوجاڕی لێوە ببەسترێ ئەوکاتە من ئەسپێکی زیادەتان لەکوێ بۆ پەیدا بکەم؟ من ئەسپی یەدەگم نییە. لەئەنجامدا دەزگای جووت و کێڵ لە بەر گوێ پێنەدان بێکار دەمێنێتەوە ! ئێستا خۆتان بلێن، ئێمە بۆمان هەیە ئەمجۆرە شتە ئاسانانە نەبینین. ئەدی بۆکی تێکڕای زستان تەدارەکاتمان کرد؟

هەمویان شەرمەزار بوون. لەبەر چی؟ لەبەر شتێك، کە لە رواڵەتدا بایەخێکی نەبوو. عەجەب باروزروفێکە، ها؟ تینعەلیۆف سەرۆکی کۆڵخۆز ئامۆژگاریی سوڵتان مرادی کرد :

- تۆ، کە فەرماندەی دەستەکەی فەرمانت بەدەستە هەر کاتێك بەر لە دەستکردن بەکار بپشکنی، کە چۆن ئەسپەکانیان بەستووە، تێگەیشتی؟

- بەڵێ، هاوڕێ سەرۆکی کۆڵخۆز.

خەوشی دووەمی، کە لەکەسانی دەستەکە گیرا، گرنگتر بوو. ڕەخنەکە فەرماندەی دەستەکەیشی دەگرتەوە. تینعەلیۆف سەرۆکی کۆلخۆز لێی پرسین :

- وەڵامم بدەنەوە. شەو دوای کارکردن دەبێ جل و جۆری ئەسپەکان لەکوێ دابندرێن؟

منداڵەکان بیریان کردەوە و بیریان بۆ زۆرشت چوو و وەڵامی جیاجیایان داوە. گەیشتنە سەر ئەو بیرە، کە لەدەبێ لە کێلگە لە کەنار هەوجاڕەکان بەجێ بهێڵدرێن.

- فەرماندە، تۆ رات چیە؟

- منیش هەر لەو باوەڕەدام. هەر لەو گوریسەی، کە ئەسپەکان لەگاسنەکە دەکەینەوە هەر لەوێ لەرۆخ هەوجاڕەکانیان دادەنێین. خۆ نابێ لەگەڵ خۆمانیان ببەین.

نەخێر راست نییە. نابێ شەو جل و جۆر لە کێلگە بە جێبهێلدرێ. نەوەك لەبەر ئەوەی، کە رەنگە کەسێك بیبا. لە ئەکسای کەس نییە، کە ئەوە ببا. لەبەرئەوەی رەنگە شەو ببێتە بەفر یان باران و جلەکان تەڕبن. چەرمی جل وکەل وپەلەکان بە تەڕی و شێ لۆچاوی دەبن. هەروەها رەنگە رێوی یان مشکی خورما(١) لەسەر کێلگە بیان جون. تێگەیشتن مەسەلەکە چیە؟ گاسن لە کێلگە دا دەمێنێتەوە. ، کە ئەسپەکانتان کردەوە دەیهێننەوە شوێنی بنکەکەمان، ئێوە خێوەتتان هەیە کەلەناویدا دەژین. تەنیا یەك خێوەتە. من خێوەتێکی دیکەم نییە. هەرکەسێك دەبێ کەل وپەلی ئەسپەکانی لەگەڵ خۆی بباتەوە ناو چادرەکەوە و بەرێك وپێکی لەکوێ دەنوێ لەوێ ی دانێ. تێگەیشتن؟ دەبێ لە پشت سەری خۆتانیان دابنێن، هەر وا باو بووە. کەلوپەل چەکی ئێوەیە. دەبێ هەر سەربازێك زێتر لە هەمووشتێك و بەر لەهەمووشتێك ئاگاداری چەکەکەی بێ.

ئەو رۆژە تینعەلیۆف لەپێش دەستەی ئەکسایدا، کە بۆ دیدار لەئامادەگی تەواوی جەنگیان ریزیان بەستبوو، ئەم قسانەی کرد. تینعەلیۆف لەسەر و بەندانی رۆیشتنی دەستەی ئەکسای ئەم قسانەی کرد. رۆژەکانی کارکردن لە ئەکسای نزیك بۆتەوە و، هەمو کار و پێداویستییەکان بۆ ئەو رۆژانە ئامادە کراوە.

تینعەلیۆف سەرۆکی کۆڵخۆز بەم شێوە ئامۆژگاریکردن و تکای لێکردن. بەتەواوی رەنگ بوو لەدوای سێ چوار رۆژی دیکە ئەگەر هەواکەی تێك نەچێ، ئەوا بەرەو ئەکسای بەرێکەن.

ئەو وەختە هەڵبەتە تاهاوین نەیدەتوانی میرزاگوڵ ببینیّ. کاتێك، کە سولّتان مراد لەم بارەوە بیری کردەوە ترسا. گرفتێکی گەورەبوو مەحاڵیش بوو وێنای ئەوە بکا، کە ئەگەر دوور بەدووریش بووبیّ ئەوماوە درێژە میرزاگوڵ نەبینیّ. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تازە دەیویست ئەمرۆ بە میرزاگوڵ بلّیّ، تۆ رازی یان نا !

(١)مشکی خورما : رەنگە جۆرێك لەمشك بێت یان گیانەوەرێکی دیکە

ئەگەر نا، باشە ئەگەر گوتی نا دووبارە گرنگ نییە. کار لەئەکسای گرنگترە. سولّتان مراد بەسواری ئەسپەوە لە رۆخ روبارەکەوە دەڕۆیشت و هەر تەماشای رێگای دەکرد و تەواو نارەحەت ببوو. کات رادەبورد. لەپڕ کچۆلەکان بەدەرکەوتن. بەلاّم میرزاگوڵیان لەگەڵ دانەبوو. دەستە خوشکەکانی دەرۆیشتن بەلاّم ئەو دیار نەبوو. سولّتان مراد لەسەرەتا نارەحەت بوو ئێستا، کە وایە دەبیّ چی بکا. ئەو بە هەمان مگێزی گیراو و تاڵ و تووڕە ببوو بە غەمبارییەوە چوە حەوشەی تەویلەکەوە. بەلاّم لەرێگادا نیگەرانی روی تێکرد. نەکا میرزاگوڵ نەخۆش کەوتبیّ و یان شتێك رویدابیّ. ئەم نیگەرانییە زێتر دەبوو. ئەو هەستی کرد تا هۆیەکەی نەزانیّ بەهیچ جۆرێك ناتوانیّ ئارام بگریّ. بڕیاریدا لە کچەکان سۆراغێك بکا. سەری چابداری بۆلای ئەوان وەچەرخاند و لەهەمان کاتدا میرزاگوڵی دیت. میرزاگوڵ بەتەنیا لە قوتابخانە دەگەراوە. لە بەردەبازەکەی سەر رووبارەکە نێزیك دەبۆوە. سولّتان مراد کەمێك خێراتر لەچابداری خوڕی تا لە بەردەبازەکە لەگەڵ میرزاگوڵ ڕووبەڕوو بێتەوە. خۆشی ئەوەندە خۆشحاڵ بوو. لەم چەند دەقەیەدا کەوتبووە ناو خەیاڵ و لێکدانەوە، کە ئاگای لیّ نەبوو چۆن وشەی (عەزیزم!) ی لەدەم دەرچو.

ئەو لەگەڵ میرزاگوڵ کەوتنە روبەروی یەکدی، لەئەسپەکەدا خۆی فڕێدا خواریّ، جلەوی ئەسپەکەی هەر بەدەستەوە بوو چاوەڕێی دەکرد، کە ئەو بگاتە ڕۆخ رووبارەکە. میرزاگوڵ بەچاو تێبڕین و دەمی بەخەندەوە بەرەو ئەو دەهات.

سولّتان مراد دەم پڕ لە دادوبێدادەوە پێی گوت :

- ئاگاداربە نەکەوی !

هەرچەندە نەدەکرا مرۆڤ لە جێیێەکی وا راست و ڕێك، کە بە بەردوبەگیا وگوڵ و رەگی گیاو گوڵاّن دروستکرابوو، بکەویّ. چەند جوانە ئەو بێرەدا تێدەپەڕی. چەند باش بوو، کە بەسەر ئەم روبارە کێویەی، کە هەڵسانی بە هیچ پرد و بەرگیرێك نەدەگیرا ! سولّتان مراد

چاوەڕێ ی دەکرد و. دەستی بەرەو ئەو درێـژکردبوو و ئـەویش بـەردەوام تەماشـای سـوڵتان مرادی دەکرد و پێدەکەنی و بەرەو ئەو دەهات سوڵتان مراد جارێکی دیکەش گوتی :

- ئاگاداربە، نەکەوی !

بەڵام ئەو هیچ وەڵامێکی نەداوە و تـەنیا پێدەکـەنی و زەردەخەنـەی دەگـرت و بەمـەش تەواوی ئەوەی، کە سوڵتان مراد دەیویست تێی بگا گوترا : ئەو (سـوڵتان مـراد)، کـە سـادە لەوح بوو، چەندەی نامە دەنووسی، چەندە زەحمەتی دەکێشا و چاوەڕێ ی وەڵام دەبوو... . .

هەرکە میرزاگوڵ دەستی بۆ لای ئەو درێژکرد سوڵتان مراد یەکسەر دەستی گرت. چەندین ساڵ لەگەڵ یەکدا لەیەك پۆل دەرسیان دەخوێند و تا ئەو هەلە نەیزانیبوو کەدەستی میرزاگـوڵ ئەوەندە میهرەبانە دەتگـوت دەسـتی میرزاگـوڵ ئـەوەی دەربـڕی، کـە (مـن لێـرەم و چـەندە خۆشحاڵم، مەگەر تۆ هەست ناکەی، کە من چەندە خۆشحاڵم؟) یەکسەر سوڵتان مراد چاوی لە چاوی بڕی و سەری سوورما. لەناو بوونی میرزاگوڵدا ئەو خۆی ناسیەوە. میرزاگوڵیش وەك خۆی لەم ماوەیەدا بەتەواوی گۆڕاوە، گەورەبووە و بـاڵای کردبـوو و چـاوەکانی بـە جـۆرێکی دیکە دەدرەوشانەوە و حەواسی پەرت بوو، رێك وەك حەواسی دوای نەخۆشی. میرزاگوڵ وەك ئەوی لێهاتبوو چونکە (میرزاگوڵ) یش هەمو دەم بیری لێ دەکردەوە و شـەوانێکی زۆر خـەوی لێ نەدەکەوت. چـونکە ئـەویش عاشـق ببـوو و ئـەم عیشـقەش ئـەوی وەك سـوڵتان مـراد لێکردبوو. وە ئەو لەم رووداوە پتریش جوان و خۆشەویستتر ببوو. سەراپای بوونی ئەو ئومێد و گفتدان و خۆشبەختی بوو. سوڵتان مراد لە چرکەیەکدا لە تێکڕای ئـەم خاڵانـە گەیشـت و هەستی پێکرد. سوڵتان مراد بەدەنگێکی لەرزۆکەوە پێ ی گوت :

- من وامدەزانی، کە تۆ نەخۆش کەوتبی.

میرزاگوڵ وەڵامێکی ئەم قسەی سوڵتان مرادی نەداوە و بەستەییێکی دەرهێناو دایە دەستی سوڵتان مراد و گوتی :

- بگرە ئەمە بۆ تۆیە. . بەبێ ئەوەی خۆی بووەخرێنێ ملی رێگای خۆی گرتەوەبەر.

سوڵتان مراد دوایی زۆر جاری دیکەشـی تەماشـای ئـەو دەسماڵـە ئاوریشـمیە گوڵچـنەی کردەوە. لەباخەڵی خۆی دەریدەهێنا و سەر لەنوێ دەیشاردەوە و دیسانەوە دەستی تێـوەردەدا و تەماشای دەکردەوە. دەسماڵەکە هێندەی لاپـەڕە کاغـەزێك بـوو و لـە چـواردەورەکەی بـە داوێکی رۆشن نەخش و نیگار و گوڵ و پنچکی لێ نەخشێنرابوو و لە گۆشەیەکیدا بە داوێکی سوور دوو پیتی گەورە و یەك پیتی بچووك لە نێوان نەخش و نیگارەکانـدا بەرچـاو دەکـەوت:

(س و م) کەمانای (سوڵتان مـراد و میرزاگـوڵ) بـوون. ئـەم پیتانـە، بـەر لـە چـاککردن و ڕاستکردنەوەی ئەلف و بێی گرگیزی، لەقوتابخانە فێرببوون و وەڵامـی نامـە دوورودرێژەکـەی ئەوبوو. سوڵتان مراد لەحاڵێکدا بە سەختی خۆشی سەر کەوتنەکەی خۆی دەشاردەوە و بەرەو تەویلە دەگەڕاوە. دەیزانی، کە ئەمە خۆشیەکی ئەو هایە، کە بە هیچ کەسێك نـاکرێ لـەناوی ببا و خۆشیەکی تایبەت بەخۆیەتی و هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێ وەك ئـەو خۆشـبەخت بـێ. لەگەل ئەوەشدا دڵی لەخۆشیا دەفڕی بۆ ئەوەی باسی چاوپێکەوتنەکەی ئەمڕۆ بۆ برادەرەکـانی دەستەکەی بگێڕێتەوە و دەسماڵەکەی بەدیاری درابوویەی پێیان پێشان بدا.

دەست و دڵی باش لەکاردا بوون. کوریژگەکان دوای ئـاودانی ئەسـپەکانیان بـاش پاکیـان دەکردنەوە و بەسەتل جۆیان دەبرد و کایان لەناو ئاخوڕەکان روو دەکرد. سوڵتان مراد یەکسەر کەوتە کار و بەخێرایی پشت و لاپاڵوە لوس و بەهێزەکانی ئەسپەکانی خۆی ڕنی و چوو، جۆیان بۆ بێنێ و بەردەوام لەباخەڵی سەر سینگی بلوزە سەربازیەکەی، کە پڕ بە لـەش و لاری خـۆی دووریبـۆوە. هەسـتی بـە دەسـتماڵەکە دەکـرد. وەك ئـەوەی ئاگرۆکەیـەکی نادیـار لەوێـدا هەڵکرابێتەوە وابوو. لەم بابەتەوە شادی و نیگەرانییەك بەسەریدا زاڵ بوو. زۆر دڵشـاد بـوو بەوەی، کە میرزاگوڵ دڵی داوەتێ و ئەوی خۆشویستوە. نیگەرانییەکەیشی لەوە بوو، کە ئەمە سەرەتای رووداوێکی نادیار بوو. سوڵتان مراد لەدواییدا بۆ کاهێنان چووە پشـت تەویلەکـە. ئەوێ بێدەنگ و بەر رۆژ بوو و بۆنی تیژی پووش و پەڵاش دەهات. زۆری حەز کـرد جـارێکی دیکەش تەماشایەکی دەسماڵەکە بکاتەوە. بۆیە لەباخەلی خۆی دەرهێنا و لـەنێوان بۆنـەکانی پووش و پەڵاشاندا هەستی بە بۆنی تایبەتی دەسماڵەکە دەکرد، وەك ئەوە بـوو بـۆنی سـابونی بۆنداری لێبێ. ئێستا بەبیری هاتەوە، کـە ئـەم بۆنـە هـەمان ئـەو بۆنەیـە، کـە جارێکیـان لەقوتابخانە لەکەزییەکانی دەهات و. کەوتە تەماشاکردنی دەسماڵەکە. ئەو بەم شێوە بەتـەنیا لەگەڵ دەسماڵەکە وەستابوو، کە لەپڕ کەسێك دەسماڵەکەی لەدەست ڕفاند. سەری سـووراند — دیتی ئاناتای بوو.

- ها، تۆ ئێستا دەسماڵی لێوەردەگری !

سوڵتان مراد سوور سوور هەڵگەڕا :

- بیدەوە خۆم !
- سەبر بگرە، یەکەمجار دەبێ تەماشای بکەم.
- من پێتدەڵێم بمدەوە !

- بەسە، هاوار مەکە، دەتدەمەوە. وادەزانی زۆرم پێویستە.
- بینە خێرا دەی !
- یەك بەدەنگی خۆت بقیژێنە. هاوارکە، کە دەسماڵە دیاریەکەی تۆیان رفاندوە... و لەباخەڵی خۆی نا.

سوڵتان مراد ئیدی نەیزانی، کە لەدوای ئەوە چی رویدا تەنیا بە دەم و چاوی پڕ لەترس وتورەیی ئاناتای بە خوارو خێچی هاتە بەرچاوان. ئەو بەهەموو هێز و توانایەکی، کە تێیدابوو زەبرێکی دیکەی لەئاناتای وەشاند، بەڵام لەو زەبرەی، کە بەرسکی کەوت پەڕیە ئەولاوە. ئەو یەکسەر هەڵساوە و بە تووڕەیی و نەفرەتێکی زۆرترەوە ورژمی بۆ سەر ئاناتای هیچ وپوچ و ناپیاو کرد. منداڵەکان رایان کرد و بەسەر راگەیشتن و بەسەر لێشێواوی هەرسێکیان هەوڵیاندا، کە لێکیان جیاکەنەوە. تکایان دەکرد و دەپاڕانەوە و بەدەستەکانیاندا ئاوێزان دەبوون، بەڵام سودی نەبوو دیسانەوە هەڵمەتیان بۆ یەکدی دەهێناو بێبەزەییانە تێکیان هەڵدەدا. سوڵتان مراد تەنیا وشەیێکی دووبارە دەکردەوە : (بمدەوە)، (بمدەوە) و هەر ئەوەندەی دەزانی، کە تەنیا رێگاییێکی لەبەرە، یان مردن، یان وەرگرتنەوەی دەسماڵەکە. ئاناتای چوارشانە و بەهێز بوو بەخوێنساردی کاریدەکرد، بەڵام سوڵتان مراد حەقی بوو، راستیشی دەکرد و بێ پەروا هەڵمەتی دەهێنا، هەر چەندە زۆربەی جاران دەکەوت. جاری دوایی کەوتە سەر شەنەیەك، کە لەنزیك کۆمەڵەکایەك لەسەر زەوی دانرابوو. خۆی لەخۆیدا هاتە ناودەستی و بە شەنەوە فرتکێکی بۆ ئەوێ لێدا. منداڵەکان هاواریان لێهەڵسا و بەرەو ئەوێ رایان کرد.

- بوەستە !
- بوەستە !
- چی دەکەی !

ئاناتای، کە زۆر هەناسە بڕکی بوو دەست و قاچی لێك کردەوە و تەماشای هەموولاییێکی دەکرد، کە بۆکێ و چۆن ڕابکا. سوڵتان مرادی بەرانبەر بوو. بەڵام جێگاییێك نەبوو لێوەی دەربازبێ. لەلایەك کۆمەڵێ کا. لەلایەکی دیکە دیواری تەویلە. رێك و سەروەخت سوڵتان مراد باڵی گرت. ئەو دەیزانی، کە ئەم کارەی ئەو زێدە رۆییە بەڵام چاریدیکەی نەبوو.

سوڵتان مراد بە ئاناتای گوت:

- بمدەوە ئەگینا رۆژە رەش بەچاوی خۆت دەبینی.

ئاناتای بەپەلە وەك بلێ ی هەولێدەدا، کە هەموی بەگاڵتە وەرگرێ گوتی:

- باشە بگـرە، وەرە وەریگـرەوە... . . ، گاڵتــە نـازانی! هــەی گــەلحۆ: و دەسماڵەکـەی بەرەولای سولتان مراد تورهەلدا. سولتان مراد هەلیگرتــەوە و لەبــەر باخــەلی نـاوە. چـەند دەقەییێکی زۆر ترسناکی بەسەردا تێپەڕی. منداڵەکان هەناسەیێکی خۆشیان هەلکێشا. بــەزم ودەنگە دەنگیان ناوە و سولتان مراد تەنیا ئەو کاتە هەسـتیکرد، کــە چــۆن گێــژو وڕ بــووە و سەری دەسوورێ و دەست و قاچەکانی دەلەرزین و بەدەم تفاندنەوەی خوێنی لێوی وەك مەستان چووە پشت کۆمەلە کایەکە و لیٚ ی پەپشتا کەوت و هەناسەییێکی دا و بەخۆهاتەوە... .

٨- سولتان مراد و ئاناتای هەرچــەندە لەگــەڵ یەکـدا ئاشـت نەبوونــەوە ، بــەلام کــاری هاوبەش ئەوانی ناچار کرد، کە بەرەبەری ئێوارە لەگەڵ یەك بســازێنەوە و لەهــەمان کاتیشــدا لەوکارانەی کەبەرانبەری یەکـدی کردیــان دلیــان لیــك شــکابوو، ئــەوان کــاری ئەحمــە قانــەو شەرماویان لەگەڵ یەکـدا کــرد بــوو. بــەلام لەگــەڵ ئەمەشــدا ســولتان مــراد دەیزانــی، کــە ئەزموونێکی گرنگی وەرگرت و ئەگەر ترسنۆکی نیشان دابا و سەری خــۆی کزکردبــا بــەر لــە هەموکەسێك خۆی بەسوکی دەهاتە بەرچاو. کەسێکی ئەوهاش نەیدەتوانی و نەشدەبوو ببێتــە فەرماندەی دەستەکە. سولتان مراد لەهەمان رۆژی، کە دوای نیوەڕۆکەی تینعەلیۆف سەرۆکی کۆلخۆز و چکیشی سەردەستەکە هاتنە حەوشەی تەویلەکە باوەری بەم شتە هێنا. ئەسپەکانیان ماندو مردو لەرێگاییێکی دور هاتبوونەوە. تینعەلیۆف و چکیشی بــە سالاچــوو لەبەیانییــەوە چوبوونە سەر زەویەکانی ئەکسای و تازە گەڕابوونــەوە. دەشــت و دەرو بیابــانی چــۆل و ســارد هەناسەیەکیان دابوو. زەوی گونجــا و لــەبار زۆربــوو. هەرچــەندەی بتــوانرێ بکێلــرێ دەتــوانن بیکێلن. ئەوان شوێنی نیشتەجیٚ بوون و چادر هەلدانیان هەلبژاردبوو. تەنیا هەر ئەوە مــابوو، کە ئەوکارەی بەدرێژایی زستان ئامادەیان کردبوو بۆ جووت وکێلان، ئێستا بچن لەوێ جــێگیر بن و دەست بەکارەکانیان بکەن.

- باشە، کوڕینە حالْ و بارەکە لەچــیدایە؟ ســەرودلیان چــۆنە؟ پێشــنیازێ، رەخنەیــەکتان هەیە؟ هەرچی هەیە بیلێن تا لە پاشدا، کە لەئائیل دوور دەکەونەوە کەم و کووڕیتان نەبیٚ.

منداڵەکان بێدەنگ بوون و وەك ئەوەی بابەتێکی کە پێویستی بەچارەسەریەکی خێــرا بکــا لە ئارادانەبوو و هیچ کەسێك متەقێکی لەبەرەوە نەهاتە دەرێ.

ئەرگش گوتی:

- ئێمە فەرماندەمان هەیە، ئەو لەهەمووشتێك ئاگادارە. باخۆی قسەبکا.

ئەوکاتە سولْتان مراد گوتی، ئێستا هیچ کەم وکوڕی و پێداویستییەکمان نییە. خەمی هەموشتێك خوراوە. کەوشەکان چاك کراونەتەوە. جلوبەرگەکان پینەکراون. بۆ خۆداپۆشین کەوڵ لەبەردەکەن. بەکورتی، منداڵەکان، هەوجارِ وئەسپەکانیان ئامادەن تا هەر رۆژێك هەر لەگەڵ ئەوەی زەوی نەختێ کزر بێتەوە، دەکەونە کار. دوایی لە زۆر بابەتی جیاجیای دیکەیان وەك چێشتلێنەر، ئاگر و سووتەمەنی و چادریان کۆلێەوە و گەیشتنە ئەو ڕایە هاوبەشە کە پاشی دووسێ رۆژی دیکە ئەگەر هەواکەی نەگۆڕێ و بەفر نەبارێ، ئەوا وەختی ئەوەیە بەرەو کێڵگە بەرێکەوین. هەرچەندە هەور لەئاسماندابوو بەڵام ناخۆش نەبوو و لەئاسماندا شیناییەکی زۆری خاڵی لەهەور هەبوو. خۆر ناوناوە سەرەتاتکەی دەکردو ون دەبۆوە. زەوی بەفری لێ چوبۆوە هەڵمی دەکرد و بۆنی شێی دەدا. رۆژانی کار لەئەکسای نزیك دەبۆوە و هەموو کارەکانیش بۆ ئەو رۆژانە ئەنجام گیر دەبوون.

ئەوان بەهەموو شێوەییێك ئامادە ببوون بەڵام ڕێك بەر لەوەی بەرەو ئەکسای بچن یەك کۆمەڵ وردەکاری سەریان هەڵدا. بەدەرکەوت، کە دوو جلەکورتانیان کەمەو ئەو جلانەی کە هەیانبوو بەتەواوی کۆن وکون کون ببوون و بردنیان بۆ ئەکسای بێ مانابوو. شەوانی سەرەتای بەهار وەبگرە سارد و زستانین. بەتایبەتی لەرۆژانی یەکەمی کێلاّن، چکیش دەیگوت، کە سەردەمی زو کاتێك بە گاسنی دار زەویان دەکێلاّ، رۆژانی یەکەم وا دەهاتە پێشەوە، تائێوارە چاوەڕێ دەبوون کەزوقمی شەو زەوی بەربدا... ئەو دەیگوت گەر ئەسپێك بە درێژایی شەوەکە لە بێ جلی هەڵ لەرزێ بەدەردی هەوجارِ راکێشان نایە. سولْتان مراد ناچار بوو جارێك بۆ بەرێوەبەرێتی کۆڵخۆز و جارێك بچێتە لای سەرۆکی کۆڵخۆز و جارێکی دیکە بۆ لای سەردەستە ڕابکا. تا توانیان لە ئائیل دوو جلی باشی دیکە بۆ کۆڵخۆز بکرن.

لەم ڕاکەڕاکەو کارانە ئەو پتر لە هەرشتێکی دیکە چاوەڕێ ی کاتی رۆیشتنی سوارەکان بوو بۆ سەر ئاو وئاودانی ئەسپەکان. حەزیدەکرد وەك ئەو جارەی دیکە بەر لە رۆیشتنیان لەرۆخ بەردەبازەکەی سەر رووبار چاوی بەمیرزاگوڵ بکەوێ. سولْتان مراد پەلەی دەکرد. ماوەی چاوەڕانی نەبوو. لەبەر ئەوەی ئەو هەمیشە هەستی بە کەم و کوڕی لە قەرارو مەدارێکی نێوان خۆی ومیرزاگوڵ دەکرد و لەمەڕ ئەو قسەوگفت بەیەکدانانەی نێوانیشیان، کە بە تەواوی قسەی لەبارەوە نەکرابوو و روونەکرابۆوە، لەخۆیدا هەستی بە گوناح دەکرد بەتایبەتی، کە رەنگ بوو بەر لە رۆیشتنیان یەکدی نەبینن. ئەو دەیزانی میرزاگولێش بیر لەو دەکاتەوە. لەگەڵ ئەم بابەتە ئەو جارە لەگەڵ تەماشای یەکەمی میرزاگوڵ، کە دەتگوت خۆی تێداناسی باوەڕی

پەیداکرد. بەڵام سوڵتان مراد هەربیریشی لێنەکردەوە کە میرزاگوڵ خۆی لەدوای ئەو و پەیوەندی ئەو دابێ. غرورو ئابڕوی کچانە ڕێگای ئەم کارە نادا. خانمۆڵەکە تازە قسەی خۆی کردوە و دەسماڵی گوڵچنی بە ئەو داوە. ئەو یدیکەی ماوەتەوە کاری پیاوانە و پەیوەندی بەوەوە هەیە...

هەڵبەتە ئەو دەیتوانی بەر لەرۆیشتنی پەیوەندی بەمیرزاگوڵەوە بکا. ئەو هەر وایدانابوو ئەگەر بەدبەختیەکی دیکە روونەدا. رۆژی بەر لەچونیان بۆ ئەکسای کاتێك، کە ئەندامانی دەستەکە ئامادە دەبوون تا ئەسپەکانیان بۆ دوا ئاودان، ئاو خواردنەوەی ماڵئاوایی لێخوڕن، یەعنی هەمان ئەو کارەی، کە دوای ئەوە سوڵتان مراد دەیویست چاوەڕێ ی میرزاگوڵ بکا، لەبەر گەورە دەرگای ئاخوڕو تەویڵەدا کاتی رۆیشتنی سوارەکان بۆ سەر ڕوبار، چکیشی سەردەستە توشیان هات. ئەو گرژ بوو و گرتبوی. ریشی چکۆڵەی خەنەیی پەرش و کلاوی تا سەر برۆیەکانی هێنابوو.

- بۆ کوێ دەچن؟

- دەچین تا ئەسپەکان ئاوبدەین.

- بوەستن. ئاناتای تۆ بڕۆوە ماڵ، دایکت نەخۆش کەوتووە. برۆ، هەر ئێستا لەئەسپەکە دابەزە. کوڕینە ئێوە برۆن ئەسپەکانتان زوتر ببەن ئاویان بدەن و وەگەرێن. من لێرە چاوم لەرێتانە.

سوڵتان مراد لەرێگای بەرەو سەر ئاوەکە ئەسپەکانی بە چوار ناڵە وەپێش خۆیدا تەماشای دەکرد و کاتی گەڕانەوەش هەر چاوی دەگێڕا و تاببینێ میرزاگوڵ دیارە یان نا. هێشتا کاتی هاتنەوەی نەبوو. بۆ چی چەکیشی پیر ئەوانی بەپەلە پەل خست؟ چی رووی داوە؟ ئەگەر ئەم پەلەکردنە نەبایە ئەوا بێگومان ئەمڕۆ چاوەڕێ ی دەکرد. چەندە تامەزرۆ بوو لە بەردەبازەکە بەدیداری شادبێ...

هەرکە ئەوان گەڕانەوە حەوشەی تەویلەکە و ئەسپەکانیان لەسەر جێگاکانیان بەستەوە، چەکیشی پیرەمێرد کۆیکردنەوەو و بانگی کرد و لە ژێر لێوەوە گوتی:

- قسەم هەیە:- لەدوایی بە منداڵەکانی گوت. . دانیشن.

هەمویان لەسەر چنچکان دانیشتن و پشتیان بە دیواردا. تینعەلیۆف حەزی دەکرد بەپێوە قسە بکا. خۆی رادەوەستا و دەیویست، کە خەڵکیش لەبەردەمی ئەودا راوەستن. بەڵام سەردەستە چەکیش بە پێچەوانەوە، ئەو لای باشتربوو بەبێ پەلەکردن و بەدانیشتنەوە قسە

بکا. پیرەمێرد ئەوهایە. کاتێك مناڵەکان دانیشتن چکیش بەقیافەتێکی غەمبار دەستی بە ریشە خەنەییە ئاڵۆزکاوەکەی داهێنا و دەستی پێکرد:

-من دەمەوێ پێتان بڵێم، کە ئێوە چیدی مناڵی بچوك نین. بۆ ئێوە زوو ئەوە هاتۆتە پێشەوە تاڵی ژیان بچێژن و لەسەر زەوی داغ هەنگاوبنێن و لەباوەشی سەرمادا بخەون. چارەنووستان ئەمە بووە. ئیمرۆ بەدبەختیەکی گەورە دامەنگیری یەکێکتان بووە. ستار قول بابی ئاناتای لەبەرەکانی جەنگ کوژراوە. ئێستا ئێوە مناڵ نین. کاتێك یەکێك بەدبەختیەکی لێ روودەدا ئەوانی دیکە دەبێ پاڵپشتی ئەو بن. ئامادە بن. دەبێ پێشوازی لەخەڵکی بکەن و خەڵکی بەرێ کەن. دەبێ ئاگاتان لە ئەسپی خەڵکی بێ. ئێستا خەڵك لەبەردەمماڵی ستار قولی خوالێخۆشبوو کۆ دەبنەوە و ئێوەش دەبێ لەوێ بن. وەك مناڵی ساوا لەتەنیشت ئاناتای نەگرین. بەڵام ئەگەر گریان بەدەنگی بەرزو، پیاوانە بگریەن، بۆ ئەوەی هەمووکەسێك ببینێ، کە دۆستە وەفادارەکانی ئاناتای دەگریەن. لە گەڵم وەرن. هەر لەبەر ئەمەبوو من پەلەم لێکردن... .

ئەوان بەیەك ریزی لەدوای یەکدا لەباریکە رێگایەکەوە بەرەو ماڵی ئاناتای، کە لەکۆتایی شەقامەکەبوو، دەرۆیشتن. خەڵکیش دەستە دەستە بێدەنگ، سوارەو پیادە لەهەر لایەکەوە رولەوێدەکەن. هەوا لەگۆڕاندابوو. جارێك هەتاو بوو دەمێك هەور، دەمێك بای باکور هەڵیدەکرد و دەمێك با لەسەر زەوی لە دامەنێوە بەهەموو ساردی خۆیەوە لەقولە پێیەکانی دەدان. سوڵتان مراد بەدڵێکی توند لە ترس و دڵ پێ سوتان ئازاری دەبینی بەرەو ماڵی ئاناتای رێ ی دەکرد. ترسناك بوو لەبەرئەوەی دوای یەك دەقە لە ئائیل شین و گریانێکی زۆر وەك گڕو کڵپەی ئاگر لەسەربانەکانەوە هەڵدەستێ و دیسان کەسێکی دیکە، کە لەدامێنی ئەم چیایانەی ئەژداد و ئابادی لەدایك بوە و گەورە بووە، نابیننەوە، ئەو لەجەنگ ناگەڕێتەوە و هیچ جارێکی دیکە و هیچ کەسێك ئەو نابینێتەوە... . (چی بەسەر باوکم دا هاتوە، تا ئەم کاتەش نە نامەیەك نە دەنگ و باسێکی ئەو نییە؟ چی بەسەر هاتوە؟ دایکم لەترسان عەقلی لەدەست داوە. تەنیا ئەمە روونەدا. تەنیا ئەوهامان بەسەر نەیە.).

ئەوان لەحەوشەکە نزیك ببوونەوە، لە ماڵی ئاناتای دەنگی شیوەنێکی بەسۆز و دڵ توندکەر دەنگی داوە. دەنگی ئەم گریانە لەحاڵێکدا زۆرتر دەبوو و، سەر شەقامەکەشی، کە خەڵکی تێدا کۆببۆوە، داگرت. ئەندامانی دەستە هەر بەو نەزمەی، کە بەدوای چکیش

داریێیاندەکرد بەدەنگی بەرز لە پڕمەی گریانیان دا و پێکەوە دەستیان بەگریان کرد و ئەمە ئەو شێوە بوو، کە چکیش پێی گوتبوون.

- ئای ستار قوول باوکی پاڵەوانمان، باوکە باشەکەمان ستار قول، ئیدی لەکوێ جارێکی دیکە دەتبینینەوە، تۆ سەری بەرزت لەکوێ دانا؟

لەم دەقەدا، لەدەقەی خەمی گشتی، ستار قول باوکی ئاناتای بەراستی باوکی خۆیان بوو. لەو دەقەدا بەراستی چاك بوو، چونکە گەورەیی هەرکەسێك تەنیا کاتێك لەلای نزیك و برادەرەکانییەوە دەرکی پێدەکرێ، کە ئەویان لەدەست دەچێ... . هەر ئەوهاش بووە و ئەوهاش دەبێ.

- ئای باوکی هەمومان ستارقول، باوکە باشەکەمان ستار قول، ئیدی لەکوێت دەبینینەوە؟ لەکوێ سەری زێڕینت نایەوە؟ .

کەسانی دەستەکە بەم گریان و نوکە نوکە بەدوای چکیش دا بەناو ئاپۆراکەی خەڵکدا تێپەڕین و کاتێك، کە چونە ناو حەوشەکەوە ئاناتایان لەبەر دەرگادا دیت. خەم مرۆڤ بچووك دەکاتەوە. بە بەتەمەنترین و زەبەلاح ترینیان هەر هێندەی منداڵێکی لێهاتبۆوە. شانەکانی لەژێر باری غەمدا داهاتبوو و فلیچابۆوە لەشێوەی جوانوە ئەسپێك لە هەوای نالەبار و ناخۆش دابێ خۆی چەسپاندبووە پاڵ دیوار، وەك منداڵان گریان و نالینیانبوو، لەهەژمەتی گریان دەم و چاوی هەڵزەپەتابوو و هەروەها برا و خوشکە بچوکەکانیشی لە رۆخ ئەودا بەدەنگی بڵندەوە دەگریان. دۆستان چونە کن ئاناتای. هەرکە ئاناتای ئەوانی دیت زیاتر لەکوڕژنی گریانیدا. وەك ئەوەی دەیویست لەو کۆست و بەختڕەشیەی رویداوە گلەییان لێبکا. ئەو بەم هۆیەوە داوای لێکردن، کە داکۆکی لێبکەن و یارمەتی بدەن. ئەم لاوازیەی ئاناتای بەر لەهەموان سوڵتان مرادی هێنایە لەرزە. بەڵام دۆستانی ئەو لەرۆخ وکەناری سەراسیمە دەهاتن و دەچون و نەیاندەزانی چی بکەن و چۆن دڵنەوایی هاوڕێ کەیان بکەن. هیچ کەسێك نەیدەتوانی کۆمەکی ئەو بکا و بەمێشکی کەسدانەهات، کە سوڵتان مراد چۆن (بەتفەنگەکەی لەحەوشە چوە دەرێ و لەگەڵ ئەودا یەکسەر، بەرەو ئەو جێیەی، کە جەنگی لێیە، بۆ بەرە، یەك بین رای کرد و لەوێ بەگریان و دادوفیغان و هاواری پڕ لە رق و تووڕەییەوە بەتەقاندنی ریزێك گوللە دەسترێژێکی دورو درێژ تەق تەق تەق تەق لە خوێنخوایانی باوك کوشتەی دۆستی خۆی ئاناتای بۆ تۆڵەکردنەوە و ئەو بەدبەختیانەی دامەنگیری ئائیل بووە دەستی بە تەقەکردن کرد.

چەند مەخابنە، کە ئەو تفەنگی نەبوو!

سولّتان مراد بە ئاناتای گوت(ئاخر ئەو- فەرماندەی دەستەیە):- ئاناتای مەگری، چیمان پێدەکرێ. باوکی(ئارکین بەگ و قوباد قول)یش لەبەرەی جەنگدا کوژراون. خۆت دەزانی، کە باوکی منیش دەمێکی زۆرە نامەی نییە. جەنگە. ئەمە یان خۆت باش دەزانی. ئاناتای، تۆ تەنیا بڵێ چی بکەین تا تۆ ئارام بیتەوە. تۆ تەنیا بیڵێ تا ئێمە یارمەتیت دەین... .

بەلاّم ئاناتای، کە پاڵی بەدیوارەکە دابوو و بەشێوەییێکی پڕ لەگرژی شانەکانی تەکان دەداو نەیدەتوانی قسەیەك بکا. ئەم قسانە ئەوی هێمن نەکردەوە و بە پێچەوانەوە حاڵ و باری خراپتر کرد و لەتاو گریان تەنگە نەفەس بوو لە تاو گیرانی هەناسەی شین و مۆر هەڵگەڕا. سولّتان مراد رایکرد و قۆقیلە ئاوێکی بۆ هێنا. ئەو لەم چرکەدا خۆی لەبەرانبەری ئەو شتەی، کە رویدابوو بە بەرپرسیار هەست پێدەکرد. ئەو زانی کە دەبێ بجووڵێ وکاربکا و کۆمەکی خەڵکی بکەن. ئەوان چوارکەس لەسەر رووبار ئاویان دەکێشا، داروچیلکەیان دەشکاند، ئەو سەماوەرانەی لە هاوسێکانیان خواستبۆوە هەڵ دەکرد. پێشوازی خەڵکیان دەکرد و خەڵکیان بەرێ دەکرد، یارمەتی پیرەمێردانیان دەدا تا لەئەسپەکانیان دابەزن. خەڵکی هەر دەهاتن و هەر دەهاتن. ئەوان دەهاتن سەرەخۆشی لەبنەماڵەی خوالێخۆشبوو بکەن. هەندێك، کە ئەرکی خۆیان بەجێ هێنابوو دەڕۆیشتن. بەلاّم ئەندامانی دەستە سەرتاسەری رۆژەکە لەماڵی ئاناتای مانەوە. سولّتان مراد ئەو کاتە سەخترین چرکە ساتەکانی ژیانی بەسەر برد، کە خانمی مامۆستا ئینکەمال ئاپای لەگەڵ کچەکانی پۆلی حەوت و، کە میرزاگولێشیان لەگەڵدابوو، هاتنە ئەوێ. ئینکەمال ئاپای ئەوها دەگریا و، ئاناتای لەباوەش گرتبوو دەگریا و بێ تاقەت بوو، کە نەدەکرا تەماشای بکەی و فرمێسکت لەچاوان نەیەتە خوارێ، پێشبینی ئەو فالگرەوە بەناوبانگە لە بارەی کوڕی خانمی مامۆستاوە تەواو دەرناچێ. ئەو خۆیشی باوەڕی بەقسەکانی فالگرەوەکە نەبوو. ئێستا ئەو بەنیگەرانییەکەوە، کە دڵی خەبەری دابوو، دەگریا و فرمێسکەکانی بەرەلاّ کردبوو تا دڵی غەمباری هێور کەنەوە. کچۆلەکانیش لە دەور و رۆخی مامۆستاکەیاندا دەگریان. میرزاگوڵ سەری لەبەر خۆی نابوو، راوەستابوو بەکپی دەگریا. رەنگ بوو باوك و براکەشی هەر لەبەر ئەو هاتبوون. ئەو بۆ جارێکیش ئاوڕێکی لە سولّتان مراد نەداوە. میرزاگوڵ لەگەڵ ئەو هەموو غەم و پەژارەشدا لەهەموان جوانتر بوو. سولّتان مراد حەزی کرد بچێتە تەکی، لەباوەشی بگرێ و بگری و خەمی دڵی خۆی لەگەڵ هی ئەودا تێکەڵ بکا و بیکاتە یەك.

ئا، میرزاگوڵ، میرزاگوڵ- بکیچ،

من کۆترێکی کێویم، لە ئاسمانی شیندا دەفڕم
تۆ کۆترە ماشوقەکەمی و باڵ بەباڵی من لە شەقەی باڵت دێ

لەدواییدا هەرکە لە حەوشە دەنگی دوعا خوێندن بەرز بۆوە و هەموو ئامادەبووان بێدەنگ بوون، هەر کەسە بە پانکردنەوەی لەپی دەستی و ڕاگرتنی بە بەر دەم و چاوی و تەماشاکردنی ناو لەپەکان وەك تەماشاکردنی کتێبی چارەنووس و ژیان. هەرکەسێك خۆی لەگەڵ خۆیدا تەنیا ماوە و کاتێك، کە دوعایەکی خۆش ئاواز و پڕ شکۆی گوێ لێبوو کەوا پێش هەزار ساڵ لەئێستا لە عارەبستانەوە گەیشتۆتە ئێرە و هەتاهەتایی بوونی دنیا لەشێوەی مەرگ و لەدایك بووندا خستۆتە ڕوو، و ئەمجارە بۆ ستار قول باوکی ئاناتای، کە لەبەرەی جەنگدا کوژاوە، ئەم دوعایە بەتایبەتی خوێندراوە، هەتا لەکاتێکی ئەوهاشدا، سوڵتان مراد لەناوەڕاستی خوێندنی ئەو دوعایە، چاوەکانی بەرز کردەوە و لەسەر دەستەکانییەوە کە بۆ دوعا خوێندن بەرزیکردبۆوە تەماشاییێکی میرزاگوڵی کرد و دیتی میرزاگوڵ زۆر ڕێك و بەهەستێکی بەرز و جوانەوە لەناو ئاپۆراکەدا وەستاوە. لە دەم و چاویدا دەدیترا، کە بەقووڵی لە بیرکردنەوەدا ڕۆچوبوو. بەڵام میرزاگوڵ سەیری ئەوی نەدەکرد. ئەو ڕۆیشت و یەك قسەشی لەگەڵ سوڵتان مراددا نەکرد و تەنیا کاتی ڕۆیشتن نیگا خەمبارەکەی کەمێك لەو کرد و سەری بۆ خوارەوە برد. ئاخ، میرزاگوڵ، ئاخ میرزاگوڵ بیکچ... .

گریان لەماڵی ستار قولی خوالێخۆشبوو کەمێك کپ بۆوە و بەمجۆرە بێدەنگیەکی هوشیار و دڵتوندیەکی سازگار بۆ ئەوەی، کە لەدەست چوبوو، هەستیپێدەکرا. گریان- نارەزایی و سەرپێچی و نەسازانە، بیرو خەیاڵی لە گەڕانەوە نەهاتوی ئەوەی، کە ڕووی داوە لە گریان ترسناکترە، لەهەمان کاتدایە کە خەمبارترین و ناشیرینترین بیر بە مێشکی مرۆڤدا دێ. ئاناتای لەبن دیوارەکە دانیشتبوو و سەری لە بەر خۆی نابوو. تەماشاکردنی ئاناتای بۆ سوڵتان مراد کارێکی ترسناك بوو. بەدبەختی ئاناتای دەم درێژ، بەهێز و تووڕە و شەڕانی ماڵی کاولکردبوو. باشتر بوو داد و فەریاد و هاواری کردبا و بگریابا. باشتر بوو بەرۆکی خۆی دادڕیباو خۆی لە خاك و خۆڵدا گەوزاندبا. سوڵتان مراد نەیدەزانی چۆن ئەو لەو تەنیاییە پڕ لە خەم و لە توانا بەدەرە بێنێتەدەر. بەڵام پێویست بوو یارمەتی بدرێ، دەبووایە بە هەر بارێکیا ئەو ناچار بکرێ هەست بکا، کە ئەو تەنها نییە و کەسانێکی لە دەور و بەردان، کە ئامادەن لە بۆ ئەو دەست لەگیانی خۆیان بەردەن.

سوڵتان مراد پێی گوت:

- ئاناتای، برۆ بابرۆین، قسەیەکم هەیە دەمەوێ بەتەنیا لەگەڵتدا بکەم.

ئاناتای لەجێگای خۆی هەڵسا و ئەوان پێکەوە بۆ پشت دیوارەکە چون. سولّتان مـراد لـە حالێکدا دڵی زۆر لەکەف و کوڵدا بوو و بەزەحمەت وشەی لە دەم دەهاتەدەر وگوتی:

-ئاناتای، تۆ بیرمەکەوە، من ئەو... . ئەگەر دەتەوێ مـن ئـەو دەسماڵـە بـۆ هەمیشـە دەدەمە تۆ.

ئاناتای بە غەمگینییەوە زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

-ئەوە تۆ چ دەڵێ ی، سولّتان، نا... پێویستم نییە. دەسماڵ دەسماڵی خۆتـە، مەیـدە هـیچ کەسێك. من... . تۆ من ببەخشە. من ئیدی، سولّتان، هیچ کاتێکی دیکـە کـاری واناکـەم. ئێستا من هیچ شتێکم پێویست نییە... . باوکی ... من، ئەو... . ئێمە چەندە چاومان لە ڕێ ی ئەو بوو... . گریان قورگی ئاناتای گرتن و فرمێسـکی هاتنـە خـوارێ و سـەر لـەنوێ دەستی بە گریان و زاری کردەوە. ئێستا ئەوان پێکەوە لەگەڵ بارو زەمانەکە لەو ژیانەدا گەورە دەبوون. سەریان لەگریان نا... .

٩- سێیەمین ڕۆژ بوو، کە لەسەر زەمینی ئەکسای گاسنەکان ورگـی زەویـان هەڵـدەدڕی. سێیەمین ڕۆژ بوو، کە جوتێران بەبێ وەستان لە ئەسپەکانیان ڕادەخـوڕی و لەیەکـەمین پارچـە زەوی، کە بەدەستی جوتێران دەکێڵدرا خەتی تاریك و شەپۆلاوی کێلانی تازە بەدیار دەکەوت.

ئەو کارەی کردبوویان هەستی پێدەکرا و هەر حەزت دەکرد تێی برۆنی چـێژت لـەبینینیان وەردەگرت. ئێستا باری ئاو و هەوا چۆنێکی بێ کارەکە ئەوها ئەنجام دەدرێ.

لەم دنیا پرشکۆیەی دامێنی چیایان لە پای زنجیرە چیای گەورەی ماناسدا بێدەنگی بە وەك خۆی مابۆوە کە دەمێکی دوورو درێژ هیچ کەسـێك نەیشـلەقاندبوو. بیابـانی ئەکسـای، کـە لەگەڵ خاکە بێ ئاوەکانی چەمکەندو تاشکەند درێژ دەبـۆوە ئـالێرەوە دەسـتی پێـدەکرد. لـەم جیهانە نەکێڵراوە، کە سـەرەتای بیابـان بـوو هـەوجاڕەکان وەك سیسـرکەی گـەورە دەهاتنـە بەرچاوان، کە بەدوای خۆیاندا دەخزین شونی هەڵگەندراو و نەرم و درێژیان بە جێدەهێشت. لەو شوێنە ئێستا سێ هەوجاڕ کاریاندەکرد. ئەرگیش و قوباتقول بۆ چەند ڕۆژێك لە ئائیل مانەوە. ئەوانیان بۆ کۆمەککردنی کشت وکاڵە پاییزیەکان نارد تا بـەر لـە هـەڵمکردنی شـێی ی زەوی بگرن. دیارە کە کارەکە زۆر پێویستە، بەڵام لە ئەکسایش دەرفەت سنووردارە. بۆ دەست بـە تۆکردن لەو زەویانەی لەبەر چاوگیراون، پێویستە هەموو دەستەکە لەبەیانییەوە تا ڕۆژ ئـاوایێ جووت بکەن، ئەگینا لێی سەرناکەون و هـەمو زەحمـەتێکیان بـە بـا دەچـێ. سـولّتان مـراد

بەنارەحەتیەوە هەمو ڕۆژێك هەر چاوەڕێ ی هاتنی دوو جوتێرەکەی دیکە بوو. گفتیان دابوو، کە ئەم یەك دوو ڕۆژە ڕەوانیان دەکەن. سولّتان مراد لەبەر وەرگرتنەوەی ئەو دوو کەسە لەگەڵ چکیش دەنگە دەنگیان لێ پەیدابوو و بەتوندی داوای کرد و گوتی:

- بڵێن با، سەرۆکی کۆڵخۆز تینعەلیۆف بێ و ڕوونی بکاتەوە. بە سێ هەوجاڕ کار ناکرێ. ناتوانین ئەو ئەرکەی پێم سپێردراوە ئەنجامی بدەین چکیشی پیر؟ چکیشی پیر چی بکا. ئەو توکی سەری خۆی دەردێنێ و سولّتان مراد زانی، کە لەم هەل و مەرجەدا کارکردن لە کۆڵخۆز بۆ سەر دەستەیەکی هۆشمەند چەندەی گرفت بەدواوەیە. ئەو دەیویست هەموو کارەکان بەرێك و پێکی و لەوەختی خۆیدا ئەنجام بدا. لەکۆڵخۆز کارێکی زۆر بەسەر یەکدا کەڵەکە بووە، کە لە لانی گرنگیەوە و دەم و دەست ئەنجامدانییەوە وەك کوژاندنەوەی دەم و دەستی ئاگرن، ئەو دەیەوێ سەرکەوێ، کە لەبەهاردا ئەم کارو ئەو کار و دەکاری دیکە ئەنجام بدا، بەلاّم هێز و توانای بەردەستی ڕێیی پێنادا. کەسی لەبەردەستدا نییە، خۆراك نییە. سەری بەرز دەکاتەوە کلکی دێتە خوارێ، کلکی بەرز دەکاتەوە سەری دێتە خوارێ. ئەو دوێنێ لێرە دانیشتبوو و بیری دەکردەوە. لە ئائیل برسێتی حوکم فەرمایە. زەخیرەکان لە تەواوبوندان و تا بەروبومی تازەش دێتە بەرو بەرهەم، هێشتا ماوەییەکی درێژ ماوە. وڵاغەکان لەڕو لاواز بوون لە بێی ئالیکیدا مردار دەبنەوە. کوشتنیشیان مانایێکی نییە. بۆ کڕینی کیلۆ گۆشتێك بۆ نەخۆش دەچنە بازاڕ. نرخی کیلۆ گۆشتێك بەرانبەر تەواوی لاشەیێکی سەردەمی پێش جەنگە. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەچن. بەسواریش ناچن، بەپێی پیادە سی تا چل کیلۆ مەتر دەبڕن. چونکە ئەسپەکانی سواری، بەزۆر لینگیان لە دوای خۆیاندا ڕادەکێشن. ئەگەر پیاو بەو ئەسپانەوە بکەوێتە ڕێ ئەوا ڕێگا ون دەکا. تەنیا توانیویانە ئەسپەکانی باری بۆ کێلاّن بپارێزن. ئەو ئەسپە باریانە هاتوونەتەوە سەرخۆ بەلاّم لەگەڵ ئەو هەمو فشارەی کار ماوەییێکی زۆر ناتوانن کار بکەن.

ئەگەر مرۆڤ لەبارەی ئەو هەموشتانەوە بیر بکاتەوە هەترەشی دەڕژێ. بەلاّم گەورەترین بەدبەختی ئەو جەنگەیە لەبەرەکان، کە کۆتاییەکەی دیار نییە. ئەنیا مایەی تەسکین و ئارامی، تەنیا ئومێدێکی خامۆش نەبۆوە ئەوەیە، کە سەرکەوتن بەسەر ئەڵمانەکان دەستی پێکردوە و لە هەمولاوە ئەوانیان تەنگە تاو کردوە و ڕایان دەماڵن...

ئیمرۆ تاقی بەیانییەکەی دەڵێ ی هەوا خۆش بووە. هەواو ئاسمان دەوری هەبوو بەلاّم سەر چیاکان ناوناوە هەتاوی هەبوو. ئاسمان بەسەر سەرەوە، بارێکی باشی دەنواند و سەرلەنوێ

توورِەو گرژ دەبوو و دەگیراوە. دانی نیوەڕۆ زۆری سارد کرد و تاریکی داهێنا. بەفر یـان بـاران دەبویست بباریێ. جوتێران دوای نانی نیوەڕۆ، کاتی دەست بە ئیش کردنەوە، لەگەڵ خۆیاندا بۆ داپۆشینی سەروگێلاکیان کیسە یان برد. ئەوان لەهەمان شوێنی گاسنکراودا یەکەمجار دەستیان بەکار دەکردەوە و خەتی جووتەکەیان بەرەو ناوەوە وەپێش دەبرد. لەبـەرایی هـەموان سـوڵتان مراد، لەدوای ئەو بە دووسەد پێ ئاناتای و لەدوای ئەو لـەماوەی نزیکـەی نیـو کیلـۆ مـەتر ئارکین بەگ هەنگاوی دەنا. ئیمرۆ جوتێران لەسەر زەویەکان تەنیا بوون. سـێ جـوتێرو کێـوی گەورە لەبەرانبـەر، سـێ جـوتێر و بیابـانێکی پرشـکۆ لـەدواوەیان بـوو. تینعـەلیۆف تـەنیا لەسەرەتادا توانی سەر لێرە بدا، ئەو زۆر گیری خواردوە. چکیشی سەردەستەی دانـا تـا بـاری جووتەکە ڕێکبخا و خۆشی ئەسپەکەی تاو داو گەڕاوە.

ئەمرۆ چکیشیش بەسواری رۆیشت تا ئەسپ و هـەوجاڕی ئـەرگیش و قوبـادقول، کـە لـە ئائیل مابۆوە وەرگرێ. لەبـەر ئەمـە رۆژی سـێیەم جوتێرەکـان بەهــەوجاڕ و ئەسـپەکان ئـەو زەویانەی، کە بۆ کێلان دیارکرابوو و دەبووایە هەر بیکێڵن و جووتی کـەن، تـەنیا ماونەتـەوە تابتوانن بەرهەمێکی لێهەڵگرنەوە و خەڵکی پێ تێر بکەن... .

شوێنی سەر جووتەکە دوور بوو لە چادر و کاو وێنجە و کیسە جۆیەکانەوە و دوربـوون لـە تێکرای ئەو شتانەی، کە ئێستا ماڵی ئەوانی پێك دەهێنا. لەناو چادرەکەدا تـەنیا پیرەژنێـك، کە بنەوانیان بوو مابۆوە. ئەو لەباتی ئەوەی خواردن لەکاتی خۆیدا ئامادەبکا هەر پرتەو بۆڵە و سکالأی دەکرد سوتەمەنی تەڕە و ئەمە نییە و ئەمە کەمە. لە سەر کێڵگە لە کوتە نانێـك شۆرباوێکی گەرم بترازێ ناکرێ داوای شتێکی دیکە بکرێ. بەڵام ئەو هەر پرتە پرتی بوو تف و نەفرەتی لە ژیان دەکرد وەك ئەوەی کەسێك لەبەر شتێك سەرکۆنە و سەرزەنشت دەکـا. ئـەو لە ئائیل زۆر ناسراو نەبوو. لەجێگایەکدا هاتبووە ئائیل لێی نیشتەجێ ببوو. کەسانێکی دیکە ناتوانن خان و مانیان بەڕەلاکەن، بەڵام ئەو بەوە رازی بوە، کە بۆ ئەکسای بـێ تـا لـە نزیـك جوتێران سکی خۆی تێر بکا. لێبگەڕێ باڂوا. بەدڵ وگیانی کەوێ، تەنیا خواردنەکـە لـەکاتی خۆیدا ئامادە بکا. بەڵام ئەو هەر بەلادادێ و بەکارەکان ڕاناگا. جـوتێران نـاتوانن یارمـەتی بدەن. لەبەر ئەوەی ئەسپ وەك ماشێن و تەراکتۆر نییە، کە ئەگەر ماتۆرەکەی بکوژێنییەوە و ڕێگای خۆت بگریە بەر و برۆی. یا بەنزین لەتانکی کەی و بکەویـە رێ. جـووتێر لەکێڵگـەدا خۆیشی وەك ئەسپ کاردەکا دوای کارەکەیشی چوار ئەسپی گاسـنکێش ئالیـك و ئـاو دەدا و سەرپەرشتیەکی باشیان دەکا و کاتێك، کە دەگاتەوە چادرەکەی لە پـەل و پـا دەکـەوێ. هـەر

لەگەڵ سەحەرێش دەبێ سەرلەنوێ دەست بەکار بکاتەوە... . لەهەموی گرفتتر لەخەو هەڵسانی کاتی سەحەرانە... . .

کاری سەرەکی جوتێر ئەمەیە، کە هەوجارڕ و گاسن بێکار نەمێننەوە و ئەسپەکان کار بکەن و هێز و بونییەی خۆشیان لە دەست نەدەن تا دوادوای بەهار هێزیان لەبەر بمێنێ. ئەمە گرنگە، زۆر گرنگە ڕۆژی یەکەمی جووتکردن لەهەر دە بیست هەنگاوێکدا ئەسپەکانیان رادەگرت تا کەمێك هەناسەیان بێتەوە بەر. هەناسەیان دەگیرا. پێویستی دەکرد کەمێك گاسنەکە بەرزکەنەوە و قووڵی جووتەکە کەم بکەنەوە. ئەم بارە تا ئەو کاتە درێژە دەکێشێ، کە ئەسپەکان بە ئەسپابەکە ڕادێن ئەمڕۆکە کار بە تەرزێکی هەستپێکراو باشتر دەچووەپێش. ئەسپەکان هەوجارەکانیان پێکەوە رادەکێشا و پێوەی رادەهاتن. چوار تایی لەحالێکدا لەپاڵ یەکدا قەرار دەگرن و بەرەو زەوی مەیلان دەکەن و لە زۆری گوشار و ترسناکی کار گەردنیان لێك دەکێشن و وەك بورلاکان(١). لەوێنەی ناو کتێبەکانی خوێندن، رێ دەکەن. پێ بەپێ، هەنگاو بە هەنگاو هەوجارەکە، کە نوکی گاسنەکانی لە توێژێکی ئەستووری خاکدا دەباتە خوارێ، رادەکێشن و بەکێشی دەهێنن. بەڵام هەواکە خەریکە تێك دەچێ و بۆنی بەفر دێ. پەڵە و دانەی بچوکی پروشەی بەفر بەر چاو دەکەوێ. ئەمە مانای ئەوەیە، کە هێشتا زستان خۆی کۆ نەکردۆتەوە و وای داناوە لەکاتی ماڵ ئاوایی کردندا هەندێ کەس بکوژێ. بەڵام ئەم کارەی نابەجێ و بۆ جوتێرانیش بێجێیە. سوڵتان مراد لەگەڵ ئەوەشدا کیسەی لەسەری خۆی کرد بەڵام کەڵکی نەگرت، چونکە ئەم کارە ئەوی لەبەفر رزگار نەکرد. ئەو لەحاڵێکدا سواری ئەسپی هەوجارکێش بوو ولەناوەڕاستی چوار ئەسپاندا قەراری گرتبوو داردەستەکەی بەسەر سەریدا تەکان دەدا. بەردەوام بایەکە کیسەکەی لەسەرسەری جارێك بەم لاو جارێکی دیکە بەولادا.

(بورلاکەکان): ئەو کرێکارانەن، کە بە درێژی کەناری دەریادا دەڕۆن و بە گوریسی درێژ گەشتی رادەکێشن.

دەبرد. بەفر بەشێوەییێکی چڕ. دانەی تەرەوە، زوو دەبوو بە ئاو، دەباری. دەوروبەر چەرخەڵەی دەددا و جارێك دەدیترا و جارێك نادیار دەبوو. چیاکان لە ناو تەم و مژی بەفری داکردو دا بزر بوون. دنیا تاریك و سنوردار بوو تەنیا دەنگی جووتێران، کە لە ئەسپەکانیان ڕادەخوڕی، وەك دەنگی مەل و پەلەوەڕانی، کە لە هەواییێکی ناخۆشدا گیری خواردبێ. لەم مژ وتەمە قاوقیژی دەناوە. هەوجارەکان دەچوونە پێشی. هەوجارە رەشەکان دەمێك بەسەر

بەرزاییەکانەوە، کە وێنەی لێواری شەپۆلاوی دەریان، بەدەر دەکەوتن و جارێکی دیکە لەکەند و نشێوەکانی زەویدا لەبەر چاوان ون دەبوونەوە... .

هەوجارە چوار ئەسپیەکان لەسەرخەتی جووتەکان وەك ئەمە بوون.، کە لەخودی زەمین دەخزینە دەرێ و ئەسپەکانیان بە مکوڕی و حەزێ کەوە هەناسەیان هەڵدەکێشا، دەتگوت بەسەر هەر چوار پەلاندا- راستدەبوونەوە. بەفر بەسەر مل و کەفەڵە زۆر گەرم و داغەکەی ئەسپاندا یەکسەر دەبووە ئاو و بەشێوەی رێچکەی نارێك بەلا پاڵویاندا دەچۆڕاوە. بۆ ئەسپەکان سەخت دەگوزەرا. زۆر سەخت دەگوزەرا، زەوی تەڕ بوو و سمی ئەسپەکان دەخلیسکا، جلەکان لەناو نم و شێدا سەنگینتر ببوون، گاسنەکانیان لەزەوی گیر دەکرد و لەلایەنەکێڵراوەکەی زەویان رۆ دەکرد. بەڵام نەدەکرا ئاگات لە هەوجارەکە بێ دەبووایە هەر جووت بکەن. بەیانی، کە هەتاو هەڵدێ و ئەم شەقارانەی زەوی هەڵدەپفمێن جووتەکە ئامادە و بەردەست دەبێ. نابێ وەخت لەدەست بدرێ. گاسن گیر دەبوو. جاری وابوو سوڵتان مراد لە زینی ئەسپەکە دەهاتە خوارێ و بەداردەستەکەی کەستەك و تۆپلە گڵی لە گاسن و هەوجارەکە دەکردەوە و دوای ئەوە(ئاناتای و ئارکین)ی-، کە لە دوای ئەوەوە دەهاتن- بەهات و هاوارەوە دەنگ دەدا و گوێ ی لە وەڵامی ئەوان دەبوو سەرلەنوێ بەزۆری لە نێوان جل و لەشی تەڕی ئەسپەکانەوە خۆی دەگەیاندەوە ئەو ئەسپەی، کە زینی کردبوو و سواردەبۆوە و بەمجۆرە سەرلەنوێ بۆ پێشەوەی لێدەخوڕینەوە. بەڵام بەفر نەیدەبڕیەوە هەوجارە رەشەکان وەك کەشتی لە ناو تەمی سپی دا مەلەیان دەکرد. لەو دنیا کپ و پڕ بەفرەکە هەموو دەنگەکانی هەڵلوشی بوو تەنیا های و هوی جووتێران بوو دەنگی دەهات.

- ئا- نا- تای!

- ئارکین- بە- ك!

- سوڵتانمرا- ئا- دا!

ئاو بەدەم و چاوی سوڵتان مراد دادەچۆڕاوە. ئاوێك، کە هی بەفر یان ئارەقە بوو، دەستەکانیان لە سەرمان و لە تەڕیدا ئەستور ببوو و شین ببوونەوە. قاچەکان لە دوولاوە بەلا پاڵووکەلەکەی ئەسپەکان، کە لێك دەخشان و تێك هەڵدەسوان، فشاریان بۆ هاتبوو. پێیەکانی سوڵتان مراد ژانیان دەکرد و دەیویست لە جێگایەکیان دانێ بەڵام جێ نەبوو. ئەو دەیزانی، کە ئاناتای و ئارکین بەگ لەدواوەی ئەودا دێن و ئەوان بە هەرسێکیان شەش گاسن لە

کاردەخەن و لەبەر ئەوە مافی ئەوەیان نییە لـە نیـوەی رۆژدا شـەش گاسـن، کـە زەویـەکانی ئەکسای دەکێڵن، راگرن. گرنگ ئەوە بوو

کە ئەسپەکان توانایان هەبوو و لەپەل پۆ نەدەکەوتن. وە لەبەر ئەوە ئەو لەبیر کردنەوەی لە مەڕ ئەسپەکانەوە باوەڕی ئەوهابوو:

(ئەی پەروەردەکانی قەمبەر ئاتا ددان بەخۆتاندابگرن پتر هاوشـانی یـەك کاربکـەن، خـۆ هەمو رۆژێك کار ئەوەندە دژوار نییە. بۆ پێشەوە، بۆ پێشەوە، نچ. نچ. ئەی پەروەردەکانی دەستی چلپائاتا دان بە خۆتاندا بگرن. ئەولاترێ، ئەها ئەو پێشەوانە کۆتـایی جووتەکەمانـە. ئێمە لەوێ دەسوورێینەوە و بۆ دواوە دەگەڕێینەوە. دان بەخۆتاندا بگرن و هەروا خێـرا بـڕۆن. من مافی ئەوەم نییە ئێوە لە گوشـاری هـەوجاڕ رزگاربکـەم. بـۆ ئـەم کـارە ئێمـە ئێوەمـان سەرتاسەری زستان ئامادەکردوە. چارەیێکی دیکە نییە. من ئێوە لە خـاکێکی نـەرم و سـفت لێدەخورم بۆ ئێوە گرانە بەڵام ڕێگایەکی دیکە نییە گەنم و جۆی تێدا وەدەست بـێ. چکیشـی پیر دەڵێ هەر ئەوها بووە و هەرواش دەبێ. ئەو دەڵی، هەر پارویێك نان ئارەقەی بـۆ رێـژراوە، هەر کەسێکی ئەمە نازانێ و هەرکەسێکی کاتێ، کە ئەو نانە دەخوا ئەم بیرە ناکاتەوە. نان بۆ ئێمە زۆر پێویستە. زۆر پێویست. هەر لەبەر ئەمەشە، کە ئێمە و ئێوە لێرەکانە، لە ئەکساین. چابدار تۆ برای منی. تۆ ئەسپی بن نیری منی. تۆ هەوجاڕە رادەکێشی و منیش سواری سـەر پشتی خۆت دەکەی. بمبەخشە، کە بەداردەستەکەم لێت دەدەم دەبێ ئەوها بکرێ. لێم مەڕەنجە چابدارەکەم. چونتورو تۆ لەلای راستدا رێدەکەی، بۆ تۆ لەهەموان ناخۆشـترە بـەڵام تـۆ دوای چابدار لەهەموان بەهێزتری. چونتور، چونتور، بەکبای بابم هەمیشە بەتۆیدا هەڵدەدا. بەبیرت دێ؟ بەراستی بەبیرت دێ، کە ئێمە پێکەوە چوینە شار... .

لەمێژە نامەی باوکم ناگا، ترسناکە، ئەی ئەسپەکان ئێوە لەوە ناگـەن. کـاتێکی خـەڵکی لەجەنگ ماوەییێکی زۆر نامە نانووسن زۆر ترسناکە. دایکم لە خـەمان و لەترسـان بەتـەواوی لاواز بووە هەر چنگێك پێست وئیسقانی لێ ماوەتەوە. کاتێـك بـۆ بـاوکی ئاناتـای دەگریـان ئینکەمال ئاپای و دایکم لەهەموان بە کۆلتر دەگریان. ئەوان شتێك دەزانن... (نچ... نچ)[٢٨] چونتور و! هێز بدە بەرخۆت. ئاهای تۆ، کلك سپی، تۆش برای منی تۆ و چابدار ئەسپی مـام ناوەندین. تۆ ئەسپێکی جوانی تۆ کلکێکی سپی و نـا ئاسـاییت هەیـە. بـەڵام تـۆش خـۆت

---

(٢٨) نچ نچ: رەنگە ئەو دەنگە بێ، کە بۆ لێخورینی ئەسپ بەکاردەهێنرێ.

بەدەست هیلاکیەوە مەدە و ورەت بەرمەدە. من ڕێگات پێنادەم ماندوو بی، کلک سپی. شەرمەزارم مەکە. ئاهای ئەسپە شیّ ی برام! تۆ ئەسپێکی سادە و ڕەسەنی. کاتیّ، کە من تۆم لەگەڵ چوار ئەسپەکەم هەڵبژارد، زۆرم ئومێد پێت بوو. تۆ کاردۆستی و خولّقت هێمنە. من زۆر ڕێزیشم بۆ تۆ هەیە. تۆ لە کەنار و ڕۆخی ڕێدا دەڕۆی و هەمیشە لەبەرچاوی. لەدەرەوە، کە تەماشا دەکەن لەرووی تۆدا لەبارەی هەموومانەوە داوەری دەنوێنن ئەسپەشیّ، برایەکەم، منیش ناترەنجێنم. تۆ تەنیا ڕاکێشە، ڕاکێشە و من گفتت پێدەدەم کاتێك ئێمە جووتمان کرد و تۆمان کرد و لەئەکسای تەواو بووین، هەر، کە گەڕاینەوە ئائیل تۆ وەك ئێستا لە ڕۆخ ڕێگادا دەڕۆی تا هەمویان بتبینن و ئێمە بەبەردەمی مالّی میرزاگولّ دا تێدەپەڕین و کاتێك ئەو رادەکاتە سەرجادە یەکسەر تۆ دەبینیّ، ئەسپە شێیەکەم، براکەی من. من نەمتوانی بەر لە هاتنم بۆ ئەکسای ئەو ببینم. دەسمالّەکەیم هەمودەم لە کنە. من دەسمالّەکەم لە بەفرو باران شاردبۆوە. من هەمیشە لە مەڕ میرزاگولّەوە بیردەکەمەوە. من ناتوانم بیری لێنەکەمەوە. ئەگەر من بیر لەو نەکەمەوە، هەمووشتێك بۆم پوچ و بیّ مانا دەبیّ و بۆ من ژیان شتێکی خۆش نابیّ... . نچ، نچ، پەروەردەکانی دەستی قەمبەر ئاتا، پتر هاوشانی یەك کاربکەن. بۆ پێشەوە، بۆ پێشەوە، نچ، نچ، بەفر هەر وەك خۆی دەباریّ و هەر دەباریّ! چ بەفرێکی پڕ ئاوە. ئێمە هەموومان سەرتاپامان ئاوی لێدەتکێتەوە. باشدەبوو ئەگەر پیرەژن عەقلی دەیبڕی کایەکەی بەجلەکان دادەپۆشی. ئەگەر هۆشی پێدانەشکیّ کایەکە تەڕ دەبیّ و لە نێو دەچیّ. ئەوکاتە بەئێوە دوازدە سەر ئەسپ چیتان بدەینیّ بیخۆن؟ پێویست بوو بەر لە بەرێکەوتنمان بگوتبا، لەبیرم چو، لەو باوەرە دانەبووم بەفر بباریّ. ئەو پیرەژنێکی سەیرە. چاوەکانی پڕ لە تەماح و چاوچنۆکیە. هەر بەئەسپەکانماندا هەلّدەلّیّ و لە تەماشایان تێر نابیّ. دەلّیّ چ ئەسپێکی زۆر باش و بخۆرن. دوو ئەنگوست چەوری بە پالّوەکانیانەوەیە. لە زەمانی زو زو دا ئەمجۆرە ئەسپانەیان لە پرسەکاندا سەردەبڕی. لەو بۆنانە ئەوەندەی مەشکیان دەیگرت گۆشتیان دەخوارد. کاتێکی گۆشتی ئەسپیان لە مەنجەلێکی چل سەتلّیدا دەکولاند، چەوری-زادپ(لیقاوی چەوری داغی گۆشت ئەسپ)، کە ناوێکی سەیرە. ئەم(زارادپ)ە یان لەسەری مەنجەلەکە دەگرت و ئەسکویان لیّ پڕ دەکرد و بۆ نەخۆشانیان دەبرد. پیرەژن دەلّیّ نەخۆش بە خواردنی ئەم گۆشتاوە یەکسەر هەلّدەستێتەوە سەر پێیان. ئەم پیرەژنە چاو ودلّ برسیە هەر بیر لە چەورو چەوێلّی دەکاتەوە. چاو لە ئەسپەکان نەدا باشە! ! . ئاه وێلی، کە لەقوتابخانە پێیان دەگوتین، چاولێدان، درۆیە و قسەی بیّ بنەوانە. لێیگەریّ با بۆخۆی ورێنە بکا و هەر بلّیّ.

تەنیا خواردنەکەمان لەسەر وەخت بۆ ئامادەبکا. جێی سەرسوورمانە دوێنێ گۆشتی بزنە کێوی بۆ لێنابووین. بزنێکی لەڕ بوو بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زۆر باش بوو. گوتی): دوو راوچی سوارە لە کێوەکەوە هاتنە خوارێ. بەرەو رووناکایی چرای چادرەکە گەرانەوە و هاتن و بەشێك لە گۆشتی نێچیرەکەیان لێرە بەجێهێشت. زۆر سوپاس بۆ ئەو راوچیانە. دیارە لە داب و نەریت بەئاگان. دەیانەوێ جارێکی دیکەش راوی باش بکەن. لەبەر ئەمە، کە توشی کەسێك هاتون بەشیان داوە. ئەگەر ئەوان لەناو چیاوە هاتوونەتە خوارێ هەڵبەتە ئێمە یەکەمین کەسانێکین کە تووشیان هاتون. لەبەر ئەوە لەم ئاقارە کەسێکی دیکە نییە. لێرە هەرچەندەی لەو دەشت و کێوە ئەسپ تاودەی کەس نابینی. بەفر نەیدەبڕیەوە هەر دەباری. بەتەواوی لە پەلوپۆ کەوتین...)

ئەسپەکان وەستان، لە چوارپەل کەوتن... سوڵتان مراد لەم خوارەوە ڕاهات و بە زەحمەت خۆی لەسەر پێیە هەڵزەپەتاو و فشار خواردوەکانی خۆی راگرتبوو. وەك مەستان بەلا دادەهات هەوجاڕەکەی دورخستەوە. دڵی بەحالی ئەسپەکانی، کە لەبەر زۆر کارکردنیان شەلاڵی ئارەقەبوون، هەڵدەلەرزین و لە گوێچکەوە تا سمەکانیان تەڕ ببوون و زۆر بەزەحمەت و کفتیەوە هەناسەیان دەدا، سوتا و لە حەژمەت بەزەیی پێداهاتنەوەی دەستی بە نالە ناڵ کرد. بەفریش هەر وەك خۆی بێ پسانەوە دەباری و بەسەر پشت و مل و کەفەڵی ئەسپەکاندا دەتاواوە و هەڵمیان لێ هەڵدەستا و هەر دەباری و دەتاواوە. سوڵتان مراد کیسە سەنگین و تەڕەکەی لەسەر سەری لادا و فڕێی دا ئەولا و بەدەستە سڕبووەکانی. حەلقەی تسمەی هەوجاڕەکەی کردەوە و لەتوانای دانەما و دەستی بەگریان کرد و دەستی لەملی چاپدار کرد بەدەم گریانەوە لە ژێر لێوانەوە گوتی)بمبوورن، من ببوورن) لەسەر لێوەکانی هەستی بە تامی تاڵ و سوێری ئارەقەی ئەسپەکە کرد. دەنگی ئاناتای، کە لەسەر خەتەکانی جووتەکەوە نزیك دەبۆوە هاتە گوێ: هۆ، سوڵتان مراد ئەوە چیدەکەی؟

سوڵتان مراد لە وەڵامیدا هاواری کرد:

- ئەسپەکان بکەوە!

١٠- بەپێچەوانەوە بەیانی رۆژی دوایی هەوا روون و بێگەرد بوو. هیچ نیشانەیێکی خراپی باری ئاو وهەوای دوێنی نەمابوو. تەنیا شێ و تەڕی، فێنکیەکی بوژێن و سەرحال کەرەوەی هەبوو، زەوی رەنگێکی سورباوی هەبوو، بەفری سپی تازە لە سەرچیایان دەدیترا. تیشکی خۆری سەحەری لە پشت کێواندا دەخزی و لەگەڵ شەفەقێکی دڵخۆشکەردا، کە نیوەی ئاسمانی

داگرتبوو، مژدەی هاتنی بەهاری بەجیهان دەدا. تێکڕای ئەکسای پان و بەرین لەگەڵ تێکڕایی شەقاری خەتە جووتی دەشت و دامێنی چیاکان و بەرزی و نزمیەکانی خۆی لە مەودایێکی دور و زۆر دوردا دەدیترا. لەبەر رووناکی و روونی هەوا زنجیرە چیا گەورەکانی ماناس، کە ئەوان لە داوێنیدا لە دایك ببوون و گەورە ببوون، دەهاتە بەر چاوان و دیار بوو، کە وەختی شەو داهاتن نزیکتر بووە. هەرچەندە، کە جێی باورکردن نییە بەڵام ئەو شەوە چیاکان لە ئەکسای بەرەو لای ئەوان هەنگاویان هەلێنابوو، تا جووتێران، کە بەیانی لەخەو هەڵسان شێت و شەیدای گەورەیی و پرشکۆیی، جوانی و توانای ئەوان بن. گزنگانێکی شکۆداربوو. ئەوان بەشێنەیی بۆ کارەکەیان خۆیان ئامادە کرد و چاوەڕێ بوون تا بایەك لەزەوی دا و نەختێ کزر بێ. لەو ماوەدا ئەسپەکانیان رنییەوە، ئەسپاپی ئەسپەکانیان بەرێکی ئامادەکرد و جۆی نم کێشاویان وشك کردەوە. هەتاو بەخێرایی گەرمی کرد. ئەوساکە بەرەو هەوجارەکان چون. گاسنەکان لەسەر خەتەکانی دوێنێدا گیرسابوونەوە. بە هەرسێکیان رایانکێشان و پاکیان کردنەوە و رۆنیان لە چەرخەکانیاندا (١) پاشدان ئەسپ و گاسنەکانیان لێك بەست و بەگوێرەی حسێبێکی کردبوویان دەبووایە تا شەو جووتەکەیان تەواو بکەن و لە سبەینێ بەیانییەوە دەست بەکێلانی پارچە زەویەکی نوێ بکەن. (١) من قەت نەمبیستوە هەوجار چەرخی هەبووبێ، بەڵام دەبێ ئەمە جۆرێکی تایبەت بە خەڵك و نەتەوەیێکی دوربێ، کە ئێمە نەمان دیتبێ.

کار بە باشی دەچوەپێش. ئەسپەکان کەشەو حەسابوونەوە و بەیانی خزمەتیان کرابوو بە گوراح و چالاکیەوە کاریان دەکرد. بەکارەکە راهاتبوون و ئێستا ئەرکی خۆیان بەباشی ئەنجام دەدا. بەڵێ ئەوان بەکاری گران و هەوجار راکێشان خۆیان گرتبوو. بەڵام جووتی دوێنێ لەهەوا بەفرابنارەکە زەوی کێلگە کرز بۆوە و ئەو پارچە زەویانەی، کە لەگەڵ بەفر کێڵرا بوون لەژێر تیشکی هەتاو دا وەك کەستەکی گەورەی کزر بۆوە لەو ناوەدا دیار بوون. ئەمە مانای ئەوە بوو، کە زەوی (نەکێلراو) و(تێکچرژاو)، یعنی کێلانەکە زۆر باشی گرتبوو. ئەو رۆژە رۆژێکی باش و خۆش بوو. هەندێ رۆژی وا هەیە، کە هەموکارێك بەباشی بەدەستەوە دێ، ژیان بێ لەغایەت جوان وسادەیە. لەسەرانسەری زستان بێهورە زەحمەتیان نەکێشا و خۆئامادەکردنەکەیان بە فیڕۆ نەچو بوو بێهودە قوتابخانەیان بەجێنەهێشتبوو کە دەستەی ئەکسای کار دەکەن، هەوجارەکان لە کاردان. ئیمڕۆ دەبووایە ئەرگش و قوبادقولبێن. ئەوساکە پێنج هەوجار لەکاردا دەبوون، کە هەمووی دەکاتە دە خەتە جووت. ئەمە هێزێکە کە دەستەیەکی زەبروەشێنی بەراستی دێنێتە ئاراوە. لەدواییدا تۆو دەکەن. دواییش هەر ئەوە

دەما چاوەڕێ ی حاسلات و بەرهەم بکەن. گەنمە بەهارە لە لایەنی زۆری بەرهەمەوە لە گـەنمی پایزی بەدوا دەکەوێ و بەڵام لەباتی ئەمە بەتامترین نانی لێ دروست دەکرێ. کارەکان رێگای خۆیان دەگرنە بەر. باران دەبارێ. ناکرێ کاتێك، کە ئەوەندە کار دەکرێ باران نـەبارێ. بـاران هەر دەبارێ. تەنیا پێویستە، کە لەوێ لەبەرەی جەنگ خۆیان راگرن و هێزەکانمان هێرش بکەن تا ئەم گەنمە بە سەلامەتی و خۆشبەختی شین بێ و نانەکەی لە قورگدا گیر نـەبێ. ئـەوان بـەم پێیە لە کێڵگە دا دەڕۆیشتن. سوڵتان مراد لە پێشی پێشـەوە بـەدوای ئەویشـدا لـە مـاوەی دووسەد پێیەك ئاناتای و لەماوەی نیو کێلۆ مەترێك ئـارکین بـەگ لـە کـاردابوون. تادەهـات هەتاو گەرمتردادەهات و لەبەرچاویاندا سەوزایی و پووش و پەلاشی لەگەڵ توێژێکی تـەنك دا سەرانسەری دەشتەکانی داوێنی چیای دادەگرت. وەك ئەوەی ئەفسانەبێ. زەوی، کە گیـانێکی تازەی بەبەرداهاتبوو هەناسەییێکی شێداری دەدا. هەوجاڕو گاسنەکان لە زەویەکانی ئەکسـایدا دەجمان و سەر بارستی خەتە جووتی تازەیان لـەدوای خـۆدا بـەجێ دەهێشـت. کلاوکورەیـەك لەفڕکەی باڵیدا و دەنگی خوێندنەکەی لەو نزیکانەوە بوو و لە جێگاییێکی دیکەشەوە دانەیەکی دیکە خوێندی، لـەجێگاییێکی دیکەشـەوە دەنگـی یـەکێکی دیکـەش هـات. سـوڵتان مـراد زەردەخەیەکی گرت. بەرەزاییەوە دەخوێنن. نەماڵێك، نە بەرگ و نە سەرچڵێك شـك دەبـەن و لەودەشتە روتە بەهەر سەختیەك بێ دەژین و رازیشن. لەبەهار رازین، لەهەتاو رازیـن. ئـەدی دوێنێ لەکوێ بوون. چۆن لەگەل ئەو هەوا ناخۆشەدا هەڵیان کردوە؟ بەڵام ئەو هەوایـە تـەواو بەڕێمان کرد. بەهار چیدیکە دواناکەوێ. کـاریش هێشـتا زۆرە و ئەمـە تـەنیا سـەرەتایەتی. دەباشە. ئەمرۆ ئەرگش و قوباد قول دێن و ئەوساکە هەموو ئەندامانی دەستە بەهەمو هێزیان هەڵمەتی بۆ دەکەن. کارەکەمان رێگای خۆی دەگرێ و دەچێتە پێشی... .

سوڵتان مراد کاتێك هەوجارەکەی ئاراسـتەدەکرد سـوارێکی لەوبەریـەوە دیـت. ئـەو لـە ماوەییێکی دوری رۆخ جووت جارەکە دەڕۆیی و تەماشای جوتێرەکان دەکرد. رێگای بەرەو نـاو چیا بوو و تفەنگێکی لەشان و کلاوێکی کەوڵی تا بناگوێیان لەسـەر نـابوو. ئەسـپەکەی شـێ وئێسقان درشت بوو منداڵەکانی دیکەش ئەویان دیت و دەستیان بە بانگە بانگ کرد:

- هۆ هۆ راوچی وەرە بگەرێوە لای ئێمە!

بـەڵام راوچـیەکە وەڵامـی نەدانـەوە. ئـەو بـەبێ ئـەوەی نزیـك بێتـەوە لـە رۆخ زەویـە جووتکراوەکە دەرۆیشت و هەر تەماشای ئەوانی دەکرد. سوڵتان مراد لە پەیدابوونی ئەو سوارە

خۆشحاڵ بوو ئەسپەکانی وەستاند و کەسەر ڕکێبی ئەسپەکەوە هەڵسا سەرپێیان و بەرەو ئەوێ هاواری کرد:

- هۆ هۆ راوچیەکە بۆئەو و(شیرئەلگوەی)[٢٩] کە پێت دابووین سوپاس.

دەڵێم سوپاس بۆ گۆشتەکەتان!

بەڵام سوارەکە هەمدیس وەڵامی نەداوە. وەك ئەوەی نەگوێ ی لێ بووبێ و نە تێی گەیشتێ، کە باسەکە چیەو بەخێرایی لە پشت تەپەوگردەکانەوە لەچاواندا ون بوو. ئەمە مانای ئەوەیە، کە کاتی نییە و بۆ ئەو کارەی، کە لەبەری بوو پەلەی بوو.

نزیکەی دوایی نیو سعاتی دیکە راوچی دووەم پەیدا بوو. ئەویش روی بەرەو کێوان بوو و ئەویش تەیار بوو. بەڵام ئەو لەکۆتایی ئەولای دیکە بەرەولایێکی دیکەی کێڵگە دەڕۆیشت و وەك راوچیەکەی دیکە دووربەدوور تەماشای دەکردن و بەرەولای ئەوان دەیروانی و بەبێدەنگی رابورد و نەگەراوە و ماندونەبوونی لە جوتێرەکان نەکرد. لەکاتێکدا بە پێی ی عادەت رێبوار دەگەڕێنەوە و سلاْو لە جوتێر دەکەن ئاواتی کارو بەرهەمی باشی بۆ دەخوازن. چکیشی پیرەمێرد دەڵێ، خەڵکی گۆراون. رەنگە هەقی نەبێ. ئەو پیرەمێردێکی هۆشمەند و تێگەیشتووە. دوایی ورووژاوترین رووداو رویدا. بەر لەهەموان ئاناتای گوێ ی لێ بوو. ئافەرین! ئەمە ئەوبوو، کە بەهەموو هێزی هاواریکرد:

- قولێنگ! قولێنگ دەفڕن!

سولتان مراد سەیری ئاسمانی کرد ساف بوو. لەرادەبەدەر شین و تاچاو بڕوانێ بێکۆتایی بوو لەو ئاسماندا قولێنگ دەفڕین و ئارام و لەسەرخۆ باڵیان دەکوتاو جێگۆرکێیان دەکرد لەدورەوە دەنگی نێوان قولێنگەکان دەهات. پۆلێکی گەورە بوو. ئەوان زۆر بۆ پەڕەگەی ئاسمان هەڵکشابوون. بەڵام دیسانەوە ئاسمان زۆر بەرزتر بوو. ئاسمانی بێسنوور و پڕشکۆ. و پۆلە قولینگەکان وەك یەك دورگەی بچوك و زیندوو و لەم ئاسمانەوە بێ سەروبنەدا مەلەی دەکرد. سولتان مراد سەری بەرزکردبۆوە و تەماشای دەکرد. دوایی لە پڕێکدا بە خۆی هاتەوە و بەهەموو هێزی هاواری کرد:

- هورررا! قولێنگ قولێنگ!

---

(٢٩) شیرئەلگو: ئەو بەشە گۆشتەی راوچی دەیبەخشێ.

ئەوان هەرسێکیان بە جوانی قوڵینگەکانیان دەدیت. بەمەش وەم ئەوەی شتێکی گـرنگ و تازەی چاوەڕوان نەکراو بەیەك بڵێن بانگەوازیان دەکرد:

- قولنگن! قولنگن! قولینگ!

سولتان مراد بەبیری هاتەوە، کە زو پەیدابوونی قولنگان لە ئاسمان نیشـانەی خێـرە. ئـەو لەسەر زینەکە دانیشتبۆوە و هاواری بۆ ئاناتای کرد:

- قولنگی زو پەرەواز، پێشبینی خێرو خۆشیە! بەرهەم، حاسلات بەسـەرماندا دەبـارێ و باش دێتە بەرهەم. ئاناتای باش گوێ ی لێنەبوو:

- چی چی؟

- بەرهەم، بەرهەم گەلێ باش دەبێ.

ئاناتایش بەرەو کن ئارکین بەگ گەڕاوە و هاواری کردێ:

- بەرهەم. بەرهەم، فرەباش دەبێ.

ئەویش وەلامی داوە:

- گوێم لێبو، گوێم لێبو! بەرهەم خاس دەبێ.

قولنگەکان لە ئاسمـانی شـیندا دەفـڕین و دادەهـاتن. ئـەوان بـەبێ پەلـەکردن دەفـڕین و باڵەکانیان بە نەرمی و شێنەیی لێکدەدا و جاری وابوو بە پـۆل و جـاری وا هـەبوو تـاك تـاك دەفڕین، هەرهەمووی تێکرا قاوقاژیان بوو و بانگی یەکدیان دەکـرد و سـەر لـەنوێ هێمنـی و ئارامی دەکەوتەوە ناویان. لە هەواییێکی بێگەرد و ڕووندا ئـەو ڕۆژە، گـەردەنی درێـژکرد و و دەتگوت تاشراون و، دەنوکی باریك و پێیەکانیان، کـە هـی هەنـدێکیان نیـوە هەڵکێشـراو و هەندێکیان بەتەواوی بەخۆوە نووسێنرابوو، بەجوانی دەدیترا. جـاری وابـوو لـەکاتی فڕینیانـدا کۆتایی سپی شاپەڕەکانیان لەناو باڵەکانیاندا بەرچاو دەکەوت. لەدواییدا جووتێرەکان زانیـان، کە پۆلە قولنگەکە وابەرە بەرە بەرەو خوارەوە دادەکێشن. هەر قولنگ بـوو زێـتر دەنیشـنەوە سەر زەوی و وەك ئەوە وابوو ڕووداوێك ئـەوانی بـەرەو دامێنـی چـیا دوردەسـتەکانی دەبـرد. سولتان مراد لەژیانیدا قەت قولنگی لە نزیکەوە نەدیتبوو. ئەوان هەمیشـە لـە ئاسمانـدا وەك خەون و خەیاڵ و لەو پەڕەگەیدا دەفڕین.

سولتان مراد هاواری کرد:

- سـەیرکەن دەنیشـنەوە، دەنیشـنەوە! هەرسـێکیان بـەرەو ئـەو خـوارە رایـان کـرد هەوجاڕەکانیان بەجێهێشت و بەرەو ئەوێ، بەرەو ئەو شـوێنەی، کـە قولێنگـەکانی بـۆ نـەوی دەبوون ڕایان کرد.

خێرا، بەهەمو توانایان دەبەزین. دەیانویست لەنزیکەوە ببینن، کە قولنگەکان چۆنن؟ زۆر باش دەبوو. سولتان مراد زۆر بەباشی رای دەکرد. زەوی لـەژێر پێیـدا بـەرەو ئـەو دەهـات و ئەویش بە پێچەوانەی ئەوەوە رایدەکرد. کێوە پڕ لە بەفرەکانیش لەگەڵ زەوی بەرەو پـیری ئـەو دەهاتن و پۆلە قولنگەکەش بە چەرخەلە لەئاسماندا، لە ئاسمانێکدا، کە سـولتان مـراد چـاوی لێهەڵنەدەگرت بەرەوپیریەوە دەهات. لەتاو راکردن و خۆشیا، هەناسەی بەنـد دەبـوو. وە ئـەو لەکاتی راکردن بە خۆشیەوە، هەر لەگەڵ ئەوەی، کە رای دەکرد بەرەو قولنگەکان بیری کردەوە. ئەگەر پەڕ لە قولنگەکان بکەوێ ئەو دەیبینێتەوە و هەڵیدەگرێ و بەدیاری دەیداتە میرزاگوڵ. چیرۆکەکەشی وەك خۆی بۆ دەگێڕێتەوە. تەنیا دەبوایە بیانگاتێ و بیانبینێ. سولتان مراد هەر بەو شێوەی، کە لە گیانی خۆیدا هەستی بە پەیوەندییێکی خۆشی میرزاگوڵ دەکرد، رای دەکرد. ئەگەر دەیتوانی هەر ئێستا بەخۆی و پەڕە قولنگەوە بەرەو ئەو رایدەکرد، ڕێك و راست بەپەڕە قولنگەوە. . بەرەو ئەو. . . . .

١١- ئەوان رایاندەکرد بەبێ ئەوەی ئاگایان لێبێ چاوێکی بێ بەزە بەبێ ئەوەی پێڵوەکـانی بتروکێنێ ئەوانی کردبووە نیشانەی تفەنگ و لوولەی تفەنگەکەی لەسەر ئەم بۆ ئەویان دەبرد و ئینجا سێرەی لە سێیەم دادەگرت. ئەو چاوە پیسە پڕ لە نەفرەت و بێزارییە تەماشای دەکـرد، کە چۆن ئەو نەوجەوانانە لە بەرانبەری کونی سێرە بەرەو قولنگەکان رایان دەکرد. زەمـین لـەو کونەوە زۆر گەورە دیاربوو، بەڵام ئەوان زۆر بچکۆلە دیاربوون. ئاسمان بەرانبەری نیشانچیەکە بەسەر سەری منداڵەکانەوە زۆر گەورەو ئەوان لەبەرانبەری زۆر بچوك بوون. ئەگەر پەلا پیتکە پەنجەی پێوەنرابا ئەوان نابوت دەبوون. ئەم روداوەش دەکرا لەیەك چرکەدا رووبـدا. بـۆ ئـەوەی لەبەرانبەری سێرەکە بەدیار نەکەون تەنیا ئەوە بەس بوو پەنجە بەلاپیتکەوە بنرێ. ئەو کەسەی سێرەی دەگرت هەناسەی خۆی رادەگرت و دەیگوت:

- باشمان نیشانە لێداگرتن. ئێستا دەکـرێ هـەمویان لـەناو ببـەین، بـەجۆرێك نووزەیـان لەبەرەوە نەیـە. ئەویدیکـەیان کـەلغاوی ئەسـپەکانی بەدەسـتەوەبوو. ئەسـپەکانی بـردە نـاو چاڵاوێك، کە وەك کونە گورگ وابوو و لەژێر گردێکەوە بوو، گوتی:

- وێلی کە، دیارە شێت بووی. یاری وگاڵتە بەگوللە ناکرێ، لەخۆراییی نیشانە دادەگری.

کەسەکەی نیشانەی داگرتبوو بێدەنگ وقسە کاکیلەکان و شەویلاکی بەسەریەکدا فشار دەدا بەڵام لوولەی تفەنگەکەی هەر وەك خۆی راگرتبوو. ئەو کەسەی ئەسپەکانی گرتبوو وەك فەرماندەییێك فەرمانی داو گوتی:

- پێتدەڵێم سەرت دەرنەهێنی. لەراکردن بێزار دەبن و دەگەرێنەوە، کە پەیوەندییەکیان بەتۆوە نییە. زەلامەکە گوێ ی بەقسەی ئەو نەدا. بە درێژبوونەوە روومەتە نەتاشراوەکەی بە قۆنداغی تفەنگەکەوە نابوو لەکونی نیشانەکەوە بەلەزەتەوە، چاوەدێری منداڵە بێ ئاگاو خەیاڵەکانی دەکرد بە قاوقیژەوە بەدوای قولنگاندا هۆشیان لەدەست دابوو. مرۆڤ عەکسی دەیگرێ. هەر رادەکەن و پێدەکەنن! رادەکەن و پێدەکەنن! دڵیان خۆش بووە! بەسێ گوللە ئەوهام رادەخستن، کە جووڵەیان لەبەر ببڕێ. رادەکەن و پێدەکەنن! دیار نییە لەبەر چی ئەو سەگبابانە وا رادەکەن... .

جوتیارەکان ماوەییێکی زۆر رایان کرد، بەڵام ، کە گەیشتنە سەرگردەکە، دیتیان قولێنگەکان دیسان بەزر دەبنەوە، منداڵەکان لە تاوان ئاگریان گرتبوو. رەنگە هەر لەبەر ئەوەندە بووبێ، کە قولێنگەکان خەریك بوو بنیشنەوە؟

منداڵەکان وەستان و هەناسەیەکیان تازە کردەوە. شەکەت ببوون. سوڵتان مراد دیسانەوەش بۆ دورتر رایکرد و کاتێ وەستا، کە فرمێسك لەچاوانیدا قەتیس مابوو و قولێنگەکانی بەرێ دەکرد. دوایی ئەوان گەڕانەوە و سەرلەنوێ بە کێلانی زەویەکانی ئەکسای درێژەیان داوە. رۆژێکی زۆر خۆش بوو. دوای نیوەرۆ عارەبانەی کۆلخۆز بەبارەکاوە بۆ ئەسپەکان گەیشتە جێ. پەتاتە، گۆشت، ئارد و داروچیلکەی بۆ هێنابوون و بار بارەکە گوتی: چکیش سەردەستە ئاگاداری کردم، کە بەیانی خۆی و دوو هەوجاڕو ئارگش قوبادقول دێنە ئێرە و گوتی بەسوڵتان مراد و کوڕەکانی دیکەش بڵێ. مگێریان تێك نەجێ و تووڕە نەبن. بڕیاری داوە و بەیانی دەستەکەیان بەتەواوی کاردەکەن. ئەمە دەبێ ببێ و دوای دوو رۆژان تینعەلیۆف سەرۆکی کۆلخۆز دێتە لاتان. بار بەرەکە ئەم دەنگ و باسانەی هێنا. هەمویان پێکەوە فراوێنیان خوارد و کاتێك دەیانویست سەرلەنوێ بچنەوە سەر جووت، پیرەژن بە سوڵتان مرادی گوت، دەیەوێ بچێتەوە ئائیل و بەیانیش لەگەڵ چکیش دا بگەرێتەوە. گوتی، کە لەئائیل کاری پەلەی هەیە و دەبێ بۆ شوشتنی جل وبەرك سابون بێنێ. بۆ ئەوەی ئەوان بەبێ ئەو بەبرسێتی نەمێننەوە، نانی بۆ هەمو رۆژەکەیان و شۆرباویشی بۆ دروست کردون، تا ئەوان تەنیا گەرمی کەنەوە و بیخۆن. سوڵتان مراد لەگەڵ ئەوەشدا حەزی نەدەکرد بڕوا بەڵام

ناچاربوو رازی بێ. نەدەبوو چەند و چونی لەگەڵدا بکرێ یان ڕێگای لـێ بگـیرێ. جووتێرەکـان بەرەو گاسنەکانیان چونەوە. هەر هەمو رۆژەکە پڕژانە سەر کێڵانی زەویەکـە. سـەر لـەئێوارە گەڕانەوە. ئێستا هەتا چاوهەڵخەی کێڵگەیێکی گەورە ئامادە کرابـوو. ئەمـە یەکـەم کێڵگـە بوو. دەبووایە زەوییێکی زۆر بکێڵن. ئەمە سـەرەتابوو ئەمـەی دوایـی لـە پـاش ئـەوەوە دێ. بەرەبەری رۆژ لە زەردان دوا خەتیان کێلا. سەرەخەت و پەناو ئەو شوێنانەی، کە بـەجێمابوون کێلایانن و بەبێ خۆ دواخستن هەوجارەکانیان بۆ سەر ئەو زەویە نوێیە برد، کە دەبووایە بەیانی دەستی پێبکەن. تا ئەسپەکانیان کردەوە و بەسواری گەیشتنەوە خێوەتـەکانیان، هـەوا تاریـك داهات. لەناو چادرەکە کەس نەبوو. پیرەژنەکە ماوەیێك بـوو رۆیشـتبوو. گـرنگ نییـە. ئـەو بەیانی دەگەڕێتەوە. بەرۆژ ماندو و کفت بوون. لەسەرەخۆ کـەل و پەلـەکانیان لـە ئەسـپەکان کردەوە و بردنیانە ناو چادرەکە و هەرشتەیان لەسەر جێگا و شوێنی خـۆی دانـا. هـەر دوازدە ئەسپیش لە جێگای خۆیان، لەبەردەم کۆنە عارەبانە بێ چەرخەکە کە لە بـاتی ئـاخوڕ لەگـەڵ خۆیاندا هێنابوویان، بەسترانەوە و کاییێکی زۆریان بـۆ ئەسـپەکان لـەناو کۆنـە عارەبانەکـەدا روکردبوو و بڕیاریاندا بەیانی زوتر هەڵسن تا ئەسپەکان بڕننەوە و لـە ئارەقـەی وشـکەوە بـوو پاکیان کەنەوە. لەتاریکیدا دەست و چاوی خۆیان شوشت و ئاگریان لەناو چادرەکەدا کردەوە و لەبەر رووناکایی ئاگرەکە ئەو خواردنە ساردەیان خـوارد، چـونکە بـۆ گەرمکردنـەوەی هێـز و توانایان تێدا نەمابوو. راکشان، کە بنوون. سوڵتان مـراد لەهـەموان درەنگـتر نووسـت. ئـەو پێشی نووستنی جارێکی دیکە لە چارەکە هاتەدەرەوە و سەرێکی لە ئەسـپەکان خـوارکردەوە. ئەسپەکان ئارام و هێمن راوەستابون و دەم و قـەپۆزیان لـەنێو کـادابوون و وەك هـاران کـاو و وێنجەی وشکیان خرم خرم دەجوی و لەشەکەتیان پرمەیان دەکێشا. ئەوان لـەم بـەرو ئەوبـەری هەردولای عارەبانەکە یەك بەرانبەری یەکێ کپ و هێمن وەستابوون. لەهەر لایەی عارەبانەکە شەش سەر ئەسپ وەستابوون. لە هەواکە دەوەشاوە، کە بۆ خۆیان بـەئارامی بوەسـتن. مـانگ تەنیا هیلالێکی باریکی لێدەدیترا، کەوانێکی زۆر باریك.

سوڵتان مراد کەمێك رێ ی کرد. دیار نەبوو بۆچی ترس دایگرتبوو. ئەو نـاوە کەسـی لێ نەبوو، بێدەنگی مەرگ ئاسا. شەوی تاریك و بێ کۆتایی. ئەو کاتانەی سەر گەرمی کار دەبوو بۆی بەدەردەکەوت، کە ئاگای لەوە نییە، کە لەم جێگایەدا شـەوان لـە بیابانـدا بیابـانی دورە دەست دنیا چەندە ترسناکە. ئەو بەخێرایی گەڕاوە بۆ خێوەتەکە و لەجێگای خۆیدا دانیشـتەوە و دیسانەوەش ماوەیێك خەو نەیـدەبردەوە. ئـەو لەتاریکیەکـدا بەچـاوی کـراوەوە راکشـابوو.

لەبارەی زۆر شتانەوە بیری دەکردەوە و بابەتی جۆراوجۆری بەمێشکدا دەهات. لەناکاو خەمێك دایگرت و دڵی بۆ ماڵەوەیان تەنگ بوو. دەبێ دایکی بەبێ ئەو لە چ حاڵێکدا بێ. ئەوەی لێ روونبوو، کە خەبەری بابی نییەو ئەوە هیچ. ئەگەر نامەیێکی دەبوو ئیمڕۆ کابرای باربەر دەیهێنا و داوای مژدانەی لێدەکرد. هەرچی ویستبا دەیدایێ. بەڵام دەیتوانی چی بداتێ. ئەو، کە لێرە شتێکی نییە. گفتی نیو گونییە گەنمی پێدەدا. پایزان، کە لەکوڵخۆز گەنم دەدەن، ئەوساکە دەیدایە ئەو بەبیر خۆی هێناوە، کە چۆن حاجی مراد قسەی لێوەرگرت، کە ئەگەر باوکیان لە جەنگ بگەڕێتەوە لە ئێزگەکەی شەمەندەفەر بەرەو پیری دەچن و هەر دووکیان سواری چابدار دەبن و تاویدەدەن. لەبەر ئەوەی سوڵتان مراد برا گەورەیە لە پێشەوە و ئەویش لە پشتەوە دادەنیشێ و هەرکە دەگەنە باوکیان چابداری دەدەنە دەست و خۆشیان لەتەك ئەودا رادەکەن و دایکیان لەگەڵ خەڵکێکی زۆردا بەرەو پیریانەوە دین. سوڵتان مراد لە بەبیرهاتنەوەی ئەو شتانە دڵی توندبوو و ئاخێکی پڕ لەخەمی هەڵکیشا و بیری کردەوە. ئەگەر خۆشیەکی وا بیتە ئارا. چابدار لە هەوجارەکە دەکەمەوە و چوارناڵە بەدوای دا تاوی دەدەم و لەپاشدا سەد جار پتر کار دەکەم. دوایی ئەو لە تاریکیدا بەیادی ئەوەی، کە لەبەردەم بەردەبازەکەی سەر روبار چۆن گەیشتە میرزاگوڵ و پێکەنی. هەتا لەو کاتەیشدا ئەو بەگرتنی دەستی و کەچۆن دەستی لەناو دەستی ئەودا بوو گوتی(من خۆشحاڵم! من زۆر خۆشحاڵم! مەگەر تۆ نازانی، کە چەندە خۆشحاڵم و چەندە خۆشحاڵم!). وە لەوەی، کە ئەو لەو کاتدا چۆن لە بوونی میرزاگوڵدا خۆی ناسی و چەندە بە کەف و کوڵ و جۆشی هێناو چەندە لەو بارەوە خۆشحاڵ بوو، کە میرزاگوڵ، خودی ئەوە، بەڵێ هەموو ئەمانەی هەستپێکرد. هەرگیز نابێ ئێستا میرزاگوڵ نەخەوتبێ. رەنگیشە، کە لەم چرکەیەدا بیر لەو بکاتەوە. ئاخر میرزاگوڵ و ئەو یەکێکن، سوڵتان مراد دەستێکی بە دەسماڵەکەی ئەو داهێنا، کە لە باخەڵی بچوکی چاکەتە سەربازیەکەی دابوو و نەوازشی کرد و نازی کێشا... بەمجۆرە سوڵتان مراد بەرەبەرە خەو بردیەوە. چووە خەوێکی قووڵەوە. دوایی خەونێکی قۆڕی دیت. لەخەونیدا کەسێك ئەوی خنکاند و دەستەکانی شەتەك دەدا و یەکسەر بەئاگا هاتەوە و هێشتا نەگەیشتبوە ئەوەی لە ترسان هاوار بکا، کە دەستێکی گەورە و گرانی و شەقارشەقاری، کە بۆنی توتنی دەدا لەسەردەمی دانرا و کەسێك، کە سیخە سیخی سینگی دەهاتە گوێ و بۆنی جگەرەی لە دەمەوە دەهات، لە بن گوێ ی ئەو دا گوتی:

- بێدەنگ بە، ئەگەر دەتەوێ بژی! . ئەو بە فشارەوە دەمی سوڵتان مرادی کردەوە و بەدەستێکی ئاسنینیش شەویلاکەکانی تا بن کاکیلەکانی لێك کردبۆوە بەجۆرێکی وا ژان و دەردی

پێگەیاندبوو. دەمی بە پارچە پەڕۆییێکی کۆن ئاخنی بوو، تا سولّتان مراد ویستی بەئاگابێ و بزانێ چ باسە و ئەوە چیە روودەدا، دەستەکانی لەپشتەوە بە پەتکێك بەسترابۆوە. ئارەقەییێکی دەرکرد و هەموگیانی کەوتە لەرزین. ئەم دوو کەسەی ناو چادرەکە کێن و بۆچی ئەویان بەستۆتەوە؟

یەکێك لەوان بەیەکێکی دیکەی گوت:

- ئەمە تەواو. دەست بە ئەوانی دیکە بکەین.

ئەوان لە تاریکیدا بەرەو ئەو جێیە چون، کە ئاناتای لێ نووستبوو. ئاناتای دەنگێکی لێوەهات و کەوتە جولە و تەکانان، بەلاّم ئەویشیان قۆلّ بەست کرد. بەلاّم ئارکین بەگ وەك زەبرێکیان بەسەری دادا بێ، چونکە نالەییێکی لەبەرەوە هات و کپ بۆوە. سولّتان مراد هێشتا نەیدەتوانی لەوە بگا، کە مەسەلەکە چیە. خەریك بوو پارچە کۆنە قوماشەکەی ناو دەمی ئەنجن ئەنجن دەکرد. هەناسەی تەنگ ببوو. دەستەکانی لەژێر فشاری کندرەکە[1]دا بوو. نێو خێوەتەکە تاریك و تنۆك بوو. ئەوانە کێن. بۆچی ئەوانە هاتونەتە ئێرە. بۆچی ئەوها بەم شێوە لەگەلّ ئەواندا جولاونەتەوە، چیان لێیان دەوێ. رەنگە بیانەوێ بیانکوژن، بەلاّم لەبەرچی؟ سولّتان مراد دەستی بە خۆ راوەشاندن و جوولّە جوولّ کرد، ئەو کاتە یەکێك لەو پیاوانە بە ئەژنۆی فشاری خستە سەر ئەو بە ئەنگوستە تۆکمە و ئاسنینەکانی خۆی مستێکی بەسەری دادا و لە سەرخۆ و بەئاشکرا ووتی:

- بیبڕەوە، تەکان مەدە. گوێت لێیە یان نا؟ دەلّێ ی تۆ لێرە هەموو کارێکت بەدەستە. ئێمە دەستی ئێوەمان بەستۆتەوە لەبەر ئەوە ئێوە بەرپرسی هیچ نین، تێگەیشتی؟

ئەو بەدەم ئەم قسانەوە جارێك ئەوهای دەگوت و جارێکی دیکە نینۆکە ئاسنینەکانی بەسەریدا دەکێشا و دەیگوت:- بۆ خۆتان عاقل بن- هەمووشت تەواو دەبێ.، کە بەدواتاندا دێن. هەمووی هەر وەك خۆی بگێڕنەوە. پەیوەندیی بە ئێوەوە نابێ. بەلاّم ئەگەر کەسێك لە ئێوە بیەوێ شتێك بکا وەك تولە سەگ دەیتۆپێنم، بێدەنگ بن! بە بێدەنگی درێژ بن، نامرن.

ئەوان بە لرخەلرخەوە هەناسەیان دەدا و جوێنیان دەدا و ئاخ و ئۆفیان هەلّدەکێشا و تفیان دەکرد و لە خێوەتەکە چوونەدەرێ. سولّتان مراد گوێی لێبوو، کە ئەوان لەلای ئەسپەکاندا خەریکی کارێکن. ئەسپەکان ڕەوی بوونەوە و چوارپەلیان بەزەویدا دەکوتا و فڕەفڕی کونە لوت و قەپۆزیان دەهات. دوای کەمێك ڕمبەی سمەکانیان و زەبری داردەست هاتە بەرگوێ کەوت، دیسانەوە جوێنێکیان داو رمبەی سمی ئەسپەکان کەم کەم و بەخێرایی تەواو کپ بۆوە. تەنیا ئەو وەختە

---

(١) کندڕ: کوریس، شریت

سولّتان مراد ئاگادار بۆوه و هەموو شتێك رووی دابوو، و بەدەرکەوت، ئەسپ دزەکان هەموو ئەسپەکانی جووت و کێڵی ئەوانیان بردبوو. خەم و تووڕەیی گیانی ئەوی تێك قوپاندبۆوه. سولّتان مراد بە خۆ راتەکاندن و خۆ راپسکاندن هەوڵی دەدا دەستەکانی ئازاد بکاو بیانکاتەوه. بەلاّم هەوڵەکانی بێ ئەنجام بوون و بەدەم هەناسە گیرانەوه دەستی بە سووراندنی سەری و هێنانە دەرەوەی پارچە کۆنە قوماشەکەی ناو دەمی کرد، دەمی دەچوزاوه، خوێنی لێدەهات و لەتاو فشاری تێئاخنینی پارچەکە ژانی دەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا سەرەنجام توانی پارچەکە لە دەمی فرێداتە دەرەوه. وەك ئەوه بوو گیانی ئازادبێ. سەری گێژی دەخوارد بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا توانیی کەمێك سەری خۆی لەسەر زەوی بەرزکاتەوه و هاوار بکا:

- کوڕینە ئەمە منم! ئەمە منم، منم قسە دەکەم.

بەلاّم کەس وەلاّمی نەداوه. ئەو گوێ ی لێبوو، کە ئاناتای و ئارگین بەگ لە جێگای خۆی تەکان لەسەر تەکان دەدەن. ئەوجا گوتی:

- کوڕینە نەترسن. من ئێستا، من ئێستا بیرێك دەکەمەوه، تەنیا ئێوه گوێم لێ ڕاگرن. ئاناتای، تەکاندە، تۆ لەکوێ ی؟

ئاناتای لە حالێکدا لە جێگای خۆی بەرزە پێ بوو- منگە منگێکی کرد و کەوتەوه.

- ئاناتای سەبرت بێ! لە جێ ی خۆت بە! سولّتان مراد بەسەر جل و بەرگ و جلی ئەسپەکاندا بەرەو ئەو خزی:- ئێستا درێژ بەو پشتت لە من کە.

گوێت لێیە، دەڵێم پشتت لە من کە.

ئێستا ئەوان پشت بە پشتی یەك درێژببوون و سولّتان مراد بە پەلکوتان لە تەنافەکەی دەستی دۆستەکەی دەگەڕاو دەپشکنی. ئەو دەستووری بە ئاناتای دەدا چۆن درێژ بێ و بگەڕێتەوه و دەستی بەرگرێیەکان کەوت. سولّتان مراد هەر وەك ئاناتای ژێر دەکردەوه، کە لەژانی دەستەکانی دان بە خۆیدا بگرێ. پەنجەکانی بە ئالقەی تەنافەکە کەوت و رای کێشا و تەنافەکە شل بۆوه و لە دوایی ئەوەدا ئاناتای خۆی دەستەکانی لەناو کۆتی تەنافەکەدا دەرکێشا دەرەوه...

١٢- ئەسپ دزەکان بەکاوە خۆ لێیان دەخوڕی و ناوناو بە چوارناڵەو ناوناو بە کاوەخۆ دەرۆیشتن. لە تاریکیدا نەدەکرا زیاد تاو بدرێ. پێویستیشی نەدەکرد. چ پێویستی بەوە بوو سەریان بەشکان بچێ. کاریان باش و تەواو سەری گرتبوو. تازە لە دەست کێ رابکەن؟ لە چەند منداڵێك؟ لەم دەوروبەرە تا سەد کیلۆ مەتریش بە چواردەوردا باڵندەشی پێدا نافڕێ. منداڵەکانیش، کە

دەستیان بەستراوەتەوە و تەنیا بە دووکونە لووتیان لرخەلرخێك دەکەن. دەبێ بەو چارەنووسەیان شکور بن، کە هەر بەوەندە تەواو بووە... . .

ئەوان چوار ئەسپیان لەگەڵ خۆیاندا رفاندوە و بە حسێبی خۆیان هەریەکەیان جووتێکی پێدەچێ نەك زیاتر. خوابکا و ئەمەیان بۆ قوت بچێ و لەگەروویان گیر نەبێ... . رێگاییێکی دورودرێژی دور لە ئاوە دانیان لە پێشدابوو. تا دەوروبەری تاشکەند سێ رۆژە رێ دەبوو. دەبێ لەوێش وێوەتر بڕۆن. ئێستا تەنیا پێویستی بەوە دەکرد، کە بگەنە مەبەست. کارەکانی دیکەشی هەر وەك ئاو خواردنەوە وایە. لە بازاری تاشکەند گۆشت کێلۆ کێلۆ هەر گەرماو گەرم لە هەوا دەقۆزنەوە. لەوێ خەڵك هی مامەڵە و کڕین و فرۆشتنن. ئەمەیان کاری ئەوانە. زو ساغی کەنەوە. بەرانبەر سێ ئەسپی زۆر باش، کە گۆشتی ئەوان بەزێر هەڵدەکێشرێ و چ پارەییێکی ئەستور لە گیرفانمان دەنێین. بەڵام پارەکان چۆن هەڵگرین و لەگەڵ خۆماندا بیبەین؟ ئەمە خۆی لە خۆیدا پرسیارێکە. گاڵتە نییە. چی لەو هەمو پارە بکەین! بەراستی پارویێکی چەورمان دەستکەوت. ئێستا دەبێ بەخێرایی کاری ببینین. ئەوساکێ دەتوانێ بماندۆزێتەوە. مەگەر با لە سارادا دەگیرێ. پووڵ و پارە هەبێ، گۆڕ غەریب بوون گرفتێك نییە. کاتی خۆیەتی، دەمێکە وەختی هاتوە، کە تا نەگیراوین لێرەوە بدەینە کەندو کەلێنێك. بمانگرن دیارە جێگامان کێیە و دەماندەنە دادگای بیابانی. بەڵام هەڵە دەکەن! پول و پارە هەبێ ژیان هەیە. بێجگە لە تاشکەندیش چەند شارو جێگای دیکە هەیە... . .

لە خۆڕانییە دەڵێن هەر کەسە چارەنووس و ئەستێرەییێکی بەختی خۆی هەیە. بە تەواوی حاڵ وبارمان تێکچوە. ئەوەندەی لەو سەرماوسۆڵەی ناو چیاياندا بە دوای راوی بزنە کێوییێکی مرداردا رابکەین، تازە لەم وەرزە نێچیر گۆشتی هەر هەمووی رەگ و پێگە، جیڕە و لە جوین نایە. جگە لەویش فیشەکیشمان روو لە تەواو بووندا بوو. نەماندەتوانی زۆر سەراندووی نێچیر بنێین. بەڵام لێرە کێ دەیتوانی ئەوەی بە بیردابێ. ئەو منداڵانە بە خۆو هەوجارەکانیانەوە وەك ئەوەی لە ئاسمانەوە هاتبن. خوا خۆی ناردونی! خواییێك هەیە. لەو سەری سەرەوانەوەیە و رزق و بژێوی هەر کەسێکی دابەش ودیارکردوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەسپەکانمان لە لایەکی عارەبانەکە کردەوە و هەڵمان نەبژاردن و هێنامانن. بەڵام هەمویان بژاردەن. لەسەر پەراسوو و دندەکانیان بەئەستووری دوو ئەنگوست چەوری و بەزیان پێوەیە. لەم کاتەدا لەسەر تا سەری جیهاندا لە وێنەیان پەیدا نابێ. گۆشتیان ناسك و بەتامە،، کە گۆشتەکەیان کولا مرۆڤ حەز دەکا پەنجەکانی پێوە بخوا. خواهەیە. خوای ئاسمانان هەیە. خۆی نێچیرەکەی بە نسیبی ئێمە کرد. خۆیشی مەیلی لەسەر ئەوەبوو، کە لە کارەکەماندا سەرکەوین. ئەوان بە بێ پەلەکردن دوور دەکەوتنەوە. پێویستی بەوە نەدەکرد، کە لە

کێشی ئەسپەکان کەم بێتەوە. قەسابەکانی بازاڕی گەورەی تاشکەند ئەسپی وایان لە خەونیشدا نەدیتوە. دەبا ئەم رەزیل و پیسکانە پارەیێکی باشی بژمێرن تا شتێکی باشیان وەگیرکەوێ. ئەوانە، ئەو ژیکەلانە هەر چواریانی جلەوی چەرمی باشیان هەیە. ئەم جلەوانەیان پێشتر بۆ ئامادەکردبوون. غار دەدەن و دەپڕمێنن. ئەگەر دەیانزانی بەرەو کوێیان دەبەن! ... پێشتر بیریان لە شێوەی بردنی ئەسپەکانیشیان کردۆتەوە. ناکرێ ئەوان بەڕەوە برفێنرێن. بەم لاوئەولادا بەرەلادەبن و ڕادەکەن. یەکێك لە ناوەڕاستدا لەسەر زین بوو جلەوی درێژی ئەسپەکانی، کە دوانیان لەلای راست و دوانیان لە لای چەپدابوون، بەدەستەوە بوون. شریکەکەیشی بە سواری ئەسپێکی(شێ)وە لە دواوەی دەڕۆیشت و بە قامچیەوە لە ئەسپەکانی رادەخوڕی تا دوانەکەون. تەنیا هەر بەم شێوە. بە پەلە و نەلەسەرخۆ هەموو کارێك پێویستی بە مێشك و هۆشە، هۆش... . .

١٣- چابدار لە جێگاکەی خۆیدا وەستابوو. سولتان مراد لە چادرەکە دەرپەڕیە دەرێ و خۆی هەلدا سەر چابدار و سەری وەرسووراند و نەڕاندی:

- ئاناتای تاودە بەرو ئائیل! دوامەکەوە! هەر بەچوارنالە! دەنگی خەلکەکە بدە! من بەدوای ئەوان دەکەوم. دەیانگەمەوە. تەنیا تۆ خێراکە! تۆ ئاکین بەگ لێرە بمێنەوە و یەك هەنگاو لێرە دوور مەکەوە. تێگەیشتی؟ ئاناتای ئەسپەکە تاودە. توند تاوی دە! سولتان مراد بەو ئاراستەی، کە رمبەی سمی ئەسپە دزراوەکانی لێوە بەرگوێ کەوتبوو، بەسواری چابدارەوە تاوی سەند.

بۆ پێشەوە! چابدار براکەی من، بۆ پێشەوە! پێیان بگەوە، بەوان بگەوە. من ناپەڕم و ناگلێم، مەترسە. خێراتر، خێراتر چابدار. ئەگەر بکوژرێین ئەوا پێکەوە دەکوژرێین. تۆ توندتر وەك با غاردە دوایان. من دەزانم تاریکە. ترسناکە. بۆ تۆش ترسناکە. لەگەل ئەمشدا هەر خێرا خێراو خێراتر بال بگرە. ئەوان لە کوێن. لەو پێشەوانە چی بەرچاوکەوت، دەجوولێنەوە. تەنیا لە دەستمان دەرنەچن. خێراتر، چابدار خێراتر... . نەگلێی، نەکەوی... . .

١٤- یەکێك لە دزەکان هەرکە دەنگی سمی ئەسپێکی بەتاوی لە پشت خۆیەوە بیست بەترس و لەرزەوە هاواری کرد:

- بەدوامان کەوتون!

ئەوان ئەسپەکانیان پتر تاوداو رۆیشتن. ئێستا کاتی ئەوە نەبوو لەسەر خۆ برۆن. ئێستا هەرچی دەبێ بابێ خۆشبەختی بێ یان بەدبەختی. ئێستا دەبێ راکەین و ئاوڕ بۆ دواوە نەدەینەوە. دزەکەی پێشەوە جلەوی ئەسپەکانی زێتر لەناو دەستی خۆیدا کۆکردەوە و لەسەر زینەکە کەمێك خۆی کوڕ کردەوە. دزەکەی دواوە بەدەم قامچی وەشاندنەوە بە هەموو هێزی ئەسپەکانی لێدەخوڕی و پەلەی

لێدەکردن. لە دەنگی ئەو هەموو ئەسپە، زەوی دەلەرزیەوە. با بەبناگوێیاندا دەیفیکاند. شەو وەك رووبارێکی رەش و خرۆشاو بەخوڕ بەرەو رووی ئەو دەهات. سولتان مراد، کە دەم بە دەم لە دزەکان نزیکتر دەبۆوە و هاواری لێ دەکردن:

- راوەستن، ناهێڵم راکەن، راوەستن!

بەڵام دەنگی ئەو لەناو ڕمبەوزرمەی پێ لە ئەندازەی چوارناڵەی ئەسپەکاندا پچڕپچڕ دەهاتە گوێ.

چابدار! چابداری مەزن! ئەسپەکەی باوکم، چابدار. عەجایب دەڕۆیشت رێك وەك ئەوەی تێدەگەیشت، کە ناتوانێ سەرادویان نەنێ و نەیانگاتەوە و ناتوانێ و مافی ئەوەی نییە لەم غارە بەتاو وترسناکە لە ئەکسای لە جەرگەی شەودا رەتێك بباو بکەوێ. سولتان مراد بە خێرایی گەیشتەوە ئەوان و شان بەشانی ئەوان و لەکەنارياندا دەڕۆیشت. بۆ ئەوان بەخۆو ئەسپە دزراوەکانەوە، راکردن هێندە ئاسان نەبوو.

سولتان مراد هاواریکرد:

- ئەسپەکانمان بدەنەوە! بماندەنەوە! ئێمە جووتیان پێدەکەین!

پاش دزەکە لەبای غاری ئەسپەکەوە سەری ئەسپەکەی وەرچەرخاندەوەو هەڵمەتی بردە سەر سولتان مراد و دەیویست لەسەر ئەسپەکەیەوە بیگلێنێ بەڵام سولتان مراد وێوەتر چو، ئافەرین چابدار، ئافەرین! سولتان مراد لە پاش دزەکەی بەدوای کەوتبوو دور دەکەوتەوە. بۆ پێشەوە تاوی داو لە لاتەنیشتەوە گەیشتەوە ئەسپەکان و دەستی بە تەنگپێ هەڵچنینان کرد تا پێش دزەکە ناچار بێ بسوورێتەوە. ئەو هاواری دەکرد:

- برۆ دواوە، برۆ دواوە.

پێش دزەکە بەدەم وەرگێڕانەوەی ئاراستەی ئەسپەکان هاواریکرد:

- برۆ، دەنا دەتکوژم: بەڵام سولتان مراد سەرلەنوێ پێشی گرتەوە و سەرلەنوێ تەنگی بە ئەسپەکان داوە تا نەهێڵێ بەرەو پێشەوە غار بدەن. ئەوان بەم پێیە تاویان دەداو هەمووجارێك پاش دزەکە سولتان مرادی دووردەخستەوە و ئەویش هەمو جارێ لەلاییێکی دیکەوە رێگای رفاندنی ئەسپەکانی دەگرت. لەنکاو تەقەی تفەنگێك هات. سولتان مراد ئەو دەنگەی گوێ لێنەبوو و تەنیا گڕێکی درەوشاوەی دیت و لە یەك چرکەدا ئاسمانی پان و بەرینی ئەکسای و دەستەیەك ئەسپی رەش و کۆمەڵێك مرۆڤ لەکەناری ئەودا تاویان سەندبوو، لەبەر چاویدا بەدیارکەوتن. سولتان مراد لەسەر ئەسپەکەوە بەرەو لاییێك پەڕی و گەوزا، لە خزینی بەسەر بەردێك هەستی بە چووزانەوە دەکرد و

پەڕی و وەستاو یەکسەر زانی، کە ئەسپەکەی هەروا پەڕینێکی ئاسایی نەکەوتووە. ئەسپەکەی لە حاڵێکدا کەوتبووە سەر لاتەنیشت، لە قەوەژەنی بوو سەری بەزەویدا دەکوتا و نائومێدانە هەر چوار پەلی رادەوەشاند. رێك وەك ئەوەی دەیویست لە جێگای خۆی راپەڕێ و پەل بە غارەوە بنێتەوە. سوڵتان مراد بەو جۆرەی لەناو دەردو خەمدا بە دەنگی بەرز هاواری کرد، بەبێ ئەوەی خۆشی بزانێ، کە چی دەکا و سەرادووی ئەسپ دزەکانی نا:

- راوەستە! ناهێڵم دەرچن! دەتانگرم! چابدارتان کوشت. چابدار ئەسپەکەی باوکم! ئەو بۆ خۆی بەبێ ئاگا رای دەکرد. ئەو بە رق و تووڕەییەوە رای دەکرد. ئەو بەدوای ئەواندا رای دەکرد و رای دەکرد وەك ئەوەی دەیتوانی بیانگاتەوەو بیانگرێ و بیانهێنێتەوە. ئەسپ دزەکان بە خۆیان وماڵی دزیاریەوە و دور دەکەوتنەوە. سمی ئەسپەکان لە تاریکیدا بەر زەوی دەکەوتن، ئەوان تا دەهات هەر دور دەکەوتنەوە و بەڵام ئەو نەیدەتوانی و نەیدەویست لەگەڵ ئەم بابەتەدا بسازێ و هەر هەوڵیدەدا خۆی بگەیەنێتەوە ئەوان. ئەو رای دەکرد و وای هەست دەکرد ئاگری تێبەربووە. لەهەموو گیانی و بەتایبەتی لە دەم و چاو و دەستەکانی، کە پێستەکەی داڕووشابوو خوێنیان لێدەهات و هەستی بە ژان و چووزانەوەیان دەکرد. هەر چەندەی ئەو بەتاو و گورتر رای دەکرد ئەوەندەش دەم و چاو و دەستەکانی بە جۆرێکی لە توانا بەدەر دەسووتاوە. ئەو لە دواییدا کەوت و لەسەر زەوی گەوزی دا و لە حاڵێکدا قوڕگی دەگیرا هەوڵی دەدا بەسەر هەناسە سواریەکەیدا زاڵ بێ. ئەو نەیدەزانی دەم و چاو و دەستەکانی، کە زۆر ژانیان دەکرد چ لێبکا. ئەو لەوشەوو ئەو روونـاکیی ئاگرەی کە لەبەر چاویدا بەدیار کەوت، هەستی بە تووڕەیی و نەفرەتێکی زۆر دەکرد، گرژی و داچڵەکین سەرتاپای داگرت. ئەو هاواری دەکرد و دەیناڵاند. ئەو گوێ ی لێبوو رەنگی سمی ئەسپەکان پێ بە پێ دوور دەکەوتەوە و کپ دەبۆوە. زەوی هەرچەندەی زۆرتر کزتر و نادیار تر دەلەرزیەوە و ئەوەندە بێدەنگی باڵی بەسەر دەوروبەریدا کێشاو هەموو شتێك بەبێ جولە ماوە. ئەوساکە ئەو هەڵساو گەراوە دواوە و بەدەنگی بەرز و بەرزتر گریا. ئەو بە هیچ جۆرێك نەیدەتوانی خۆی هێمن کاتەوە و دڵی خۆی بداتەوە و لەو ئەکسایە چۆڵ و هۆڵەدا، لەو نیوە شەوەدا کەسێکیش نەبوو، کە دڵی بداتەوە. ئەو بەدەم گریانەوە بەبیری هاتەوە، کە حاجی مراد گفتی داوە کاتێك باوکیان لە جەنگ دەگەڕێتەوە ئەو لەگەڵ خۆیدا ببا. نا، ئێستا ئەو ناتوانێ بۆ پێشوازیی باوکیان، کە لەبەرەی جەنگ دەگەڕێتەوە بەسواری ئەسپی باوکی(چابدار) بەرەو ئێسگە بەتاو بچێ و ئێستا ئیدی نابێ لە ئەکسای ئەوەندەی، کە پێویستە گەنم بچێنرێ و، ئیدی ئەو رۆژە بەشکۆ و پڕ لەسەرمەستییە نایەتەوە، کە ئەوان هەوجاڕەکان بە گاسنی بریسکە داری خاك کێلاو و جووت کردووەوە بەدوای خۆیاندا راکێشن و

بگەڕێنەوە کێڵگەکانی ئەکسای. میرزاگوڵ نایەتە سەر شەقام و خۆشحاڵ بێ. میرزاگوڵ هاتنەوە ناو ئائیلی ئەو نابینێ و بەدیتنی دڵخۆش و بە کەیف و شاگەشکە نابێ... . هەر هەمو ئارەزوەکانی پێکا هاتبوون. سوڵتان مراد هەر لەبەر ئەوەش بوو دەگریا.

١٥- گورگ بەراکردنەوە بۆنی دەکرد، وە لە باوهەوادا باشتر بۆنی خوێنی تازەی دەکرد. زۆر بە خێرایی لەو جێگایە نزیك دەبۆوە، کە بۆنی ئەو عەترە توندەی لێوە دەهات. گورگێکی گەورەبوو. هەر چەندە، کە لە زستاندا ئەو پیرە دڕندە ملێکی ئەستوری بەرازانە، لەڕولاواز ببوو. ئەم گورگە زستان تا ئەوکاتەی لە ئەکسای مامزەکێوی هەبوون بە باشی گوزەراندبووی. ئێستا ئەو مامزانەی ئەکسای بە نیازی زاوزێ رویان لە بەردەلان و چەوەلانە گەورەکان کردوە. گورگە کەم تەمەنەکان بۆ راوی بزنەکێوی لاواز و داماو لە کوێرە رێگاکاندا، لە چیاکان ماونەتەوە و ئەم گورگە ناخۆشترین رۆژگار بە سەردەباو چاوەڕێ ی دۆزینەوەی مشکە خورماییێکە لەم زستانە هەر ئەوە پەیدا دەبێ. رۆژ دوای رۆژ و سعات دوای سعات چاوەڕێ دەبێ. بەم زوانە دەبێ مشکە خورما بۆ بەر هەتاو بخزێ. تەنیا ئەمە تاکە هیوای رزگار بوونی بوو. ئەو مشکانە چ ماوەییێکی دورودرێژ لە کون و لانە قوڵەکانیدا، کە کەس دەستی پێیان نەدەگەیشت، لێی درێژ ببوون و لێی وەرکەوتبوون! بۆ ئەم گورگە ژیان لە ئەکسای لەم رۆژانەدا چ برسێتی و خەفەتێکی بەدەمەوە بوو! گورگە هەستی بە تووڕەییەکی نادیار و خرۆش و جۆشێك دەکرد و ترسی ئەوەی هەبوو نەوەکا کەسێکی دیکە دەست بۆ نێچیرەکەی بێنێ و بەشداری بکا. بەرەو بۆنی شەیداو خۆشی خوێن رای دەکرد. نێچیر - گۆشتی ئەسپ بوو. بۆنی ئارەقە و گۆشت ئەسپ کەللەی گورگەی وڕوکاس کردبوو. ئەم دڕندە لەسەرانسەری ژیانی خۆیدا شێ چوار جاران توانیبوی لەگەڵ گەلەگورکان پلە گۆشتێکی چەوری ئەسپی چنگ کەوێ. گورگ لە حاڵێکدا لیکی دەمە نیوەکراوەکەی دەرژاو رای دەکرد، ئەم گورگە لە هەناوە خاڵیەکەی خۆیدا هەستی بە قۆرەقۆری زگی دەکرد و لینگی دەدا. بەشێوەی سێبەرێکی تاریك لەناو تەمێکی خۆڵەمێشیدا لە باوەشی سەر لەسەحەران رای دەکرد. گورگە بە هەمو حیرس و ئارەزوێکی، کە هەڵمەتی راستەوخۆی بۆ سەر نێچیر هەبوو. بەفەرمانی غەریزە بەسەر ئەم حیرس و ئارەزوەدا سەرکەوت. لە دورەوە سووراوە و لەم کاتەدا حەپەساو وشك بوو - لە کەناری ئەسپە کەوتوەکەدا مرۆڤێکی دیت. ئەو مرۆڤە بەترسەوە کەمێ راستبۆوە. سوڵتان مراد بە خێرایی لێی راپەڕی و قاچی بە زەوی دادا و گوتی:

- ئاهای ئاهای!

گورگە گەڕاوە دواوە و کلکی شۆڕکردبوو بەناو هەردو پەلەکانی دواوەیـدا شـۆڕ ببـۆوە. بۆنی مەیلیەوە دورکەوتەوە. دەبوو دوورکەوێتەوە. لێرە مرۆڤ هەیە. مـرۆڤ ڕێگـری بـوو، کـە نێچـیرەکە ببێتە هی ئەو. گورگە پاش کەمێك پاشەکشە لە پڕ بەتوندی پێی چـەقاند و بـەدەنگێکی نادیـار و خەفەوە مڕاندی بەرەو لای ئەو گەڕاوە. چاوەکانی گورگەکە بە ترس و شەرانییەوە کسـکەی هـات و لە حاڵێکدا کەمێك سەری خۆی هێنابووە خوارێ و ددانەکانی نیشاندەدا و گڕی دەکردن و تورەببـوو لەسەرخۆ کەوتە نزیك بوونەوە. سوڵتان مراد بە دەنگێکی پڕ لە هەڕەشەکردنەوە وەستاندی و تـوانی لغاوکە لەسەری چابدار دەربێنێ. ئەو خێرا لغاو و جڵەوەکەی لوولدا و ئاسنی لغاوەکـەی بەسـەری جلەوەکەدا شۆرکردەوە. ئێستا ئاسنی لغاوەکە چەکی دەستی ئـەوبوو. گورگـە نزیکتربـۆوە و بـاڵی خۆی گیف و خۆی بە زەویەوە چەسپاند و وەك زەمبەلەی فشاردارو بەر لە هەڵبەزینەوە لـە جێگـای خۆیدا بێ جووڵە ما. سوڵتان مراد بـۆ یەکـەمین جار لـە ژیانیـدا بـە جـۆرێکی روون و ئاشـکراو هەستپێکراو گوێی لە تەپەی دڵی خۆی بوو. دڵـی ئـەو لـەناو سـینگی دا وەك کۆمەڵـە گلـۆبێکی فشاردراو هەستی پێدەکرا سوڵتان مراد واهاتەوە و لغاوەکەی بۆ وەشـاندنی زەبرێکـی کوشـندە بـۆ دواوە برد و چاوەڕێ ی هێرشی گورگە، کە بوو... .

گوندی. بایتیك مانگی مای ١٩٧٥.

روونکردنەوەیەك:

ناوی سەرەکیی ڕۆمانەکە بەزمانی عەرەبی (**کلنگهـای زودپـرواز**)ە. لـە وەرگێڕانـە کوردییەکەیدا بـۆ ئەوەی ناوێکی لە زەین نزیك بێت ناچاربووین واز لە دەستەواژەی (**زودپرواز**) بێنین کە واتای (**زوو هـەڵفڕین**) دێت و مەبەست لەو قورینگانەیە کە زووتر لەکاتی خۆی هەڵدەفڕن و کۆچ دەکەن. بۆیە بەڕاوێژ لەگـەڵ چـەند کەسێکدا هاتینە سەر ئەوەی ناوی کتێبەکە بکەینە **(قورینگە کۆچەرییەکان)**